جەلال ستاری

# ئانتۆنین ئارتۆ
# و
# شانۆی توندوتیژی

وەرگێڕانی لە فارسییەوە
پێشڕەو حسێن

سلێمانی / 2002

**سەرپەرشتیاری زنجیرە**
**ئازاد بەرزنجی**

**ناوی کتێب:** ئانتۆنین ئارتۆ وشانۆی توندوتیژی
**ناوی نووسەر:** جلال ستاری
**ناوی وەرگێڕ:** پێشڕەو حسێن
**بابەت:** لێکۆڵینەوە
**مۆنتاژ:** سەیران عەبدولرەحمان
**تیراژ:** 500 دانە
**ژمارەی سپاردن :** 227 ی 2002

**زنجیرە کتێبی گیرفانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم(20)**
**www.sardam.org**

ئانتۆنین ئـارتۆ لـە 4 ی سـێپتامبەر سـاڵی 1896 لەشاری مارسێ لەدایك دەبـێ و لـە 4 ی مارسـی ساڵی 1948 داكۆچی دوایی دەكات. بنەماڵەی دایكی ئارتۆ لە بازرگانـە بەناوبانگـەكانی یۆنـان بـوون و لەئـەزمیر ژیانیان دەگوزەراند. ئارتۆ لەسەردەمی منالێدا چـەند جارێك لەگەل خێزانەكەی چۆتە ئەزمیر و ماوەیـەك لەوشارە ژیاوە .

لەسـەردەمیی لاویـەتیدا چـەندین جـار لەشـێتخانەكان خسـتویانە و سەرتاسـەری تەمـەنی كورتـی، بەشـێكی لەسـەر تەختـەی شـانۆ و بەشـێكی تری لەشێتخانەكاندا تێپەریوە.

لەروانـەگی كۆمەڵگاكەیـەوە پیـاوێكی ئـەقل دۆڕاو پەرێشـانحاڵ بـوو، تـا لـەژیاندا بـوو لـە هیـچ یـەك لـەبوارەكانی شـانۆ، سـینەماو تەنانـەت لـەبواری ئەدەبیشـدا سـەركەوتنی بەدەسـت نـەهێناوە. لەسـینەمادا چـەند ڕۆڵێكـی گـەورەی بەرجەسـتەكردووە كـە یادەوەریـەكانیان داگـیركردوە

لەوانـــــە، ڕۆڵــــی ماســــیۆ(Massieu) لــــــەفیلمی (مردنـی ژانـدارک)ی بەرهـەمی کـارلْ درێیــەرو ڕۆڵــی مارا (Marat) لە فیلمی(ناپلیۆن ) ی بەرهـەمی، ئێبێـل گانس ( Abel Gance)، بەڵام لـەبواری شـانۆدا نـەیتوانی وەکــو ســـینەما بدرەوشـــێتەوە . لەگـــەلْ هـــەموو ئەمانەشـــدا پیـــاوێکی بـــێ ناونیشـــان نـــەبوو، لەکۆتایـــەکانی تەمەنیداکەهـــەمووی بەناخۆشـــیو هەژاریومەینــەتیو دژواری بردەســـەر، ناوبـــانگێکی مەزنی بەدەست هێنا. چیرۆکی ئەم مرۆڤـە، چیرۆکی پیاوێکـــە بوونـــی هـــەڵبژرادو بەنـــەمری مایـــەوە، لاشـــەکەی خـــۆی پەســـندنەکردو ڕۆژیکیـــش بـــۆی دەرکەوت، کەچی تر ناتوانیْ ووشـــەکانی هـەڵبژێرێت، وتبووی:(یان ڕەهام لەگەڵدایـە، یـاخود هیچـم لەگـەلْ نیـــە). ئـــەو بـــووە هـــاوڕێی ڕەهـــا، بـــەڵام نرخـــی چنگکەوتنی ڕەها، دێوانەیی بـوو، خەیالـە لێـوان لێـو لە وڕێنەکانی، ئەفسانە تێکەل وپێکەلـەکانی، گەڕانـە سەراسـیمەکانی بـەنێو گشـــت بوارەکـــاندا، هۆنـــراوەی سەیرو سەمەرەی، ئەندێشە گـەرمو سـوتێنەرەکانی... ئەمانـە ئاکـامی هـاوڕێتی بوولەگـەلْ ڕەهـا... پیـــاوێك بوو خوازیاری ڕەهاو ڕەهایەتی و دەیخوازی سـەرجەم پیوەندیەکان لە بەریـەك هەڵوەشـێنێتەوە تـا ئـەوەی

نــەیتوانیوە لــە نێــو پیشــینیانو هاوچەرخــەکانیدا بیدۆزێتەوە، لە نێوخۆیدا ئاشکرای بکات.

بـــاوەڕی بـــەروحو بـــەبوون هـــەبووە، وەکـــو پەیوەندیەکی نهێنی لە نێوان مرۆڤ و دەرونیدا، کە ئەوپەیوەندیـەی وەکـو بتێکـی شـکاو دەبینیـەوە، ئـەم باوەڕە ناوەرۆکی عیرفانی ئارتۆبوو . تاك ڕەوێکی پـڕ حەزو خواست بوو، بێ ئەوەی گوێبداتە بـەرژەوەندی گشـتی،بـیرو باوەڕەکـانی خـۆی تائەوپـەڕی ڕەهایـەتی پـــەرە پێـــدەدا و بەســـەرجەم توانایـــەوە هـــەموو هەوڵـەکانی لەمـەڕ تیۆریـەکانی خسـتە گـەڕو تـا لـە ژیـاندابوو بـەناکامی مایـەوە . ژیـانی لێوانلێوبـوو لـە شکست و نامورادیو سوکایەتیو تەنیایی، بـەڵام هـەر پاش مەرگیو چـەند سـاڵێك پێـش مـەرگی، ناوبـانگی جیـهانی پـەیدا کـردو ئەمـــەش ژیـــانی پرمەینـــەتیو نــەمری ڤــان کــوخ لــەنێو بیرەوەریــەکاندا بەرجەســتە دەکاتــەوە، ژان لویـی بـارۆ دەربـارەی ئـارتۆ وتەیـــەکی هەیە: "ئارتۆ، ڤان کوخی هۆنراوەی شانۆیە".

دەیخـوازی لەهـەموو کۆتوبـــەندەکانی دەســـەڵاتی باوباپیران، لەناچاری کۆمــەڵگا، لەپایـەبڵندی زانستو دابو نەریتەباوەکان، لەئەرکەکانی ژیانو لەتەسـکایی

جەستە خۆی رزگاربکات. ئەو لەکۆمەڵگایەکی کۆنەپارێزدا، پیاوێکی شۆرشگێرو نائارام بوو. ئارتۆ هەم بەرامبەر بە کۆمەڵگاکەی شۆرشی کرد هەم بەرامبەر بەجەستەی نەخۆشی خۆی.

باوەڕی بەجۆرێك مانویەت یاخود کاتاریزم(catharisme) هەبوو، باوەڕی بەدروست بوونی درزێك بوو، لەنێوان زەینو ویژداندا . هەم باوەڕی بە میتافیزیك هەبوو هەم رەخنەی لەئاین دەگرت. دەیخوازی شانۆێکی ئاینیو میتافیزیکی بنیات بنێ بەڵام لەناکاو جنێوی بەداروبەردی ئاینو میتافیزیك دەدا. هەم کوفری دەکردو هەم پیاوێکی ئیمانداربوو. ( ئەوەی باوەڕی هەبێت کوفردەکات نەوەکو ئەوەی بێ ئیمانە) . ڕۆژێك دەمی لەمەسیحیەت دەکوتاو ڕۆژێکی تریش دەیدایە بەرجنێو، سەردەمێکی درێژ لەتەك خودا کەوتە ململانێو ئەمە هەرگیز کۆتایی نەهات. لەڕاستیدا یەکەمجار بوزاییو کاسۆلیك و دواجاریش بوە دوژمنی دینو پێش ئەوەی بمرێت ماوەی پابەند بوونی ئاینی گەڕاندەوە بۆئەنجامی لاوازی جەستەو دەرونی خۆی. لەگەل هەموو ئەمانشدا دەتوانین بڵێین خودایەکی هەبوو جیاواز لەو خوداوەندەی نێو کتێبە

پیرۆزەکانوئیمـــــانێکی جیــــاواز لەوڕێنمایانـــــەی پەیامبەرانوچوارچێوە نوسراوەکان باسی دەکەن.

ئەمـە پارچـە هۆنراوەێکـی ئارتۆیــە کەگوزارشـت لەباوەڕی دەکات:

**((زنجیری پەیوەندی، عەشقە**

**ئەوی جودایی دەخاتەوە، حەزی سێکسی.**

**بەتەنها، ئەو ژن ومێردەی کەدەتوانن لەپشت**

**ئاوێتەبوونی سێکسیەوە ئاوێتەبن**

**بەتوانا وبەهێزن.**

**حەزی بێ عیشق کارێکی تاریکە**

**بەو حەزە**

**تاریکی لەنێوڕوناکی ژیاندا پەرەپێدەدەین)).**

زۆر خـێرا هـەڵدەچوو، بەتەنـها ووشـەیەك قـالس دەبوو، دەگەڕا بۆئەوەی لەتەك سـەردەمەکەیدا خـۆی یــەکلایی بکاتــەوە. بێڕەحمــی بەریئانــەی منـــاڵانی هەبووکەبێ پەروا حەقیقەت ئاشکرادەکەن. دەیگووت لـەنێو ئەفســانەدا دەژی نــەوەکو لەگـەڵ ئەفسـانەدا، ڕۆڵی ئـەوەی دەبینـــی کەئەکتــەری کەسـایەتی خـۆی بێـت، کەواتــە دەتوانـــین بڵــین نامۆڵــە کۆمــەڵگاو لەپــــەراوێزی ســـەردەمی خۆیـــدا ژیـــا، هەرچـــەندە

ماوەیەك هاوكاری شارڵ دۆلین_(Ch.Dullin_1885_1949. ئەكتەرو دەرهێنەری بەناوبانگی فەرەنسا )ی بوو ماوەیەكیش یەكێك بوو لەرابەرانی بزوتنەوەی سیریالیزم، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، جەنگی دووەمی جیهانیودەنگی چەكمەی رەشی سەربازە نازییەكان لەسەر شەقامەكانی پاریسودواجاریش ڕزگاربوونی وولاَت، بۆپیاوێكی مەینەت دیدەو دەروانگەرای وەكو ئارتۆ كەلەودەمانەدا لە شێتخانەیەكەوە بارگەی دەبردە شێتخانەیەكی تر، چ مانایەكینەبوو.

یەكێك لەدوانووسینەكانی ئارتۆ كەماوەیەك پێش مردنی نووسیوبەوتەی ئاندرێ بریتۆن(A.breton) شاكارێكی مەزنە. (vanCoghoulesuicided societe)، دەقێكە دەربارەی ڤانكوخ. ئارتۆ لەوكتێبەدا بەگیانودڵ خۆی بەبرای ئەو هونەرمەندە دەزانێ كەلەو پەڕی پەرێشانی دەرونیدا، كۆمەڵگاكەی ناچار بەخۆ كوشتنی كرد، كوژراوی دەستی پەرێشان حالی كۆمەڵگایە.

ئارتۆ بەتەنها لەمەڕشانۆتیۆری دانەرشتووە، بەڵكو شاعیرو ئەكتەری شانۆوسینەماووێنەكێشودەرهێنەریش بوو. بەلاَم

لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە كەبۆچی لەسەرتاسەری جیـهاندا كـەباس لـە ئـارتۆ دەكرێـت تەنـها زەمینـــەی باسەكە شانۆ دەگرێتەوە؟

لەبەرئـەوەی شـانۆ بـۆ ئـارتۆ كـە جگـە لەووشـــەو دەق یـەعنی شـیعر، مانایـەكی فراوانــتر لــەخۆدەگرێ شانۆی ئارتۆمۆسیقاوسـەماوڕەخنەگرتنە لەپەیكـەری گیـــــانو كاملـــترین هونــــەرە. هەرلەبەرئەمــــە شـــانۆدەروازەی بوونـــی ئارتۆیەوڕۆچنێكــە بـــەڕوی جیهاندائاوەڵای كردوە.

دەقـــــەكانی ئـــــارتۆ، زیــــاتر لەبەرهــــەمی هەرنووسـەرێكی تــر پــەیوەندیان بــەژیانی خۆیــەوە هەیەولەئاكامیتێپەربوونی ژیانیەوە هاتونەتـەبوون. تائەورادەیـــەی كەرەخنـــەگران دەلێـــن شـــاكارەكەی، هاوسـەنگینێوان ژیانوبەرهەموتیۆریەكانیـەتی. لــەم روەوە شــــــــانۆبۆ ئــــــــارتۆ داخوازییـــــــــەكی هەنوكەییوپێداویســـتیەكی گرنگـــە، لەبەرئـــەوەی شانۆژیانی نمایش دەكات. ئارتۆ بەشێوەیەكی ڕەمەكی دڵـی دەداتەدەسـت هونـەری نمــایشو وەكــو دەرونــی خـــــــــۆی دەیكاتـــــــــــە پانتـــــــــــایی ململانێوناكۆكیەهەمێشـــەییەكانیو، لەبەرئـــەوەی

بنـــەڕەتی ئـــەو هونـــەرە تـــەرحی دژایـــەتیو ناکۆکیەکانەپشتی پێ دەبەستێوبەئومێدی کۆتـایی هێنان بە کێشـمە کێشـە دەرونیـەکانیو لـەچوارچێوە خســتنی نائارامیـــەکانی، لـــەدرامێکی دەرەکـــیدا، ڕووڵەهونـــەری شـــانۆدەکاتو بـــەئومێدی ڕزگـــاری هــەتایی ئــەو هونــەرە هــەڵدەبژێرێت. بــەڵام ئــەو ململانێ دەرونیانە، هێـدی هێدی لەشـێوەی دژایـەتی دەرونیەوە دەبنە کێشمە کێشـی نێـوان ئـارتۆی پـاكو هێزە شەڕانگێزەکان کەلەدەرەوە هێرشدەکەنەسـەری. ئـــــــەو کـــــــات، دژایـــــــەتیوناکۆکی روخسارێکی(میتافیزیکی)لـەخۆدەگرێ. دواجـار ئـارتۆ واز لەشانۆدێنێ، دەگەڕێتەوە نێوخۆیو لـەنێوخۆیدا ڕۆدەچێودەتلێتەوەوڕاسـتەوخۆ بـەبێ پشـت بەسـتن بـە میتـافیزیك، بـاس لەنەخۆشـیەکەی دەکـات کـە ئاوێنەی نەخۆشیولەخۆبێگانەبوونی کۆمەڵگایە. یان دەتوانــین بڵێــین شـانۆ لەجیـهانی دەرونـی خۆیـدا بـەرپادەکات. هـەروەها بـەباوەڕی ئـارتۆ، هونـەری نمـایش هۆکـارێکی پێویسـتە لەمەڕدروسـت کردنـی پـــــــەیوەندیوداروخاندنی دیوارەکـــــــانی تەنیاییونەخۆشـــیوئومێدێکە بۆئـــەوەی دیـــتران بتناسـنولەنێو خۆیـاندا جێگــەت بکەنــەوە. کەواتــە

شانۆ ئه و چەمکەیەکە ئارتۆ بەیارمەتی ئـەو چەمکـە دەتوانـێ هـەم سـود لەدەوڵەمـەندی دەرونـی خـۆی وەربگرێوهـەم لەگـەڵ دیـتران پـەیوەندی دروسـت بکات.ئایا گرنگی پەیوەست بـوون بـە دیـتران هـەمان ڕوخسـاری قبـوڵ کردنوپەسـند کـردن لەلایـەن کۆمەڵـەوە دەگەیـەنێ، بـەڵام ئـەم پێویسـتیە لـەلای ئـارتۆ ماناکـەی ئەوەیـە کەلەلایەکـەوە وەکـو یـەکێك لـەوان بێولەلایـەکی تریشـەوە وەکـو ئـارتۆێك بـێ بەڕەفتارو خوی تایبەتیوجیاواز لەوان. بەم شێوەیە هـەم پەسـەنکراودەبێو هـەم جیـاواز. هـەر لەبەرئەمەشـە کـە گرنگی ئامـادەبوونی شـانۆ خـۆی دووپـات دەکاتـەوە لەبەرئـەوەی دەتوانـێ ئـەم نیـازە بهێنێتـەدی، بـەو مانایـەی گـەر ئـارتۆ ڕۆل ببیـنێ، بینـەر دەیبینێودەیناسـێتەوەوقبولێ دەکـات. لەئـەنجامدا دەتوانـین بلێـین شـانۆ هۆکارێکـە بـۆ کاریگـەری خستنەسـەر جیـهانوخوڵقاندنی مرۆڤـی نوێ. ڕۆلێکی دەرمانکەرو دووبارە خوڵقێنەری هەیە.

شانۆ هەم شیفا بەخشەوهە م بوون ناس. لە قامووسی ئارتۆدا، هونەری شانۆ هاوتـای دووبـارە بنیاتنانـەوەی مرۆڤوجیهانەوهەولێکـە لەپەسـتێوی تـەنگی

خودناسیدا ڕاڤەدەبێ.ئارتۆ جگە لەساڵەکانی 1913 تا 1920 کەدەستیدایە شیعر نووسین، ئەو دوای تەمەنی، ئارتۆلەتەك شانۆدادەژیوپاش دەساڵ لەشکستی دەقەکەی(-Les Cenci-) کە یاخود لەسەفەردا بوو یان لەشێتخانە، دەگاتە ئەو ئەنجامەی ئەو شتەی دەیەوێت لەڕێگەی شانۆوە بەرجەستەی بکات دەستەبەر نابێت، بۆئەوەی (درامێکی ڕاستەقینە) خوڵقێنێ ڕوولەمەکزیك دەکات.

وەکو ئاماژەمان پێکرد، ئەو ناکۆکیە دەرونیە دەبێتە هۆی ئەوەی ئارتۆ جیهان بەسەر دوو جەمسەرولایەندا بەش بکاتوبەچاوی ناکۆکی دوودژ لەجیهان وردەبێتەوە.

ئارتۆ دەیخوازی هەڵسوکەوتوڕەفتاری ژیانی خۆی وەکو شانۆیەك ئەنجام بداتوخودی خۆی لەژیانوهەڵسوکەوتی دەرەوەیدا ڕۆلی دەبینیوحالەتێکی شانۆیی دەبەخشیە کرداروکاردانەوەکانیوخۆی نمایش دەکرد.

سەرئەنجام بەهۆی شکست هێنانی لەسەرجەم هەوڵە شانۆیەکانیدا، شانۆ دەباتە نێو خودی خۆیو وەکو ژان لویبارۆ دەڵی دەبێتە(مرۆڤ-شانۆ )یاخود ئارتۆ دەبێتە سەرچاوەی شانۆو لەنێو خودی ئارتۆدا

شـانۆ دەردەكـەوێ، ئــەم ئەزمونــە ئاســتەموئالۆزە لـەكۆتايی ڕێگەيــەكی درێــژدا دەبێتــە هــۆی دێوانــە بوونی كە ئــەنجامی ڕەهـای خواسـتنی مەحاڵە. پـاش ئــەوەی دەســت لەشانۆدەشــوات‌ودەڵێ دەبــێ ئــەركی گۆرینـی مرۆڤ‌وجیـهان لەپانتاییـەكی تـردا بەئـەنجام بگەیــەنێ، ئــەو كاتــە مــرگ دێت‌وبــوار بــۆ ئــەم ئەندێشەیە تەسك‌وتاریك دەكاتەوە. چـیرۆكی ئـارتۆو هونەری شانۆ هەمان چیرۆكی سیزف‌وبەردەكەیەتی.

لـێرەوە هـەنگاو بەهــەنگاودوای ئـارتۆ دەكـەوین تابزانین ئەو ڕێگا قورس‌وریخەلآنەی چۆن بڕیوە:

ئەو كاتەی سـاڵی 1920 چـووە پـاریس، بەتایبـەتی بـۆ كـاری شـانۆ بـوو. لـەوێ دەرهێنــەری گــەورەی هونــــەری شــــــانۆ-(Aurelien Lagne-Poe) ی ئەكتەروبەڕێوبــەری شــــانۆولەبنیاتنەرانی شـــانۆی نــوێ(-1869-1940)ی ناسی‌وستایشــی كردوهەرئــەویش ئارتۆی بەشارلۆ دۆڵن ناساندوئەم ئاشنایەتیە دواجـار بووە حەزێكی زۆرو لەستۆدیۆكەی شارلۆ، هەم وانــەی ئەكتــەریی خوێنــدو هــەم ڕۆلی بینـــی (چالاكیــە گشـتیەكانی لـەبواری شـانۆدا لەسـاڵی 1920ەوەتـا1930 درێژەی كێشا). ئــەوەی لـە جـۆری كـاركردنی دۆڵن دا

ئارتۆی بەرەو خۆی بـەکێش دەکـرد، ڕەت کردنـەوەی یاسا کۆنــەکانی شـانۆو نوانــدنو گرینگــی دان بـوو بەدەرهێنانو جۆرێك جازیبـەی شـانۆی ڕۆژهـەڵاتیو پاکردنەوەی پانتایی شانۆبوولەچەمکە ئەقڵانیەکانو ووشەبێگیانوخوێنەکان. بەڵام دۆڵـن ڕوی لـەجۆرێك (ناتۆرالیزم)کردبوو کە ئـارتۆ ئـەوەی بـەو پـەڕی بـێ نرخیودابـەزینی پلـەی هونـــەر دەزانیوخوازیـــاری هەلگێڕانەوەی ژیانی مرۆڤوجیهان بوو. لە ئەنجام دا پەیوەندیـــەکانی ئــەو دوانــە دەپچڕێتوئارتۆدەســت دەکات بەخراپە ووتنووتەنانەت جنێودان بــە دۆڵـن. پاشان ئارتۆ بە هاوکاریی هاورێکانی لە ساڵی 1926 دا، شـانۆ ی ئـالفرێدژاری( Jarry Alfred ) دامـەزراند. بـۆ ئـەوەی ئەندێشـەکانی لـە بـواری شــانۆدا بەرجەســتە بکاتو بــۆ رون کردنــەوەی ڕاکــانی لــە مــەڕ شــانۆ، لەساڵی -1930- تا -1933 - چەند وتارێکی نوسیو دواتر لــە ســاڵی 1938 داولـــە چوارچێـــوەی کتێبێـــك دا بەناونیشانی ( شانۆو هاوتاکـەی) کەبـەبۆتیقای شـانۆ دەژمـێردرێتو لـە مـەڕ شـانۆ هــەمان بەهاوبایــەخی مانیفێستەکانی ئاندرێ برێتۆنی بۆسـیریالیزم هەیـە، بڵاوکرایەوە.

ئـارتۆ دەیـووت: شـــانۆی هاوچـەرخ، شـانۆی خـۆ ســـەرگەرم کردن‌وپێکنینـــە، کەواتـــە شــــانۆیەکی ناکاریگرەودەروناسیو ریالیزم‌و مەنتیقی‌و وشـك‌وبێ گیان بونەتە هۆی مردنی، هەر بۆیە ڕێناباتەوە سـەر جیهانی خـەون‌و شـیعر. ئارتۆشـانۆیەکی پێچەوانـەی ئــەوەی دەوێــت. دەبـێ جیــاوازیو نـــاکۆکی نێـــوان ژیان‌وشـانۆ هـەڵبگیرێت. شــانۆ گەمەنیـە (واقیعێکـی حەقیقیـە)، ژیانـە،درێـژەی ژیانـە، ئـاوازی زیندەگـی‌و سـەرچاوەی مانــای ڕاســتەقینەو ئــاڵۆزوقوڵی ژیانــە. شـانۆ دەبـێ خـاوەنی هـێزێکی کاریگەروگەیەنــەربێ‌و وەکو پـەتا بگوێزرێتـەوە. لـە کـاری نمـایش دا ئـــەوی گرینگـە واقیعـی بـوون یـاخوود واقیعـی نـــەبوونی نمـــایش نیـــە، بـــەڵکو ئـــەوی گرنـگ‌وبنەڕەتیـــە، دەسەلات‌وهێزی واقیعی بوونی نمایشە. کەواتە شـانۆ، کردارە. لێرەدا مەبەستمان لاسـایی کردنـەوەی ژیـان‌و لێکچواندن‌وجـوان کردنـی ژیان‌ونمـایش کردنـی نیــە، بـــەڵکو مەبەســـت، وروژاندنی‌ســـۆزداری واقیعــــە. شـانوهیچ کـات لاسـایی کردنەوەووینــەی ژیــان نیــە، کرداریکی ئەفسونی وجادوییە . شانویەکی لەم جورە بینـەر ناکاتە مروڤێکی هەڵچوو، لەبەرئـەوەی شـانوی

ئارتۆ تەنها پەیوەندی بەچاووهۆشی مرۆڤەوە نیە، بەڵکوئالۆدەی سەرجەم بوونی دەبێ. کەواتە چەمکی ئەکتەر کەلای دیدرۆت ( Diderot )ەم خودی خۆیەتیو هەم کەسێکی تر، بۆئارتۆ هیچ مانایەکی نیە. لە بەر ئەوە لە ڕوانگەی ئەکتەری شانۆی ئارتۆ دا، پانتای نواندنو پانتای ژیان پەیوەندیان بەیەکەوە هەیەو کاری شانۆ یاخود نواندن لە سەرتەختەی شانۆوکرداری واقیعیو واقیعی ژیان هەر دوو یەك شتن. بینەر لای نەشتەرگەروپزیشکی ددان چ هەستێکی هەیە لەو شانۆیەشدا هەمان هەستی هەیە. بەواتایەکی تر لەم شانۆیەدا هاواردەکات، لێی دەدرێت، بەئاگا دێتەوە، هەراسان دەکرێت، لە بەرئەوەی ئەم شانۆیە جەخت لەسەر بیروباوەڕەکانی ناکاتەوەو جیاوازیی ناکات لە نێوان ئەکتەرو بینەردا لە ئەنجامی ئەمەشدائەکتەرو بینەر، هەردوو دەگۆڕێنو بەجۆرێکی تر لەو شانۆیە دێنەدەرێ، لەبەرئەوەی کرداری نمایش ئەوان دەکاتە مرۆڤێکی نوێ. شانۆی ئارتۆ وەکو کۆتایی هێنانە بە شانۆیەکی بێ ئامانج، لە بەرئەوەی خوازیاری هەلچونێکی مەبەست دارە. نابێ نمایش لە دوی جوانکارییو هەماهەنگی بگەڕێ، گرنگی شانۆ

بەتەنــها کاریگــەریوتوانای شــانۆیە بۆجولآندنـــی مـرۆڤ. چۆنایەتیوجوانناسـی، گرنـگ نیـە، هەراسـان کردنـی مـرۆڤ گرنگـە. لـەمڕووەوەنابێ شـانۆ کــارێکی ئامێریو دووبارە بەرهەم بهێنێ. هەر نمایشێك دەبێ وەکو روداوێك تەماشا بکرێتودەبێ هەستێك بێنێتە ئـاراوە، بـەجۆرێك کـە ئـەو ئەندێشـەیە لـە بینــەردا ببزوێ کەگەر ئەو نمایشەی نەبینایا، شـتێکی گرنگـی لە دەست دەدا کە پەیوەندی بە بونیەوە هەبوو. بـەم جـــۆرە شــــانۆ پێویســـتی ئامـــادە بوونـــی خــــۆی دەدۆزێتـەوە: ئـەویش بەشـێوەی کۆمـەلێك روداو کـە زۆر حەقیقیو ورد لە چوارچێوەی کاتو لـە پانتـایی شـوێندا جێگـەی خۆیـان کردۆتـەوە، نــەوەکو زنجـیرە ووتارێك کە هەموو شەوێك دووبـارە دەبنـەوە بـەڵکو وەکـو ڕەفتـاروکردارێکی یەکتاوپێشـبینی نـەکراو کـە یەکجار خۆیان نمایش دەکەن.

بـەلآم لەگـەلْ هـەموو ئەمانەشـدا، هێڵـی تــەواوی شانۆ هاوتای ژیانیش نیـە،نەتەنـها لـە بەرئـەوەی کـە شـانۆ لێکچـووی ژیانـە، بـەڵکو لـەو ڕووەوە کـە باشــترو زیـاترە لـە واقیعـی ژیـان، بـە ڕێژەیـەك کـە رەوتێکـی ئیلهام بەخشەو دۆزەرەوەی نهینیەکانی ژیانە.

کەواتە ئەرکی بنـەڕەتی شـانۆ، دەوڵەمـەندکردنی درك و فامی ئێمەیە لەمـەڕ ژیـان، لـە ڕێگـەی ئاشـکرا کردنی مانایەکەوە کە تا ئەو کات لە ژیانماندا شاراوە بـوەو، بـێ دەمـامك کردنــی بەشــێکی نــهێنی لــە بوونمانداو ئاشکرا کردنی ڕەهــەند و مـەودا نادیـار و لە بەرچاو نـەگیراوەکانی مرۆڤایەتیـە. کەواتـە شـانۆ، هەم دەبێ هۆشـیاریی و ئاگـایی زینـدو بکاتـەوە هـەم نەســت بوروژێنــێ. شــانۆ لــە ڕاســتیدا، وەکــو کردارێکیسـیحرئامێزو هـەوڵێکی عیرفانیـە کـە بـە یارمەتی ئەو، بەشێکی گرنگی پانتـایی ڕۆح و ئاگـایی مرۆڤ بەجۆرێکی لێبڕاوانە دەکەوێتە بەر هەڵمـەتی چاکســازیی و دواتریــش دەپــارێزرێ، یــاخود بەپێچەوانــەوە دەبێتــە هۆیوێـران کردنــی. دەبــێ لەسەر تەختەی شـانۆ، هەمـەگیری مـرۆڤو سـەرجەم ئەندێشەکانی ئاوەڵابن و لە پشت جوڵە ئاشکراکانەوە، بنەڕەتی نەسـت و هەڵسوکەوتی مـرۆڤ، دەربخرێـت. دەبێ نمایش وەکو ئاماژەی ئاشکرا زمانێکی غـەیبی و نهێنی پێکبهێنێ. بەڵام ئەمە بەو مانایەنیە کە دەبێ نمایشـێکی لــەوجۆرە وەکــو روئیــا، لێکبدرێتــەوە. بەپێچەوانــەوە، لەبەرئــەوەی نەسـتی مـرۆڤ لــەو شـانۆیەدا بـە شـێوەی هێمـا ڕاڤـە نـابێت؛ بـەڵکو

بەئاشـكرا سـەردەردێنێ و خـۆی دەردەخـاتو لەتــەك هۆكارەكـانی تـری پانتـایی شـانۆدا دەگــوزەرێ؛ دەبــێ هەموو شتێك شەفافو ڕون پێشكەش بكرێت و هیــچ شـتێكی نمایشـەكە و مانایـەك حەشـار نـەدرێت. ئـەم شــانۆیە، دژی شــانۆی هێمــا گەریـــەتی و شــانۆی دەروونناســانەو دژی ڕوخســارە باوەكــانی جیــهانی ڕیالیزمە. دەبێلەسەر پانتایی شانۆ زۆر بەڕونی درك بەنەستی ڕوداو بكرێت، بە تەنها ئەو كاتە ڕوخسـاری ڕاسـتەقینەی نەسـت لەتـەك كـردارە نـا باوەكـانی كەسەكاندا تەبا دەبێ.

هـەموو نمایشـێك دەبـێ لایــەنێكی نامــەعقولی مرۆڤێـك (هـەموومرۆڤێك گەلێلایــەنی نامــەعقولی هەیـە ( ئاشـكرا بكـات ( بـەڵام ئەمـە بـەو مانایەنایـە كـەدەبێ شــانۆیەكی نامــەعقول بخوڵقێنێــت ( لــە بەرئەوە نا مەعقولیەت بەشێكە لـە بوونـی مـرۆڤ و نـابێ لـە بـەر چـاو نـەگیرێت. هـەر لـەو ڕێگەیـەوە دەتوانـین پەڕاگـەندەیی تـان و پـوێ بونـی مـرۆڤ و ڕەفتارەكانی ئاشكرا بكەین. بەمشێوەیە شانۆ دەبێتـە هۆكارێك لەمەڕ ناسینی تـەواوتری مـرۆڤ و هاوكـات دەبێتە دەستۆكی ڕزگاربوونی. لەمڕووەوە شانۆ دەبێتە

کردارێکــی ئامـــادەی رۆژانـــەو جیـــاواز لـــەرۆژانی پێشـووترو هەمیشـە لەتـەك هــەمو غــەمی مــرۆڤو هەستو نیگەرانیــەکانی مرۆڤـی حـاڵی حـازردا خـۆی دەبینێتـەوە؛ ئــەم چەمکــە لەروانگــەی ئــارتۆوە زۆر گرنگـەو (شــانۆی تــورە جــەختی لەســەر دەکاتــەوە؛ هەربۆیە خودی ئەو چەمکە یاسایکە لەپشت مێـژوو لەسـەرو مێـژووەوە، لەبـەر ئـەوە دەرخــەری شــتێکی جێگـــیرە لــــەبارودۆخی مرۆڤــــدا کــــە ئــــەویش سـنورداریەتیو چڕبوونەوەیــە بــەهۆی لــەخۆ نــامۆ بوونیەوە. شانۆ ئامادەیەو کردارێکی ئامادەیە لەبـەر ئـەوەی بنـەڕەتی لـەخۆ نـامۆ بــوون ئاشـکرا دەکـات، بـەڵام بۆگەیشـتن بـەو مەبەسـتە، هــەرگیز پێویسـت بەگەڕانەوە ناکات بۆ رووداوەکانی رۆژ، لەبـەر ئـەوەی گـەلێك کـارو بەرهـەم لـەئارادان کەخواسـتی ئــازادیو رزگــاری بــەردەوام لــەنێوانیاندا نەخشــاوەو ئــەو بەرهەمانە نەمرو هەمیشەیین.

ئــــارتۆ لەشــــیکردنەوە هونــــەریو لێکدانــــەوە شانۆییەکانیدا، پشت بەگـەورە شـانۆکارانی سـەردەمی ئەلیزابێسـیو چیخـۆفو سـترێندبێرگو ئۆبـۆ (uba)ی ئـالفرێدژاری دەبەســتێو قایلــە بــەوەی کەوتۆتــە ژێرکاریگـەری ئەوانـەوە، کـە لــەو رێگایــەدا پێشــڕەو

بـوون؛ كەواتـە لـەو ئاراسـتەدا خوازيـاری چاكسـازی شـانۆیە لـەچوارچێوەی رۆشـنبیری رۆژ ئـاواداو نایـەوێت خـۆی لـەو كلتـووره دابـبڕێت یـاخود لـێ هەڵبگەڕێتەوە.

شـایانی ئامـاژە بـۆ كردنـە كەشـانۆی ژاری، لەراسـتیدا شـانۆیەكی سـیریالییەو رۆڵـی نەسـتو پەیوەندی لێك دانەبڕاوی نێوان شانۆو واقیعی ژیانی هونەرمـەندو كاریگـەری شـانۆ لەسـەر بینـەرو بـەجۆرێك رزگـاریی‌و فوتـاربوون لـەنمایش روانـین كەهـەموو ئەمانـە لەشـانۆكەی ئـارتۆدا جـەختیان لەسـەر دەكرێتـەوە هـەموویان لەگـەڵ ئامانجـەكانی بزوتنەوەی سیریالیزمیدا تەباوكۆكن، لـێرەدا جێگـەی خۆیەتی بـەم بۆنەیـەوە لەسـەر چۆنیـەتی پەیوەسـت بوونـی ئـارتۆ بـەو بزووتنەوەیـە قسـە بكـەین‌و دەربـارەی شـانۆی ژاری ئاگاییـەكی مێژوویـی دەخەمەسـەر ئـەوەی تێپـەڕیوە، لـە سـاڵی 1927 دا یەكەمین شانۆی ئالفرێدژاری نمایش كـراو دوانمـایش لەسـاڵی 1929 دا بـوو، دواجـار ئـەو شـانۆیە بـەهۆی گیروگرفتی ئابووریەوە بۆ هەمیشە كلۆمدرا.

ئارتۆ لەکۆتاییــەکانی سـاڵی 1924 تـا 1926، یـەکێك بـوو لـە رابــەرانی بزووتنــەوەی ســیریالیزمی، بــەڵام لەبـەر ئاراسـتە بوونـی ئـاندرێ بریتـۆن‌و هاورێکــانی بەرەو مارکســیزم‌و پــارتی کۆمۆنیسـتی فەرەنسـا، لـەو بزووتنەوەیە جیابوەوە (لەسـاڵی 1946 دا جیـابوەوە)و سیریالیزمی بە بزووتنەوەیەکی بێ ئاکام لەقەڵەم داو ڕایگـەیاند کەئــەو بزووتنەوەیــە تەنــها لەزەمینــەی وێژەدا کاریگەری بەجێهێشتوە. ئــارتۆ لـەچوارچێوەی سریالیزمدا سیریالیەك بوو کەنەیتوانی وەکـو ئـەوەی خـۆی دەیـەوێت، لـەنیو سـیریالیزمدا، خـۆی بەتەنـها شۆڕش بەرپا بکات، بەباوەڕی ئارتۆبەڕەسمی ناسینی شۆڕشـی مارکسیسـتی‌و پـارتی کۆمۆنیســتی فەرەنســا، لەلایــەن ســیریالیەکانەوە، لــەخۆیدا ڕەتکردنــەوەی شۆڕشـی ســیریالیزمیە. ئــارتۆ خوازیــاری شۆڕشــێکی بـەتواناترو قوڵـتر بـوو لـە شۆڕشـی مارکسیسـتی. ئـەو شۆڕشــەی مەبەســتی ئارتۆیــە، شــۆڕش‌و هەراســانی ڕۆحیە نەوەکو کۆمەڵایەتی ، هەرلەبەر ئەمەش وازی لەسیریالیزم هێنا.

لەڕاستیدا ئارتۆ دەیخواسـت شـانۆ لەسـەر هـەموو پانتایی بــەرفراوانی ژیـان کاریگـەری خـۆی راڤـەبکات کەواتــە ئــــەو کاتــــە ناتوانــــێ لەگــــەڵ هــــەوڵێکی

سیاسی‌لەمەڕمل کـــەچکردنی شـانۆ بـۆ پاشـکۆیەتی ئامانجـە کۆمەڵایـەتی‌و شۆڕشـگێڕانەکان، تـەباو کـۆك بێت، لێرەدا ئاماژە بەوە دەکـەم کـەخودی ئـارتۆ دژی سیستمی سەرمایەداری بوو بەڵام دژی شۆڕش نـەبوو، ئـەو شۆرشـەی کـە لەرێگـەی کۆبوونـــەوەی خەڵکـەوە بـەبێ تونـدو تیـــژی بـــەرپادەبێ، هاوکـــات لەگـــەڵ ئەمانـەدا ئـارتۆ دژی شـانۆی سیاسـی بـوو بـــەڵام دژی سیاســەت نـــەبوو، شـــانۆی شۆڕشـــگێڕانەی بەباشـــتر دەزانـی لـــەو شـانۆیەی کەخواســتو داواکـاری مافـە کۆمەڵایەتیـەکان دەســتەبەردەکات، لـەوباوەڕەدا بـوو لەمـەڕ پاککردنـەوەی مـرۆڤ‌و دوبـــارە بنیاتنانـــەوەی مرۆڤـی نـوی، دەبـێ، سـەرەتاناپاکیەکان بشـــۆرێنەوەو دواجـار زۆربـێ رەحمانــە ســەرجەم پاســـەوانەکانی ناپاکی کە میکرۆبەکانی ئیمان‌و کلتوری خێڵ‌و داب‌و نــــــەریتی باپــــــیران‌و مــــــەرامی دامــــــەزراوە کۆمەلایەتیـــەکانن، تێـك بشـکێنرێن، تەنانــەت لـــەو بـــاوەڕەدا بـــوو کەبنیاتنانـــەوەی جەســـتەی مـــرۆڤ‌و خولقاندنی جەستەیێکی نوێ‌و پاك، پێویسـتی بـەتێك شـکاندنی جەســتەی لاوازو پـــڕ ئـــازارو مەینـــەتبارو تاریکی حاڵی حازرمان هەیە.

مـەرجی سـەرەکی بەئـەنجام گەیشتنی شوڕشـێکی رەسـەن، وێرانکردنـــی سـەرجەم ئـەو سـەرچاوانەیە کەلەبــەردەم بــەرپاکردنی شوڕشــدا رێگــرن. لەگــەڵ ئەمەشـدا، شۆڕشـی رەسـەن تەنـها کۆمەلایـەتی نییـە، بــەڵکو هــەموو بوارێــك دەگرێتــەوە، بــەو مانایـــەی کەســـەرجەم بـــوون لـــەخۆ دەگرێـــت: شۆڕشــــێکی جەســـتەیی‌و زەینـــی‌و دەروونـــی‌و رۆحیـــە، کەواتـــە ئاسـاییە کـەئارتۆ دژی شۆڕشـی سیاسـی بـــووە لەبــەر ئەوەی ئەوشۆڕشەی  بـەکارێکی کـەم‌و کـوڕو فریـودەر لەقەڵەم دەدا.

ئێســتا دەگەرێینــەوە سەرباســە ســەرەکیەکەی خۆمـان لەســەر چۆنیــەتی پەیوەســت بوونــی ئــارتۆ بەبزاڤی سیریالیزمەوە.

لــەچوارچێوەی قســەکردن لەســـەر بیروبـــاوەڕە سیاسیەکانی ئارتۆ   بۆمـان رون دەبێتـەوە کەلـەنێوان باوەڕەکـــانی ئـــارتۆو ســـیریالیزمدا روخســـار گــــەلی هاوبەش لەئارادایە، ئەو روخسارە هاوبەشانە بریتین لە: نەفرەت کردن لەکۆمەڵگەی بەڵێندارو دەســتکردو ترسنۆك، خواســتی ئـاوەژوو کردنـی مـرۆڤ‌و جیـهان، بێزاری لە ئەدەبی خۆش گوزەرانی  کەدەبێتـە مایـەی سـەرگەرم کردنـی مـرۆڤ‌و لەخشـتە بردنـی، ئـارەزوو

مـــەند بونـــی رۆژ هـــەڵاتی، ئـــەو ســـەرزەمینەی کەرۆحیـــەتی نوێـــی ژیـــان بەرجەســـــتەدەکات، دورکەوتنـــەوە لـــەهزر مـــەندی زیـــادەڕۆی رۆژئـــاوا، نەفرەت کردن لە سانسۆری ئەقڵ و ئەخلاق و هونەرو ئەدەب. بەڵام هاوکات ئارتۆ زۆر لەسیریالیەکان زیـاتر جەخت لەسەر سەرجەم ئەو خاڵانە دەکاتـەوە، ئـارتۆ خوازیـاری شۆرشـێکی رەهـا بـوو نـەوەکو شۆڕشـێکی مـادیو کۆمەڵایـەتی، لـەدیدگای ئـەودا، گۆڕانکـاریی یـاخود شۆڕشـی دەرونـی بایـەخی هەیـەو وەکـو ئـەو شۆڕشـەی کەئاینـە پـڕ نهێنیـەکانو بزاڤـە عیرفـانیو میتافیزیکیـەکانی قێبـالا بـەرپای دەکـەنو دەریچـە داخراوەکانی رۆحو زەین ئاوەڵادەکەن، ئـارتۆ شۆڕشـی تـــوڕەی ســـیریالیزمی بەســـەر زانـــایی گۆشـــەگیرو خنکێنـەردا پەسـەند کـردو چـوە نێـو ریزەکانیـەوە، بـەڵام دواجـار بـێزارو مـــاندوو گەڕایـــەوە ســـوچی گۆشەگیرییەکەی خۆی.

★ ★ ★

ئێسـتاکە پـاش ئـەو باسـە کورتـەی سـەرەوە دەگەینـەوە سـەر رونکردنـەوەکانی ئـارتۆ دەربـارەی

ڕێگــاو شــێوازەکانی شــانۆی ئــالفرێد ژاریــــو شێکردنەوەی تێۆری (شانۆی بێڕەحم- شانۆی تـوڕە (cruaute) کەلــەکتێبی (شــانۆو هاوتاکــەی) ئــارتۆدا هاتووە.

ئـەو شـانۆیە بـەناوی شـانۆی توندوتیژەیـەوە ناسراوە، پانتایی خوێن ڕشتنو مەترسی نیە، ئـازاری جەستەی مرۆڤ نادات، یاخود بـەواتایێکی تـر، تونـدو تیژی ئەخلاقیو دەرونی نیـە، بـەڵکو شـانۆی ژیانـەو ژیـان پڕبێ ڕەحمیو تونـدو تیژیـە، کەواتـە تونـدو تیژی لـەچوارچێوەی بووناسـیدا گرنگـی پێدەدرێـتو ئاوێتـەی تونـدو تیژیـەکانی ژیـانو ئازارەکـانی جەستەو گیانی مرۆڤ دەبێـت. ئـارتۆ دەڵێـت: تونـدو تیژی چەمکێکی میتافیزیکیە، کەواتە ڕوانگەی ئارتۆ گونوسـیە، لەبـەر ئـەوەی وەکـو گونوسـیەکان، ئـەم دونیایە بەلاوەکی دەبینێتو مادەو پەیکەری مرۆیـی بەرەگـەزێکی چەپـەڵ لەقەڵـەم دەدات، لەجیـهاندا باڵێکی شـەڕ لەئارادایـە کەچـەکی دژایـەتی کردنـی ئەوباڵە لـەلای ئـارتۆ شـانۆی تونـدو تیژییـەو لـەوێدا پێکدادانەکە ڕوبەڕوو دڵڕەقانەو پڕ مەترسییە.

شانۆکەی ئارتۆ نـاکۆکێکی ئەبـەدیو بێ ئامانـە، مــرۆڤو جیــهانی خســتۆتە پانتــایی جــەنگێکی

مەزنەوە، بەڵام لەپشت ئەو جەنگەوە مرۆڤێکی نوێ بەجەستەیێکی پاکەوە دێتە دنیا، کەواتە هاوکات دەبێ وێرانکەرو بنیاتنەرو خولقێنەر بێ.

لێرەدا بێئەوەی درێژە بەباسەکە بدەین لەسەر چەمکی (هاوتا) کەلە سیستمی هزری ئارتۆدا رۆڵێکی کاریگەری هەیە، تەنها ئاماژە بەوە دەکەین کە ئەم چەمکە بەسێ جۆرو لەسێ روانگەی جیاوازەوە لێك دراوەتەوەو خوێندنەوەی بۆ کراوە:

-خواستە شیزۆفرینیایەکانی ئارتۆ بۆتە هۆی دووپارچە بوونی ئارتۆو جیهان، وخودی خۆی بەدوو جۆری جیاواز بینیوە. هەر لەبەر ئەمەیە کەلەشانۆکەیدا چەندەها کەسایەتی خەیاڵی رۆڵ دەبینن کەهاوتای کەسایەتیە راستەقینەکانی نێو نمایشەکەن.

-یاخود ئارتۆ روی لەکاروبارە نهێنیەکان کردوە (هەندێ جار سێحرو جادوی بەکار هێناوە(.

-گرنگ یدان بەجۆری دەربڕینی ئەکتەر، یان سوود وەرگرتن لەشێوازی شاعیرانەی دەربڕین بەهاوکاریی گەلێك هۆکاری وەکو پەتاو سێحر کەبەتەنها وەکو

هێمایــەك بایــەخیان هەیــەو لەســاتی دەربڕینـــی ئەکتەردا کەشێکی پەتاگیرو ئەفسوناوی دەخولقێنن.

لەهەریەك لەو لێکدانانــەوەی ســەرەوەدا بەشــێکی پچوك لە حەقیقەت بونی هەیە، بەڵام هەریـەك لـەو رایانـــە گرنگـــی چـــەمکی (هاوتـــا) رون ناکاتـــەوە: لەراستیدا لەروانگەی ئـارتۆوە شـانۆ هاوتـای ژیـانی راستەقینەو، ژیانی راستەقینە هاوتای شانۆیە، بـەڵام لــەنێوان شــانۆو هاوتاکــەیدا واتــە لـــەنێوان پـــەتاو میتـافزیكو ئەفسـوندا پەیوەندیـەکی راسـتەو خـۆ بونی نیە، بەڵکو ئـەو دوو چەمکـە گوزارشـت لەیـەك مانادەکەنو لەئاوێتە بووندا بەبێ جیاوازی یەکەیێکی یەکڕەنگ پێك دەهێنن. کەواتە شانۆ رێگەیێگ نیە بۆ گەیشـتن بەجیـهانێکی باشـتر بـەڵکو شـانۆ کۆتـایی رێگەیەو روخساری ژیانی حەقیقی یاخود روخساری ژیانی نوێو تازەیە.

لـێرەدا چـەمکی (هاوتـــا) تەواوکــەری چـــەمکی (توندوتیژیــە(، لەبــەر ئـــەوە توندووتیـــژی ئاشـــکرا کردنـــی ناکۆکیەکانـــە لـــەپێناو رزگـارکردنی مـــرۆڤ لەدۆخی سستو لاوازی خۆی، کەواتە چەمکی (هاوتا) یەکیـــەتی لـــەنێو پەرتـــەوازەیی ژیـــاندا زینـــدوو دەکاتــەوە. لەبــەر ئـــەم هۆکـــارەش، شـــانۆی ئـــارتۆ

ئاراستەیەكی دووفاقیانەیە كەبەلایێكدا یاخی بوونو پەشێوی دەنێتەوەو لەلایێكی تـرەوە دڵنیـاییو یـەقین دەخولقێنێو وێرانكەرێكی بنیاتنەرە،ولەپانتایی ئەو شـانۆیەدا ناكۆكیـەكان ئـاوەڵا دەبـن. (میتـافیزیكی گشتی ) لە قاموسی ئـارتۆدا بریتیـە لەبەسـتەرێك بـۆ ئـــاوێزان بوونـــی رۆحو جەســـتەو گیـــانوجۆرێك یەكتاییو یەكیـەتی سـۆزداری دەخـوازێ. میتـافیزیك لەزەینو گوتاری ئارتۆدا ئامـاژەی كیـانێكی ئاوێتەیـە: پێكهاتـەی دابـەش نـەبووی رۆحو جەسـتە یـاخود ماتریالیزمو ئایدیالیزمە، كەواتە توندوتیژی بریتیـە لـە ژیـانێكی بـێ سـنورو نـەمر، زۆر باشـتر لـەژیانی كـورتو دەرونـی مـرۆڤو هـەمان ژیـانی ئـازادو بـێ كۆسـتو بـەند، تاكایـەتی مـرۆڤ رادەماڵـێ. پـەیامی هونـەری شـانۆ رەت كردنـەوەی گشت سـنورداریەتیو رەتكردنـەوەی ئـەو ژیانەیـە كـە لەتەسـكەبەراییو پوچیو لاسایی كردنەوەی ژیانی ئاسایدا دەگوزەرێ.

پـاش ئـەم رونكردنـەوە كورتـە دەسـت دەكـەین بەلێكدانەوەی تیۆریی (شانۆی توندو تیژی). ئارتۆ لە نوسـینێكی بـەناوبانگ لـەكتێبی (شـانۆو هاوتاكـەی)دا لـەژێر نـاوی شـانۆی تونـدو تیـژی دەچێتـە جـەنگی

شـانۆی بـاوی ئـەو دەمـەو رۆشـنبیری پەراكـەندەو هەڵوەشاوی ژیانو لەومیانەدا باوەڕی وایـە كـەدەبێت بنـەڕەتی پـەیوەندی نێـوان ژیـانو رۆشـنبیری پتـەو بكرێت.

بـەباوەڕی ئـارتۆ، رۆژ ئـاوا بەتەنـها نووسـینی بـەپیرۆز دانـاوە، كەئەمـەش لـەخۆیدا جۆرێـك گۆشـەگیری ئەقلانیـەو مرۆڤـی لـەهێزە دەروونیـە قوڵەكانی ژیان دور خستەۆتەوە. مرۆڤـی رۆژ ئـاوایی، مرۆڤێكی دووبەشو دووكەرتە. لەبەشێكدا دەبـزوێو دەژیو لـەلایێكی تریشـەوە بیردەكاتـەوەو بـەهۆی ئـەو دوكەرتیەوە ئازار دەچێژێ.

كەواتـە دەبـێ بـەهۆی وەلانـانی سیسـتمە قـۆرغ كەرەكانی دەسەڵاتو بـەهۆی پـەیوەندی دروسـتكردن لەتـەك هـێزە دەرونیـەكانی ژیـان، دوبـارە رۆشـنبیری زینـدوو بكرێتـەوە. گرفتـی گـەورەی شـانۆی رۆژ ئـاوا ئەوەیـە كارئـایی‌و كـەماڵو كاریگـەری خـۆی لەدەست داوەو ئـەم گرفتـەش لـەپیرۆز راگرتنـی دەقو نووسـەرەوە سـەرچاوە دەگـرێو زیـان بـە پرۆسـەی شانۆو نمایش دەگەیەنێ. بەباوەڕی ئارتۆ یەكێكی تـر لـە كەموكورپـەكانی شـانۆی رۆژ ئـاوا جیاكردنـەوەی پێگەی بینەرانە لەتەختەی شانۆ یـاخود بەواتایـەكی

تـ ر دابڕكردنی بینەرە لەنمایش كەئەمەش هەڵقوڵاوی بنـــەڕەتی دەروونناســـانەی شـــانۆی رۆژ ئاوایـــە كەدەیـەوێت لەرێگـەی شـیكاریی دەرونیـەوە، نادیـار بـــەدیار بێنـــێ، بـــەڵام دەروونناســـی زانســـتێكی سەربەخۆیەو، دۆخێكی شانۆیی‌نیە.

كەواتە دەبێ ئامانجی بەرنامەی چاكسازیی شانۆی رۆژ ئـاوا دور خسـتنەوەی دەروونناسـی تاكــە كەسـیو خۆویسـتانە بـێ لەپرۆسـەی شـانۆ. دەبـێ نمـایش سـەرجەم تەختـەی شـانۆ پـڕ بكاتـەوە، لەبـەر ئـەوەی بەتەنــها لــەزمانو چەمكــە ئەقلانیــەكان پێــك نەهاتووەو شانۆ ڕوخسارێكی فیزیكی و بەرجەسـتەو سـۆزداریانەش لـەخۆدەگرێ، نمـایش ئامـاژەو جوڵـەی ئەكتەرەو لەڕاستیدا زمـانو دەربڕینێكە لەبۆشـاییدا (هۆنـراوە لەبۆشـایدا)، (هونـەری جووڵـە لەبۆشـایدا). بـەڵام شـانۆی رۆژ ئـاوایی لەبـەر وەلانـانی زمـانی رەســـەنی شـــانۆ بۆتـــە هـــۆی هـــەژاری رۆحو ئەشكەنجەدانی مرۆڤ، لەبەر ئەوەی شانۆی لەرێگـەی دیالۆگەوە لەسەر ململانێ دەرونیو كۆمەڵایە تیەكان چـڕ كردۆتــەوە، لەڕاسـتیدا ئەمــەش كـاری كتێـبو رۆمانە نەوەكو پەیامی راستەقینەی شانۆ، دەبێ شانۆ

کاریگەری لەسەر هەست بەجێ بهێڵێ نەوەکو لەسەر بینین، ئەمەش لەرێگەی ئەفسونی ئاخافتن یاخود لەرێگەی ئەفسونی ئاماژەو جوڵەوە دەستەبەر دەبێ، ئەفسونی ئاخافتنیش لەو حەقیقەتەوە سەرچاوە دەگرێ کەدەبێ ئاخافتن وەکو بڵقی لێوان لیوٚ لەهەست لەدەم بێتەدەرو لەبۆشاییدا بتەقێتەوە، بینین تەنها بەکەڵکی فەلسەفەدێت. بەڵام ئەکتەر یاخود پاڵەوانی نمایش پانتایی گوزارشتکردنی هەستەکانە. شانۆی رۆژ ئاوایی نەیتوانیوە ئەو بیرو بۆ چوونانە پێشکەش بکات کە ناکرێت بەهۆی زمانەوە گوزارشتیان لێ بکرێو دەرئەنجام ئەو بیرو رایانەی لەیاد کردوە. بەڵام لێرەدا مەبەستمان رەت کردنەوەی زمانو ئاخافتن نیە، بەڵکو مەبەست ناسینی شوێنو پێگەی شایستەی زمانو ئاخافتنە.یاخود بەواتایێکی تر مەبەست دابەزاندنی ئاستی بایەخی زمانو جێ کردنەوەی لەزمانێکی گشتی تردا یە کەهەمان (هۆنراوەی بۆشایی) یاخود هۆنراوەی کەشێکە کە گەلێك وێنەی مادی لەبەرامبەر وێنەو خەیاڵە زمانیەکاندا، دەخولقێنێ. دەبێ شانۆ وەکو هۆنراوەیەك لەبۆشایدا (نەوەکو زمانێکی شاعیرانە) ببزوێ، مانای دەبێ شانۆ زمانی

هێمـــاو ئاماژەكــان بــێ ئەمـــەش هاوتـــای زمـــانی خۆرهەڵاتە لەهونەردا.

كەواتـە ئـەو نمایشـەی چـەمكی دەرهێنـان دەكاتـە پاشـكۆی دەق، لـەچوارچێوەی ئــەرك‌و رەســـەنیەتی پرۆسەكە دەچێتــە دەر. دەبێـت سـەرەتا زمـانی شـانۆ ئاراسـتەی بینـایی بكرێـت‌و لـەدەق دور بكەوێتــەوە خـۆی لـەدیالۆگ‌و ئـەدەب بپـارێزێ بـۆ ئـەوەی ببێتـە میكـــانیزمێكی زینـــدوو ســـەربەخۆو بەتەنـــها وێنــەكردن‌و بەرجەســتەكردنی دەق نـــەبێ. لەبـــەر ئەوەی لەم كاتەدا خوێندنەوەی دەق‌و كەمێك خەیاڵ هاوتـای هــەمان ئــەو كــارەی نمـایش دەبــێ، كەواتــە چــەمكی دەرهێنــان پــەیوەندی بەهونــەری شـــانۆوە هەیە نەوەكو بەمیكانیزمی دەقەوە.

دەرهێنـــەر لەشـــانۆكەی ئـــارتۆدا پلـــەو پایـــەی لەنووسەر بڵندترە، لەبەر ئەوەی دەرهێنـەر جارێكی تر دەق زیندودەكاتەوەو دەرهێنەری باش‌و كارامــەش دەتوانێ هەرجۆرە دەقێك لەمردن‌و فـەنا بـون رزگـار بكـات، لەبـەر ئـەوە دەرهێنـەر كەشـی تەختـەی شـانۆ رێـك دەخـات‌و لەپشـت زمـانی ووشـەكانەوە زمـانێكی نــوێ دەخولقێنــێ‌و بەســوود وەرگرتــن لــە ئـــاوازی

ئاخافتن‌و سەماو ئاماژەو ئەندازیاریی دیکۆرو روناکی ، هۆنراوەیەك دەخولقێنێ کەسەروکاری لەتەك رۆح‌و هەستی بینەراندایە. بەم شێوەیە نمایشێکی بە تەواو مانـا دەپەرژێتـە سـەر ئیشـکالیاتی بـوون‌و لـە دەسـت سینەماو مۆزیکاڵ‌و سـێرك رزگـاری دەبـێ‌و لەرێگـەی زمـانی جەسـتەوە حەقیقـەتی قوڵبوونـەوەی خـۆی دەدۆزێتەوە و ناچارنیە بە دەربڕینی ئەو شتانەی کە پێشـتر ئاشـنایان بـووە، بـەڵکو بـەهۆی دەرهێنـەرەوە دەبێتـە جیـهانی ئاشـکرا کردنـی نادیـارو نـهێنی‌و نەناسراوەکان.

بـەم شـێوەیە پرۆسەی‌شـانۆ هاوتـای جۆرێـك سەلماندنی ئەزموونی‌و هاوتای بابـەتێکی سـەربەخۆو جیـاواز لـەدەق دەچێتـە قوڵایـەکانی بـوون‌و لـەم کاتەشدا سەرجەم جوڵـەو ئاماژەکان بەهەسـت‌و مانـا بارگـاوی دەکرێـن‌و لەسـەر پانتـایی شـانۆ ژیـانێك دەبینـرێ کـەجیاوازە لەووشـەو دیالۆگـەکان‌و زمـانی جەستەیەو سەرچاوەی ئـەم زمانـەش زۆر قوڵـترە لـە سـەرچاوەی زمـانی هـزرو ئاخـافتن. ئاخـافتن لـەباتی پەرە پێدانـی هـزر بـەجۆرێك لـەجۆرەکان سـنورداری دەکات، هەر بۆیە پێویستەنمایش ئەوکارە ڕایی بکات کە زمان‌و ئاخـافتن توانـای بەرجەسـتە کردنـی نیـەو

لــەم میانەشــدا شــانۆ لەتــەك پێگــەی شــێعرو میتافیزیکدا یەکسان دەبێو وێنەی شانۆی باڵێ لەخۆ دەگرێ.

لەساڵی 1931و لەپێشانگەی (کۆلۆنیاڵی) پاریس بینینی کاری هونەرمەندانی باڵێ ئەوەی بە ئارتۆ سەلماند کە (ئامادەیی فیزیکی)و زمانی ئاماژە لەشانۆدا گرنگی سەرەکی هەیەو پێویستە ئەمجۆرە نمایشە بنەرەتو کاردانەوەیەکی میتافیزیکی لەخۆ بگرێ، کەواتە (میتافیزیك)ی جولەو ئاماژە لە ئارادایەو دەبێ رۆژ ئاوا بیکاتە سەرچاوەی شانۆ یاخود بەواتایکی تر پیویستە شانۆی رۆژ ئاوا ئەم بنەرەتانەی خوارەوە لەشانۆی رۆژ هەڵاتەوە فیر ببیت:

-گرنگی دان بەکارکردن لەسەر تەختەی شانۆو بەرجەستە کردنی نمایش لەسەر پانتایی شانۆ لەباتی کارکردن لەسەر دەق.

-دۆزینەوەی زمانی فیزیکی شانۆ لەسەر بنەرەتی ئاماژە، کە مانایکی جیهانشمولی تر دەدۆزیتەوە.

-هەماهەنگی رەها لەنیوان هۆکارە جیاوازەکانی وەکو رەنگو ئاماژەو دەنگو جولەدا.

-بنياتنـــانی پەیوەندیـــەکی راســـتەوخۆ لەتـــەك قولآيى ژيان، لەبەر ئەوەی لەشانۆی رۆژهـەلآتدا، زۆر بـەوردی سـەرجەم هۆکارەکـان حسـابیان بـۆ کـراوەو وەکو ئەوەيە کە نمايش لە ئيلهامو جيـهانێکی نـەمرو لەقولآيى ئەفسونەوە هاتبێتە بوون.

-گرنگـی دان بەکەشـی میتـافیزیکی ئەوشـانۆیە، لەبـــەر ئـــەوەی لـــەوێدا، ســـەرجەم هۆکارەکـــان رۆشـنکەرەوەی دۆخێکـی رۆحـــین و کـــاری نمـــایش ئاشـــکراکردنی رەهایـــە، ئـــەم شـــانۆیە نـــاوەخنو جەوهەری کیمیا گەریی زەینیە.

بـەکورتی، دەبـێ شـانۆی رۆژ ئـاوا بەلەبـەر چـاو گرتنـی شـانۆی رۆژ هـەلات، گرنگـی ئاخـافتن یـاخود گرنگـی دەق لـەپێناو بـەهێز کردنـی جولـەو ئامـاژەو مۆسیقادا، کەم بکاتەوە.هەروەکو پێشتر باسمـان کـرد ئـارتۆ لەسـەر ئـەو خاڵـە جـەخت دەکاتـەوە، کەشـانۆ دەبێـت کـارێکی میتـافیزیکی بـێ، لەبـەر ئـەوەی هۆنـــراوەی حـــەقیقی کـــارێکی میتافیزیکیـــەو بـــە پێچەوانەی شانۆی رۆژ ئاوا رەهـەندێکی دەروونناسـانە لەخۆ ناگرێت.

ئایـا میتـافیزیك لای ئـارتۆ چ مانـایێکی هەیـــە؟ میتافیزیك لەقاموسی ئارتۆدا ئـەو زمـانو دەربرِیـنو

ئاماژەو جوڵەیە کەپلەیەکی شاعیرانەی هەیە، یـاخود زمانو دەربڕینێکە هاوتای وێردی ئەفسونی وسـێحر؟ کەواتــە لەسیســتمی هونــەریی ئــارتۆدا، میتــافیزیك مانایـەکی عیرفـانی نیـە، بـەڵکو بـەمانای گوزەرکـردن لەفیزیكو گۆڕینی شانۆیە بۆ هۆکارە بنە ڕەتیـەکانی میتافیزیك، وەکـو تـەوژمی ئەمپرسـیۆنیزمو کوبـیزم لەوێنە کێشاندا، کەواتە میتافیزیك مانای ئەو شتەیە کەبەشـێوەیەکی فـیزیکی نمـایش نــەکرابێت، لـێرەدا نمونـە هێنانـەوەی ئـەو تەوژمانــە لــەخۆڕا نــەهاتوە لەبەر ئەوەی لە چوارچێوەی ئەو تەوژمانەدا (واقیع) هەڵدەوەشـــێو روخســـارە جیاوازەکـــانی ژیـــان لەچـەمکێکی ئــەقلانی تــێ دەپــەڕێو دەمامکــەکانی دۆخــە تــاك رەهەندیــەکان هــەڵدەماڵرێ. ئــارتۆش خوازیـاری نـاوەخنو نــاوەرۆکێکی رەســەنی شــانۆیە، بەڵام بەپێچەوانەی ڤاگنـەر کـە بنیاتنـانی ئـەو شـانۆ یە. لە ڕێگەی هۆکارە فیزیکیەکانەوە (ئاوازو سـەماو مۆسیقاو... )دەبینێتەوە، ئارتۆ لـەو باوەڕەدایـە، دەبـێ ئـەو ناوەخنـە رەســەنەی شــانۆ، لەســنور داریــەکانی زمـان رزگـار بێـتو، هیـچ سـنورێك لـەنێوان هەسـتو ووشـەدا نەمێنێتـەوە، ئەمــە هــەمان ئــەو مانایەیــە،

کەئارتۆ سەبارەت بە میتافیزیك، گوزارشتی لێدەکات.
کەواتە ئەو میتافیزیکەی مەبەستی ئارتۆیە جیاوازە لەو چەمکەی چوارچێوەی فەلسەفەی رۆژئاوا. ئەو میتافیزیکەی وەکو چەمکێك لەفەلسەفەی رۆژ ئاوا دا هەیە بریتیە لە: سەرجەم شتە نادیارو نەناسراوەکانو سەرجەم ئەوچەمکانەی کەئەقڵی مرۆڤ توانای پەی پێبردنیانی نیە. ئارتۆ ئەم میتا فیزیکەی قبوڵ نیە. بەباوەڕی ئارتۆ، بێگومان میتافیزیك بنەڕەتێکی فیزیکی هەیەو چەمکێکی هەست پێنەکراو نادیار نیە، میتافیزیك، سەرچاوەو پێگەی یەکگرتنی چەمکە دابڕاو و چەمکە پەیوەستەکانە.کەواتە ئارتۆ، هاوکات لەگەڵ دووفاقیانەیی لەراکاندیدا، باوەڕی بەیەکگرتویی بوون هەیەو لەو باوەڕەدایە کەلەپانتایی شانۆدا، جەستەی مرۆڤ، مەودا فیزیکیەکەی خۆی دەدۆزێتەوە.

سەرجەم ئەو میتافیزیکەی ئارتۆ باسی دەکات، بنەڕەتی شانۆی توندو تیژی پێکدەهێنێو توندو تیژی وبێڕەحمیش بریتیە لە: سەنگینی، بڕیاری لێبڕاوانە، دەستنیشانکردنی حاشاهەڵنەگرو ڕەها، پەیڕەوکردنی ئەو چەمکانەی بڕیاریان لەسەر دراوەو هیچ قسەیێکی تر هەڵناگرن، ئیجباری

فەلسەفی، پێگەی ژیاریو گرنگ بۆ رۆشنیای خستنە سەر ژیان. شانۆی توندو تیژی ئەو چەمکەیە کەلەبەرامبەر خۆیدا توندو تیژو بێرەحمە. لەبەر ئە وەی گەر ئەم توندو تیژییە گەیشتبێتە ئەو پەڕی، ئەو کات دەبێتە پێگەیەگی رۆشنی ژیانو دەبێتە تیغێکی تیژو هاوتای ئەخلاقێکی بێبەزەییو توند، ژیان شەق دەکات. مانای ئەم قسەیە ئەوەیە کەخودی سروشت پڕ لەتوندو تیژییە، لەبەر ئەوەی پڕە لەدژایەتیو ناکۆکی، هەر بۆیە ئارتۆ لەو باوەڕەدایە، کەدەبێت شانۆ پێگەی هەڵئایسانی هەستە دژەکان بێت. کەواتە، توندو تیژی، یەکیەتی لێك دانەبڕاوی خێرو شەڕەو، ئارتۆ پێی وایە ئەو دوو چەمکە بەبێ یەکتری هیچمانایەکیان نابێ. ژیان دوولایەنەیە، بەڵام ئارتۆ باسی جیاوازی روونو ئاشکرای ئەو دووچەمکە ناکاو لەو باوەڕەدایە کە ئەو دوو چەمکە ئەوەندە ئاوێتەی یەکترن کە یەکیەتی (بوونیان) پێك هێناوە. ئارتۆ پەیوەندی نێوان خێرو شەڕ بەپەیوەندیەکی لێك دانەبڕاو دەزانێت. کەواتە بەباوەڕی ئارتۆ، ئەخلاق بریتیە لە دەستەبەر کردنی ئەو بوارەی کەخێرو شەڕ پێکەوە رۆشناییان

بخرێتەســـەرو نابــێ گرنگــی تەنــها بەلایـــەنێکیان بدرێتو تەنــها رووێکی ئـەو بنەڕەتـەی دوولایەنەیـە بەســـەر ئـــەوی تـــردا زاڵ بکرێـــت. دەبـــێ رێـــز لەیەکپارچەیی رەوتی ئەخلاق بگرینوشایەنی ئاماژە پێکردنە، کەهرگیز توندو تیژیو ململانێکان ناگەنــە کۆتـاییو رێگــە چارەیــەك نادۆزنــەوە. کەواتــە لــەم کاتەدا، شانۆ دەبێتە پانتایی وێنە کردنــی بــەردەوامی ژیــان، لەبــەر ئــــەوەی نمــایش کۆتــایی نیــە، یــان بەواتایەکی تر پاش تەواو بوونی نمایش، ململانیکان دریژەیـان هەیـەو لەپشــت نمایشــەوە ژیــانیك هەیــە کەپر لە ململانیو ناکۆکیە.

هـەروەها گرنگـترین رەخنـەی ئــارتۆ لەبەرامبــەر شـانۆی رۆژ ئـاوا ئەوەیـە، کەشـانۆی رۆژ ئـاوا، شـانۆی ئاخافتنەو دیلی گوتنـە، یـان بـەواتایکی تـر، جۆریـك ئەدەبـە، لەبـەر ئـەوەی لەرادەبـــەدەر گرنگــی بــەدەق دەداتو تایبەتمەندیـــەتی دەربرینـــی جەســـــتەو رەهــەندی ســێیەمی ئامــاژەو دەنگــەکان فـــەرامۆش دەکاتو دان بەفۆرمو وینە کۆنەکاندا دەنێ، کە هیزە ئاسمانیەکان دیل دەکـەنو دەبنـە هـۆی پەراگـەندەیی فەرهەنگو ژیان و جیابوونەوەی رۆحو مادە . بـەڵام ئارتۆ دەیەویت شانۆ وەکو هیزیك، سەلامەتی پەخش

بكاتو ببيتە هۆی گرێ دانەوەی جەستەو رۆحی مرۆڤ.

بەمشیوەیە، تەختەی شانۆ دەبیتە گۆرەپانی پر مەترسیو ئاژاوە گیریو دەبیتە دۆفیك پیش لەدایك بوون. دەبیتە ئەو دۆزەخەی کە چیتر جیهانی خەلیقەتو ژیانە، دەبێ لەوێ، ئەکتەر یا ئەو ئەفسونگەرەی کەهاوار دەکاتو سەما دەکاتو بانگمان دەکاتو بیرمان دەخاتەوەو، ئەو دەرهینەرەی کەبنیاتنەری جیهانی نوێو هۆکاری بنیاتنانەوەی جیهانی ویرانکراوە، دەبێ خەتەر بکەنو بەرێ کردنی ئەو کارە پر مەترسییە لەئەستۆ بگرن. دەبێ ئەکتەرو دەرهینەر ببنە کیمیاگەرو ببنە ئەوشتەی لەپشت سروشتو فیزیکەوە هەیە،و لەویش باشتر بن، دەبیت وەکو کیمیا زانیك ئەوەندە رۆبچنە نیو مادە، تابیکەنە درامیکی بنەرەتی کە لەو چوارچیوەدا، بنەرەتە سەرەتاییەکان بەریەك دەکەون. یاخود مادە بکەنە پیگەی بەریەك کەوتنی گەردیلە دژەکانو لەچوارچیویەدا هیزە دژەکان بتەقینەوە. ئەمەیە مانای توندو تیژیو بێ رەحمی.

دەبێ دەرهێنەر لەرێگەی خەیالو ئاماژەکانی ئەکتەرو بەهۆی سەماو مۆسیقاو هاوارو روناکیەوە ری نیشاندەری بینەران بیت بەرەو دۆخی پاکژ بوونەوەو پاکیزەیی. هاوکات ئەم کارە دەچیتە دەرەوەی خانەی دەروونناسیو چەمکەکانی ئەقلانیەت. دەبیت نمایش لەدەست خۆوویستی دەق، رزگار بکەین، تابتوانیت دریژە بەژیان بداتو کۆن نەبیت. بەواتایکی تر، دەبێ دەرهێنەر، سەرجەم هیماکانی نیو ئەفسانە کۆنەکان، کەبەشیوەیەکی رەها پەیوەندیان بەسەردەمیکی دیاری کراوەوە نیە، لەپانتایی کاتو شوینو کەشی نمایشدا، زیندوو بکاتەوە، ئەرکی شانۆ، گەرانو بنیاتنانەوەی ئەفسانە کۆنەکانو تەرجەمەکردنی وینە نهینیەکانو گوزارشت کردنە لەژیان بەزمانیکی جیهانیو بەر فراوانو شمولی، کەزمانی ژیانی شانۆیەو دەرهینانی وینەکانی ژیانو پیشکەش کردنیانە. شانۆ، هەمان چرکەساتی قەیرانی (بوونە)، سەرتای بێ فۆرمی مادەو سەرەتای پەرتەوازەیی مانایە، هەربۆیە شانۆی توندو تیژی، بەشانۆی رۆشنبینیو بەشانۆیەکی پر لەئازاردادەنریت. لەو شانۆیەدا، وەکو ئەوە وایە هیدی هیدی لەهەتاوی سوتینەر نزیک بینەوە،

یاخود وەکو ئازاری منال بوونە کە ئەو ئازارە خولقینەری بوونە.

بیگومان، لەم شانۆیەدا، جیگەی دەروونناسیو ریکەوتو روداوو داهینانە تاکەکەسیەکانو جیگەی ئیرادەو ویستی تاکەکەسی تیانابیتەوە. بەلکو لیوان لیوە لەهیماو ئاژاوەو بیرکاریی زەینیو رەتکردنەوەی هەلچونی تاکەسی.هەروەها ئارتۆ دەیوویست مۆسیقای کۆنکریتیو سترۆفۆنی بدۆزیتەوە، لەبەر ئەوە دەیویست ئەو دۆزینەوانە هاوتای روناکیو دەنگو جلو بەرگو ئاماژەکان پەرە بەنواندنی ئەکتەرەکان بدەن، تاشانۆ ببیتە پیکهاتەیەك لەسەر جەم هونەرەکانو ببیتە کۆکەرەوەی رۆحو جەستە، یان بەواتایکی تر وەکو ئەفسانەیکی زیندو گەشەکردو و نویَ خۆی پیشکەش بکات.

بەپیی ئەو شتانەی باسمان کرد، دەبیَ شانۆی توندوتیژی لەدۆخی (نەشوە)یا لەدۆخی شتیك وەکو حالی دەرویشانە (Transe( نزیك ببیتەوەو دەبیَ ئەکتەری ئەو شانۆیە لەو دۆخە تیَ بگات. بەلام لیرەدا، مەبەست ئەو بیهۆشیە دیۆنزیۆسیە نیە کەهیچ سنوریکی لەگەل ژیاندا نامینیَ. بەلکو

مەبەستی ئارتۆ ئەو دۆخەیە کە بەشـیوەیەکی ئـاینی کۆنـترۆل دەکریـت، ئــەو لـــەخود بیخــود بوونـــەی کەســەمای دەرویشــانە دروســتی دەکــات،و ئەکتـــەر بۆخـۆی ئـەو حالـە بنیـات دەنـێ بـەلاّم بەتـەواوەتی نوقمی بێ هۆشی نابیت. ئــەو بیهۆشـیە، هیسـتریایکی کۆنترۆل نەکارونیە، ئەو بیهۆشیە لـەهۆش چوونیکـی عیرفـانیو دەرویشـانەیەو ئاویتــە بوونــی ئەکتـــەرو میتافیزیکە، ئــەو بیهۆشـیە بنیاتنـەری پرۆسـەکەیەو خودی شانۆیە، ئەو دۆخە تایبەتە رۆحیە، جگـە لـەو کاریگەریـە بــەهیزەی هەیــەتی، دەتوانیــت یارمــەتی بینەر بدات -خودە ونبوەکەی- بدۆزیتەوە.

ئارتۆ ئاماژە بەوە دەکات کەشــانۆو ژیـان ئاویتـەی یەکترین، کەواتە دەبیـت ئـەو شـانۆیە کـاریك ئـەنجام بدات کەبینەر لەخۆی دابـبریتو بواریـك برەخسـینی بۆ ئەوەی هیزە ئەفسـوناویەکان رۆحـی داگیر بکـەن، ئەمـەش ئـەو دۆخەیـە کەلەسـاتی رۆچوونـە ئــاینیو زیکرە دەرویشانەکاندا رودەدات.

توندوتیژی وەکو تـاعوون، دەبیتـە هـۆی تـەقینی دومـەلەکان، وەکو بەلایەك تۆلە دەکاتەوەو قەیرانیکە ســەلامەتی پــەخش دەکــات. ئــەو کاتــەی ســـەرجەم ناشـرینیەکان ویـران دەکـات جیـهانیکی جـوان بنیــات

دەنــێ، ریاکــاریی‌و خایەمالیــەکان ئاشــکرا دەکــات‌و مـرۆڤ لـەبیچارەیی رزگـار دەکـات‌و ناچاریـان دەکـات روو بـەرووی چـارە نووسـیان ببنـەوە تاخۆیـان چـارە نووسـی خۆیـان دیـاری بکـەن، ئـارتۆ لـەو باوەڕەدایـە هیـچ یـەك لـە ئەندامـە تـاعون لیدراوەکـان نـارزین، لەلایــەکی تــرەوە ئــەو دوو ئەندامــەی کەبــەهۆی تاعونەوە زیانیان پیدەگـات میشك‌و سـنگە، ئـەو دوو ئەندامەی جەستەش بەتەواوەتی لەکۆنترۆلی ئـیرادەو هەستی مرۆڤدان.

ئـەو دەمـەی تـاعون بلاودەبیتـەوە، دەبیتـە هـۆی مەترسـی‌و بـارگرژی نانـەوە، خـەلکی سەراسـیمەو پەریشـان دەبـن‌و حورمــەتی هیــچ بــەهاو نــەریتیك نـاگرن. ئـەوکات (نمـایش) سـەرهەلدەدات‌و دەسـەلات دەگریتـە دەسـت، یـان بەواتایـەکی تـر تیۆریکـی تـر بـەبێ ئـەنگیزەی ئـەقلانی (Gratuit) پـەیدا دەبێ‌و لەمـەر چـاکردنی دۆخـە پەریشـان‌و ئالۆزەکـە، چـەند کـاریك ئـەنجام دەدات‌و دەسـەلات دەگریتـە دەسـت. لەســەردەمی تـــاعوندا، وەکـــو ئـــەوەی لەشـــانۆدا روودەدات، ژیـان دەگاتـە لەوتکـەو وریـنـەکردن پـەیدا دەبێ‌و ئەو پەری بیرەحمی سەرهەلدەدات‌و سەرجەم

داب‌و نەریتــەکانی کۆمــەلگا ویــران دەبــن‌و هــەموو
ئەوشتانەی بەهۆی کۆمەلەوە سەرکوت کراون زینـدو
دەبنــەوە، هیزەکــای تــاریکی لەپــەردە دینــە دەرو
قـەیرانیکی بەتـەواو مانــا دروســت دەبــێ.لەوکاتــەدا
کـەتاعون یـاخود نمـایش، دەبیتــە پیگــەی گشــتگیری
ژیـان، هەرلـەو میانیەشـدا، ســەرجەم ئــەو هیزانــەی
کەنمایش رزگاریان دەکات گەرچەمکیکی پر لەتاریکی
بن، گوناهی تـاعون‌و نمـایش نیـە، بـەلکو ئەمـە ژیـان
خۆیەتی. شانۆ نەبۆتـە هـۆی بـەرپا بوونـی قـەیران‌و
ئـالۆزی بـەلکو شـانۆ ئــەو دۆخــەی زیندوکردۆتــەوە،
لەبەرئـەوەی خـودی قــەیران‌و بــارگرژی لــەناوەخنی
ژیاندا خۆیان حەشار داوە، کەواتـە شـانۆ حەقیقـەتی
مرۆڤـی ئـازادە، ئــازاد لــە بریــارە کۆمەلایەتیــەکان‌و
بەئازادی روبەرووی چارەنووسی خۆی دەبیتەوە.

دەتوانــین بلیــین شــانۆ باشــترە لــەتاعون، لەبــەر
ئــەوەی تایبــەت نیــە بەســەردەمیکی دیــاریکراو،
بـەردەوام کـاری ئـەو، دامـالینی دەمامکـەکان‌و ئاشـکرا
کردنــی نهینیــەکانی ژیانــە، لەبــەر ئــەوەی شــانۆ
هەمیشـە پیگــەی یــەکلایی کردنــەوەی گرفتەکانــەو
هەرگیز گرفتەکانیش بەتەواوەتی یەکلایی ناکاتـەوە،
گەروانــەکات ئــەوا لەگــەل کۆتایــهاتنی گرفتــەکان

خۆیشی کۆتایی پیدیت، کەواتە شانۆ بەتەنـها پیگـەی ئاشکرا کردنی گرفتەکانە نەوەکو ریگە چارەیان.

کەواتە دەبێ شانۆ هیزە ئەبەدیەکەی بـۆ هەتایـە بپـاریزیتو لـەکاریکدا خـۆی بەتالنەکاتـەوە، لەبـەر ئـەوەی گـەر لەسـەر گرفتیکـی تایبـەتی قسـەبکات ئـەوکات کارەکـەی داوەری کردنـەو داوەری کردنیـش دەگاتـە کۆتـایی بـەلاَم شـانۆ دەبیـت نـەمریی خـۆی بپارێزێتو بۆ چارەسەرکردنی کێشـەکۆمەلاَیەتیەکان یان تەرح کرد نی گرفتەکانی تاکەکەس خۆیو پێگەی خۆی سوك نەکات. هەر لـەم بارەیـەوە ئـارتۆ دەڵێـت، دەبێت نواندن لەپرۆسەکەدا خاڵێکی کۆتایی بۆ خۆی دیـاری نـەکات، بـەڵکو بەپێچەوانــەوە، دەبێـت کـاری نوانــدن هیـــچ ئـــەنجامێکی زانســـتیو ئـــەخلاقی لێنەکەوێتـەوە، بگـرە نوانـدن دەبێـت تەنـها ئیلـهام بەخشبێت. ئـەرکی نوانـدن ئـەنجام دانـی ئەوکارەیــە کــەدەبێ ئــەنجامی بــداتو نایکــاتو نابــێ بیکــات، بۆئەوەی ئەو ئەرکـە ئـاوێزان بێـتو بـۆ ئـەنجامدانی بینـــەر بووروژێـــت، دەبێـــت ئەکتـــەر بەتەنـــها بنەڕەتـەکانی کارەکـە دیاریبکـات نـەوەکو ئـەنجامو ئاکامەکــەی، بــەم شــێوەیە بینــەر بەهــەڵچونێکی

دەرونیــەوە لــەکاتێکدا بــەتوندی لــەژێر کاریگـــەری بەرهەمەکەدایە، هۆڵی شانۆ بەجێدێڵێ.

لەگـەڵ سـەرجەم ئەمانــەدا، ئــارتۆ ئامــاژە بــەوە دەکـات کـە پێویســتە ئــەو دەقــەی نمـایش دەکرێــت پــەیوەندی راســتەو خـــۆی بەبینەرانـــەوە هـــەبێت، بـەجۆرێك کـە بینــەر هەست بـەوە بکـات کەکراوەتـە ئامـانجی دەقەکـە، هـەر لـەم یانەیەشــدا گــەر بینــەر شـانۆیی (ئۆدیـب( پەســەند نــەکات، نــابێت یەکســەر بـەبێ فەرهـەنگو نـەخوێندەوار لـە قەڵـەمی بدەیـن، بــەڵکو لاوازی دەقەکەیــە کـــەهیچ هەســتێکی لـــەلا دروست ناکات، لەبەر ئەوەی هەست دەکات کەسایەتی ئەو لەدەقەکەدا ئامانج نیەو هیچ پەیوەندیەکی پێوە نیـە، بەووتـەی ئـارتۆ:(گـەر بینــەران لەســەردەمێکی دیاریکراودا رویان لەشــانۆ نـەکردو بـەبێ بایەخیـەوە لەشانۆیان روانی، هۆکارەکەی بریتیە لـەوەی کـەچیتر شانۆپیناسـەو نوینـەری ئەوسـەردەمە نیـەو بینــەران دەگەنـــە ئـــەو راســـتیەیی کەشـــانۆ نـــاتوانیت ئەفسانەیکیان بـۆ بخولقینێ تائەوان پالی پیوە بدەنو لەسەر بنەرەتی ئەو ئەفسانەیە لەژیان بروانــن)، لـەو سەردەمەدا، وەکـو وینەیـەکی زیـادەو پەراویزکـەوتوو لەئەفسـانە دەروانــن، بـــەلآم بەپیچەوانـــەوە دەبـــێ

لەساتی كـۆن بوونــی وینــەی ئەفســانەكاندا نمــایش بەویرانكردنی ئەو وینــە كۆنانــە جـاریكی تــر وینــەی نویی‌وپیشـــكەوتوو بدۆزیتـــــەوە، تەنانـــــەت لــــەم چوارچیوەیـەدا، ئـارتۆ لـەو باوەڕەدایـە كـە پیویسـتە نمـایش هـیرش بكاتـــە ســـەر گشـــت دابو نەریتـــە ئاسـاییو سـواوەكانی كۆمــەل، ئــەو نمایشــەی خــۆی لـەروخاندنی دابو نەریتـە سـواوەكان بــەدوربگریت، ئــەوا هۆكـاری بوونــی خــۆی دەخاتــە مەترســیەوە، كەواتـە دەبیّ بـەزمانی بینـەر لەتـەك بینـەردا قســە بكــەین‌و بـــەزمانی خـــۆی بەرامبـــەر بـــەبنیاتنانی وینـــەیكی نـــویّ لەگـــەلی بدویـــن، كەواتەپیویســـتە جـــاریكی تـــر ئەفســـانە كۆنـــەكان بـــۆ نوونـــە (ئۆدیی پاشا) زیندو بكەیەنـەوەو هـیزە دەرونیـەكانی ئەو ئەفسانەیە دوبارە نمایش بكەین، یـان بـەمانایكی تــر، روخســاریكی ئـــەمرۆیی ببەخشــینە ئەفســانە كۆنـەكان تابینـەران پیگـەی ئـەمرۆی خۆیـان لەتـەك رابردوودا هەلبسەنگینن یان بە واتایكی تر، پیویستە شـانۆی تونـــدو تیــژی بــەجۆریك بابەتــەكانی خــۆی دیـاری بكـات كـەوەلامی یـــاخی بـــوون‌و هەلچونـــە دەرونیـەكانی سـەردەمەكەی خـۆی بداتـــەوە، كەواتــە

بەدووجۆرە ئەفسانەکۆنەکان بەشیوەیەکی هاوچەرخ پیشکەش دەکرین: دەبێ لەسەر تەختەی شانۆ بەرجەستە بکرینو دواجاریش ململانێو ناکۆکیەکۆنەکان بەشیوەیەکی هاوچەرخ نمایش بکریت.

ئارتۆ دەلیت: پیویست بەپەرستنو لاسایی کردنەوەی شاکارەکانی رابردووناکاتو پیویستە شانۆ تازەیی خۆی لەفۆرمو ناوەرۆکدا بپاریزیت، ئارتۆ دەخوازیت جاریکی تر ئەو رۆحو ناوەخنو ناوەرۆکە بدۆزیتەوە کە ئەو شاکارە هونەریانەیان پیك هیناوەو لەریگەی ئەکتەری هاوچەرخەوە بگویزریتەوە بۆ بینەری هاوچەرخ، بەمەرجیك ناوەرۆکی شاکارە هونەریەکە بەشیوەیەکی نوێ تەرح بکریت کەهەم لەروخسارە کۆنەکەی دانەبرابیتو هەم خۆی لەبەندی ئەو روخسارە کۆنەش رزگار کردبیت. هەر لەم چوارچیوەیەدا، ئارتۆ لەو باوەرەدایەکە بەلیندەرایەتیە کۆمەلآیەتیو ئەخلاقیو ئیستاتیکیەکانی رابردوو، دەبنە هۆی لەناو چوونی رەگەزی بنەرەتی هونەر کەئەویش رۆحی ئاخافتنە، لەگەل ئەمەشدا باوەری بەهونەریکی یەك لایەنەو تاکگەرا نیە، ئارتۆ

دەلیت:هونەرمەند بەرۆچوونە نیو دەرونی خۆی، ئەو رەگەزە بنەرەتیە نادۆزیتەوە، بەلکو بەمەلەکردنو رۆچون لەنیو قولایی (عیرفان) دا یاخود لەریگەی بیر کردنەوە لەپانتاییەکدا کەلەپیش ویژدانە ترازاوو گۆشەگیرەکەیدا هەبووە، یان بەلیکۆلینەوە لەقولایی ئەفسانە کۆنەکاندا، دەتوانێ ئەو رەگەزە بنەرەتیە بدۆزیتەوە، دابو نەریتو پەیمانە کۆمەلایەتیەکان وەکو ئەوحەسارو حیجابانەن کەبنەرەتو هۆکارە سەرەکیەکان دادەپۆشن، دەبێ ئەو بەربەستو حیجابانە زۆر بێ رەحمانە بدرینو بروخینن بۆ ئەوەی روی راستەقینەی حەقیقەت (Horreur Sacree) ئاشکرا بیت.

لەم بەشەدا دەگەینە سەر جۆری بیرکردنەوەی ئارتۆ لەمەر چەمکی -ئیستاندنو ئیراندن-پیشتر باسی ئەوەمان کرد کە بەباوەری ئارتۆ، دەبێ شانۆ ئەمرۆییو هاوچەرخ بێو ئەفسانە کۆنەکان بەشیوەیەکی ئەمرۆیی زیندوو بکاتەوە، بەلام ئەم ئیستاندنو ئیراندنە، هەمان روخسارە دیارەکانی ژیانی رۆژانە نیە، لەبەر ئەوەی پیویستە شانۆ جیاوازتر لەو روخسارە ئاساییانەی ژیان کاربکاتو

دەســت بــەرداری بابەتــە پەســەندکراوەکانی ژیــانی مرۆڤ بیت، لەبەر ئەوەی ئەو بابەتانە گرنگیان نیەو زۆر بـەخیرایی کـۆن دەبـن، هــەر بۆیــە دەبــێ شــانۆ روخسارە دیارەکانی ئەفسانەکان نمایش بکـات، لەبـەر ئەوەی ئەو روخسـارانە پایـەدارو بـەرداوامن، کەواتـە لــەلای ئــــارتۆ (ئیســــتاندنو ئــــیراندن) بــــەمانای روبەروکردنــەوەی بینــەرە لەتــەك بابەتــە گرنگــەکان کــە بـــەباوەری ئـــارتۆ بابەتـــە گرنگـــەکان، هـــەمان چۆنایەتی فەرهەنگیە، بەپیی بیرو باوەرەکانی ئارتۆ، ئـەو چەمکـەی لـەحالی حـازردا ئامادەیـە، کـۆی ئـەو ناوەرۆکە جیهانیەیە کەلەسەربنەرەتی کۆنترین دەقە کۆنــەکانی میــژوو شــیکراوەتەوەو بـــەهۆی جیــهان ئافـەرینیو خەلیقـەت ناسـیە مەکسـیکیو هینـدیو یـەهودیو ئیرانیەکانـەوە هاتۆتـە بەرهــەم. شـایەنی ئامــاژە پیکردنــە کەبــەباوەری ئــارتۆ، لیکچوونیــك لەنیوان ئارەزووە نهینیەکانی خەلكو ئامانجی شانۆی توندو تیژیدا هەیە، هەر لەبەر ئەمەشە کە بینـەران بەتوندی دەکەونە ژیر کاریگەری ئەو شانۆیەو بەئاگا دین، کەواتە شانۆ ئارەزووەکانی نیو نەسـتی بینـەران دینیتەدی.

لەسەردەمی ژیانی ئارتۆدا ئەو شتەی کە دیارو ئاشکرا بوو، مەترسی تەمومژاویو نیگەرانکەری کۆمەلگای ئەو سەردەمە بوو، ئەو مەترسیە وەکو دۆلیك بوو کەخەلکی لەسەر لیوارو قەراغەکەی بەترسو دلە راوکیوە بەرەو خوار تلیرو غل دەبونەوەو لەناو دەچوون. بەپیی ووتەی رەخنەگریك، ئارتۆ لەسەردەمی خۆیدا رۆلی پیغەمبەری ئاخر زەمانی لەئەستۆ گرتبوو، هەربۆیە رۆلی ئارتۆ لەنیوان دوو جەنگی جیهانیداو ویناندنی لەنیو روخسارە حەقیقیەکانی ژیاندا، تارادەیەك تەمو مژاویە، نەوەیەك لەنیوان مەودای دوو جەنگدا، بەهۆی سستی بیرو باوەرو یەقینەکان گرفتاری ناباوەریبوە، ئارتۆ لەو میانەییەدا دەیووت نەخۆشم، لەبەر ئەوەی کۆمەلگاکەم نەخۆشە، کەواتە ئەو نوینەری ئەو کۆمەلگا نەخۆشە بوو، کۆمەلگاکەی تووشی سەر شکاوییو ئاشوفتەیی دەروونی ببوو، سەردەمەکەی، سەردەمیکی کارەساتبارو قەیران زەدە بوو، بۆیە دەبێ شانۆ ئەو کۆمەلگایە دەرمان بکاتو بەسەر بێ قەراریو ناجیگیریە دەرونیەکاندا زال بیت، هەربۆیە وەکو

پێویست دەکات دەبێ پربێ لەهۆکارە بەهێزەکانی بنیات نانەوە، لەراستیدا ئارتۆ، حەقیقەتو مەترسی کارەساتیکی جیهانی وەسف دەکرد کەبەباوەری ئەو دەبوە هۆی نابووت بوونی جیهان، هەرخودی ئارتۆش وینەی ئەو چیرۆکە جیهانیە بوو.

ئارتۆ لەمەر ئاویتە بوونی بینەر لەگەل نمایش لەو باوەرەدا بوو کە پێویستە مەودای نیوان تەختەی شانۆو شوینی دانیشتنی بینەران نەمینێ، لەبەر ئەوەی نزیکی بینەران لەپانتایی روداوەکان دەبیتە هۆی ئاویتە بوونی لەتەك کەشیکی ئەفسوناوی‌و سیحریدا، هەربەم شیوەیە شانۆ وەکو نەریتیك خۆی بەرجەستەدەکات: لەو نەریتەدا سەرجەم ئەکتەرەکان‌و بینەران هاوبەشن، لەبەر ئەوە هەمان ئەو شتەی نمایش دەکریت، بریتیە لەبنە رەتەکانی بوونی خودی بینەران. لەراستیدا، بینەر، شایەتی زیندەگی خۆیەتی.

شانۆی سونەتی رۆژ ئاوا، داوا لەبینەران ناکات کە ئامبازی پرۆسەکە بن، بەلکو بینەر لەو جۆرە بەرهەمەدا کەسیکی هەلچووە و تەنها شایەتی روداوەکانەو ئاویتە بوون لەنیوان بینەران‌و ئەکتەرەکاندا روونادات.

بـەڵام لەشـانۆکەی ئـارتۆدا، بینـەر هاوبـەشو شـەریکی گەمەکەیـەو، بینـەرانو نمـایش، یەکـەیکی یـەکگرتوو پیـك دەهینـن. ئـەو گەمەیـە بینـەر دووچـاری هـەلچونو دلـەراوکیی دەکـات، هـەر لەبـەر ئەمەشە کە ئـارتۆ داوا دەکات سـنووری تونـدو تۆلـی نیـوان هۆلـی نمـایشو تەختـەی شـانۆ هـەلبگریتو چوارچیوەیەکی نـویٚ ببەخشـیتە پانتـایی نمـایش، تـا بینـەران بکەونـە ناوەراسـتی کارەکـەونمایش دەوروبـەرو چـوار دەوری بینـەران بگریـت، هـەروەها ئارتۆ دەخوازیٚ دەق گرنگـی جـارانی نـەمینیٚ، لەبـەر ئـەوەی دەق دەبیتـە هـۆی سـنوردارکردنی ئەکتـەرو دەیبەستیتەوەو بەرگرە لەبەردەم داهینـانی ئەکتـەر، هـەروەها لـەو باوەرەدایـە کەتەختـەی شـانۆ دەبیتـە هـۆی جیگـیریی بینـەران لـە پیگـەیکی دیـاری کـراوی بینینـدا، یـان بەواتایـەکی تـر دەبیتـە هـۆی ئـەوەی بینـەر لەدەلاقـەیکی دیـاریکراوو سـنوردارەوە سـەیری نمـایش بکـات، لەئـەنجامی ئەمەشـدا، شـانۆو ژیـان ئاویتـەی یـەکدی دەبـنو هیـچ سـنوریك لـەنیوانیاندا نامینیت.

لەبەرئەوە، بەباوەری ئارتۆ، شانۆ كاریكی سیحر ئامیزوو ئەفسونیە، هەربۆیە نمایش بواریك بۆ پیرۆزاندن فەراهەم دەكاتو هەر بەمشیوەیە شانۆ حالآتی زیكرو بێ هۆشیو نەشوە بنیات دەنێ، یان بەمانیكی تر، بینەر بواریك بۆ بینینی خەیالو ئارەزووەكانی خۆی دەدۆزیتەوە كە ئەو ئارەزووانە بنەرەتی ژیانی بینەرە، لەئەنجامی ئەمەشدا باشترو جوانتر خۆی دەناسیت. جگەلە قسەكردن لەسەر تایبەتمەندی بنیاتنەرانەو كاریگەریی راستەوخۆی شانۆ، نابێ وابیر بكەینەوە كە ئارتۆ دەیەویت بینەران وەكو كاریكی رەهاو وەكو حەقیقەتیكی رووت لەشانۆ بروانن، بەباوەری ئارتۆ، شانۆ قوتابخانەی فیركردنی بینەران نیە، تاسوود لەو فیربوونە وەربگرن لەژیانیاندا، گەر شانۆ هەلگری ئەو پەیامە بیت، بۆخۆی دروستكردنی مەودایەكی بەرفراوانە لەنیوان نمایشو بینەرانداو دواجاریش ئەو پەیامە بواری ئەفراندن لەشانۆ وەردەگریتەوەو سنورداری دەكات.

لەراستیدا، ئارتۆ لەلایەك ئاماژە بە پیویستی شۆرشگیری كۆمەلآیەتی دەكاتو لەلایەكی تریشەوە جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە كەهەرگیز پیویست

ناكــات شــانۆ لەخزمــەتی فێركــاریی‌و پــــەروەردە كردنداببێــت‌و بــۆ كاروبـــارە سیاســـیەكان ســـودی لێوەربگیرێت، بـەباوەڕی ئـارتۆ، نـابێت شـانۆ جێگـەی تـۆپ‌و تـانك بگرێتـەوە، دەبـێ شـانۆ، بنـەرەت‌و پێگـە گرنگـــەكانی ســـەردەمەكەی خـــۆی نمـــایش بكـــات‌و ســـەرجەم نـــاكۆكی‌و ئـــالۆزی‌و دژایەتیـــەكانی ئـــەو سەردەمە، پێشكەش بكات، نابێت پێگەیەكی لـەرزۆك هـــەلبژێرێت‌و راســـتەوخۆ بـــەپێی هەلومـــەرجێكی دیـاریكراو بكەوێتــە پروپاگــەندەی سیاســـی، شـــانۆ لەرێگـەی ئاشـــكرا كردنـــی نهێنیەكانـــەوە، دەتوانێـــت بانگشـەی گۆڕانكــاریی لــەقوڵایی بـیرو بــاوەڕو داب‌و نەریتـەكان بكـــات‌و ببێتـــە هـــۆی تێكدانـــی بنەرەتـــە چەسـپیوەكانی سـەردەمەكەی خـۆی، هەرلــەم رووەوە دەبێتــە میكــانیزمێكی چارەســەركەرو شــیفابەخش، بـەڵام ئـەم چارەسـەركردنە كـاریكی ئەفسـون ئـامێزو سـیحریە، یـان بـەمانایكی تـر شـانۆ پرۆسـەی رزگـار كردنی مرۆڤە لە توێكلی توندو قایمی كۆمەلگا، لەلای ئارتۆ (كاتارسیز) یـاخود پـاكژی‌و پـاكیزەیی دەرونـی، مانایكی ئەو تۆی نیە.

لەراستیدا، لەشـانۆکەی ئـارتۆدا بینـەر بـە ئـاگری نمـایش پـاکژ دەبیتـەوەو بەشمشـیرو بلیسـەی شـانۆی توندو تیـژی، زامـی رەشـی کۆمـەلگا دەسـوتینێ، ئـەم شـانۆیە، رۆحـی پـاک‌و بیگـەردی شۆرشـگیرایەتی بـەزیندویی دەهیلیتـەوە تالـەنیو مـادەو جیـهانی سەهۆل بەستودا، رەق نەبیتەوە، ئەم شانۆیە پردیکە بـەرەو کـەناری بینـەران‌و، روخینـەری حەسـارەکانی تەنیایـەو دەبیتـە هـاودل‌و هـاودەمی مـرۆڤ، ئـەم شـانۆیە، دژی شـانۆی دەروون ناسـیە، ئـەم شـانۆیە لەپیناو (خودناسی(و دۆزینەوەی شوناسی راستەقینە لـەنیو حالەتـە دەرونیـە کۆمەلایەتیـەکاندا کاردەکـات.وەکـو پیشـتر باسمـان کـرد، شۆرشـی راسـتەقینەی ئـارتۆ، شۆرشـی میتـافیزیکی‌و شۆرشـە لەئەندیشـەو زاتـی مرۆڤایـەتی‌دا، هـەر بۆیـە دەبیـت ئـەم جـۆرە شۆرشـە لـەپیش سـەرجەم شۆرشـەکانی ترەوە ریگەببریت‌و ریگە بۆ هەر جۆرە شۆرشیکی تـر هەموار بکات.

هەر لەبەر ئەمەش، ئارتۆ دژی بەلینەدەرایـەتی‌و ئیلتیزامە سیاسیەکانی سیریالیەکان بوو، بـەباوەری ئـارتۆ شـانۆ دەتوانیـت‌و دەبیـت گۆرەپـانی شۆرشـیکی میتـافیزیکی‌و هـزری دەسـتەبەر بکـات، ئەگـەر شـانۆ

ئـەم كـارە ئـەنجام نـەدات، زەمينـــە بــۆ ســەرهەلدانى جەنگ و پەتاو قاتو قرىو كوشــتار فەراهـەم دەبـێ. لەبــەر ئـــەوەى شـــانۆ، ئـــامرازى تـــەقاندنى دومەلـــە چلكنەكانەو ئەم ئازاديەى مرۆڤومرۆڤايەتى لەسـەر تەختەى شانۆ روودەداتو هاوكـات پيويسـتى رودانـى ئەو ئەركە لەژيانى واقيعـدا، دەكوژينيتـەوە. شـايەنى ئامـاژە پيكردنـە ئـەم بـاوەرى ئـارتۆ دژى بيروراكـــانى پيشــوويەتى، هاوكــات لەگــەل ئەمەشــدا، ئەوكاتـــەى ئــارتۆ دەربــارەى ئـــەم شــانۆيە ووتـــارى بلاوكـــردەوە، شـــانۆى بۆلڤـــار (كۆميديـــاى دەروون ناســـى)پانتـــايى شـانۆى داگـير كردبـوو، ئـارتۆ لـەو دەمـەدا دەيخـــوازى شانۆ بگەرينيتەوە نيو جيهانى تراژيديا.

ئـــارتۆ لەســـالى -1934-دا بـــۆ ئـــــەوەى وينەيـــەكى بەرجەســتە لەشــانۆى توندوتيــژى پيشــكەش بكــات، دەقيكـى تراژيـدى نووسـى بـەناوى _Ley Cenci- كەلــە داستانيكى (ستاندال) وەرگيراوەو لە 6ى مانگى ئايــارى سالى 1935 دا، پيشكەشى كرد، لەم نمايشەدائارتۆ رۆلــى سەرەكى بينىو هەربۆخۆشى دەرهينەر بوو، چيرۆكى ئـــەم نمايشـــە لەكەشـــيكى ئـــالۆزى ئـــەخلاقى يـــان بەواتايكى تر لەكەشيكى پر لە زينـاو قـەتلو تـاواندا

دەگـوزەرێ، سـەرجەم ئەمانـەش لـەزەین‌و زمـانی ئـارتۆدا بـەمانای لـەژێرپێ خسـتنی هـەموو بـەها ئەخلاقیـەکان‌و دارمـانی نـەزمی کۆمەڵایـەتی دەسـەڵاتدارو ویرانکردنـی رۆشـنبیری‌و فەرهـەنگی سەردەمە. بەڵام ئەو نمایشە لەبەر کەمی کات‌و کەمی بـواری تـەمرین‌و راهینـان، نـەیتوانی سـەرکەوتن بەدەست بـهینێ‌و جاریکی تـر ئـارتۆ بـۆ بەرجەسـتە کردنی تیۆریەکانی بەناکامی مایەوە.

لەراسـتیدا، نمایشـی _Senci_ جۆریـك ئاگـادار کردنـەوەی کۆمـەلگای رۆژ ئـاوایی بـوو، بـەڵام بینـەر نەیتوانی درکی پێ بکات‌و لیی حالی نـەبوون‌و گالتـە یان پێ ئـەکرد، شـایانی ئامـاژە پـێ کردنـە کـە ئـارتۆ پـاش ئـەو شکسـتە، لەمـەر دۆزینـەوەی فەرهـەنگی راستەقینە، رووی لەمەکزیك کرد.

هەمیشـە ئـارتۆ لـەزەینیدا سـەرقالی لیکۆلینـەوە بوە لەسەر چەمکی فەرهەنگ‌و تیروانینی جیـاوازیی لەمەر ئەو چەمکە بەرهەم هیناوە. لـەو سـەردەمەدا، ئـارتۆ رای گـەیاند کـە کۆمـەلگای رۆژ ئـاوایی لەسـەرجەم ئاسـتەکانی سیاسـەت‌و ئـابووری‌و کۆمەڵایـەتی‌و ئـەخلاقیدا، روو لەکارەسـاتیکی گـەورە دەنیـت‌و ئـەو کارەسـاتەش ریشـەیکی میتـافیزیکی

هەیـە. هـەر لەبەرئەمـەش ئـارتۆ بـۆ دۆزینـەوەی شوناسـی راسـتەقینەی مرۆڤایـەتیو ریشـەکانی حەقیقـەتو دانـایی بـەرەو مـەکزیك سـەفەری کـردو لـەلای نەتـەوەی سورپیسـتی (Tvahumava) مـەکزیکی دەست بەلیکۆلینـەوە دەکـاتو پاشـان دەچیتـە ولاتـی ئیرلەند، نیشتیمانی نەتـەوەی سیلت. ئـارتۆ کـەخۆی لـەنیو کۆمەلگایـەکی پارەپەرسـتو بەدرەوشـتا دەبینیتەوە (ئەمەی لەنامەیکدا لەسالی 1932 بۆ لویی ژوێ نووسیوە) لەسالی 1935 دا بەرەو مەکزیك سەفەر دەکـاتو دەخـوازێ بەلگەیـەك بـۆ سـەلماندنی تیۆریـەکانی خـۆی لەمـەر فەرهـەنگو میتـافیزیك بدۆزیتـەوە. هـەروەها دەیوویسـت لـەو سـەفەرەیدا لەسـەر دابو نـەریتو ئاینـە هەتاویـەکان زانیـاری کۆبکاتـەوە کـە لەمـەر نووسـینی - هلیۆگابـالٚ - پیویستی پیـی بـووە، هـەر لەبەرئـەوەش دەسـتیکرد بەزانیاری کۆکردنەوە لەسەر دەقەکانی غەیب ناسیو دەرونگەرایيو یاریی زۆرا (Tavot) مەبەستی ئارتۆ لەو سـەفەرەدا دۆزینـەوەی سـەرچاوە رەسـەنەکانی فەرهەنگـە لەمـەکزیك دا و مەبەسـتی رزگـاربوونی مرۆڤـە لـەو نـامۆییو پووچگەراییـەی کەفەرهـەنگی

رۆژئاوا بەسەر مرۆڤدا دەیسەپینیو لەو باوەڕەدایە کە ئەو فەرهەنگە کەوتۆتە ژێر هێرشی خودای باوك سیفەتانەی مەسیحیەتو سەرجەم وینەو هێماکانی باوك سالاریی بالی بەسەر یاساو بریارە کۆمەلا یەتیەکاندا کیشاوە. ئارتۆش هەروەکو غۆغانو رمبۆ کە لەبەر بیزاریان لەرۆژئاوا، لەمەر دۆزینەوەی حەقیقەتو پاکیزەییو ریشەکانی ژیانو بنەرەتەکانی داهینان سەفەریان کرد، ئەویش ریگەی مەکزیکی گرتەبەر، بەئۆمیدی دۆزینەوەی ئەو نادیارەی لیی دەگەراو لەو باوەرەدا بوو کە ئەو جیهانەی تییدا دەژی، کۆنو پەر پووت بوە، یاخود ئەم سەفەرەی بۆ دۆزینەوەی ماناکانی بوونو ناسینی ناوەخنی ژیانو فەرهەنگ یاخود لەمەر نەگەرانەوە ئەنجام دا.

ئارتۆ لەسالی 1936دا، دەگاتە مەکزیك. بەکونو قوژبنی ئەو ولاتەدا گەراو دەرونگەراییو ئاینە پر لەنهینیەکانو شەپۆلی رۆحو پیرۆزی دۆزیەوەو هەر لەویدا راستی تیۆریەکانی خۆی بۆ دەرکەوتو حەقیقەتی دروست بوونی شۆرشیکی سەراپاگیری بۆ مرۆڤایەتیو جیهان حەتمی لەقەلەم دا. (لەسالی 1955 ) دا پاش مەرگی ئارتۆ کۆمەلە وتاریکی

لەژیر ناونیشانی (les Tavabumavas_ لەمەر مـەكزیك) بڵاوكرایـەوە، پیـش سـەفەرەكەی بـۆ مـەكزیك ئـارتۆ رایگـەیاندبوو كـە فەرهـەنگ دابـراوە لـەژیانو چەمكیكی كەم ئەندامەو دەبیّ فەرهەنگ پـاكیزەییو زیندویەتی خۆی بدۆزیتەوە، بە باوەری ئـارتۆ وڵاتـی مەكزیك كەنیشتمانی سورپیستەكانەو سەرزەمینیكی دابـراوە لەناشـرینیەكانی ئـەوروپا، لـەویدا شـانۆ دەتوانیّ ژوانگەی راستەقینەی ژیان بدۆزیتەوە.

لەراستیدا، ئارتۆ یەكەمجار چاوی ئومیدی بریبوە رۆژهـەڵاتی ئەفسـانەیی (لەژاپۆنـەوە تـاتبت) و لـەو باوەرەدا بوو كە فریادرەسو ژیانی دوور لەمەترسیو حەقیقەتیش لەرۆژهەڵاتەوە هەل دەكات. بەڵام وردە وردە پـاش ئـەوەی بـەوردی لیكۆلینـەوەی لەسـەر رۆژهەڵات ئەنجام دا، چیتر رۆڵی ئەو ناوچەیە لەچاو مەكزیك، كەمرەنگتر دەردەكـەوت. هەرچـەندە ئـارتۆ لەدژی ماتریالیزمی رۆژئاوایی، نـارەزایی دەردەبـریّو لەوباوەرەدایـە كـە مادەگـەرایی دەرئـەنجامی دو فاقیانـەیی رۆژئاوایـە كـەبوار بەگەشەسـەندنی میتـافیزیك نـادات، بـەڵام لەگـەڵ هـەموو ئەوانەشـدا، هیچ هۆكاریك بۆ هەلبژاردنی عیرفانو دەرونگـەرایی

وشك هـەڵاتوو کەدەرئـەنجامی جودایـی رۆحو مــادەو جەستەو گیانە، نابینیتەوە. ئارتۆ، رۆژهەڵاتی رامانە تیۆریــەکانو رۆژهــەڵاتی پیگــەی دژایــەتی کردنـــی جەستەو بەهەشتی ئەفیونی رەت دەکاتەوە.

ئەو، بۆ دۆزینەوەی فەرهەنگیکی بــەرزترو باشـتر لەفەرهـــەنگی ئـــەوروپا روو لەمـــەکزیك دەکـــات. بــــــەباوەری ئــــــارتۆ، فەرهــــــەنگی حــــــەقیقی مـەکزیکی،دەتوانیـت روبــەروی فەرهــەنگی درۆزنـــی ئەوروپا بیتەوە.

ئارتۆ دەلیت: فەرهەنگی حەقیقی کە لەمـەکزیك دا لەدوی دەگەرا، پیویستی بەمیتافیزیکیـەت دەکـرد. ئـەوروپا پـاش دیکـارت، ریگـەی هۆشمـەندیو زانسـت هـەلدەبژیریتو فەرهـــەنگ لەچەمکـە رەســەنەکانی پیکهینانی دادەبریت. ئەوروپا لەو سەردەمەدا ئەوەی فـەرامۆش کـرد کەجوڵانـــەوەی هــزر، دوو لایەنەیــە. لەناخـــەوە بـــەرەو دەرەوە دەجولیـــت، پیـــش ئـــەوەی لەدەرەوە بەرەو ناوەوە بروات. ئەگەر ئەم پەیوەندیە دوو لایەنەیـــە لەشـــوینیکدا بپچریــــت، ئـــەوکات پـــەیوەندی ژیـــانو سروشـــت دادەبریـــتو ئەمـــەش لەراســـتیدا بـــارودۆخی ئەوروپایـــە، لەبەرئـــەوەی پەیوەندی لەگەڵ هیزەکانی ژیاندا، پچراوە. رۆخسارە

دیارەکانی زانست دەبێتە ڕێگرێکی سەرەکی لەبەردەم پەیوەندی نێوان مادەو هزر، هەر لەبەرئەمەش فەرهەنگ دەمرێتو لەرێ بەدەردەچێت. ڕۆحیەتی شێکاریی زانستی، دژی شیعرە، و شیعر بۆ ئارتۆ بەمانای ( ناسینی چارەنووسی دەرونی ئەندیشەیە).

فەرهەنگی ڕۆژئاوا، کتێبیو نووسراوو ئاخافتە، قسەیە، کەواتە فەرهەنگێکی مردوە، بەڵام فەرهەنگی حەقیقی، لەئامانجی ئەقڵانیەتو هۆشمەندیو لەدنیا دابراوە، هەر لەم میانەیەشدا، مرۆڤی ڕۆژئاوایی بوە بەدوو پارچەوە، بەڵام لەراستیدا، مرۆڤ یەکەیکی دابەش نەبوەو ئارتۆ دەزانێت کەکۆلۆنیالیزمو (ئیمپریالیزمی خۆویستانەی ئەوروپا) فەرهەنگی سورپێستەکانی خنکاندوە، بەڵام ئارتۆ لەو باوەرەدایە، لەبەرئەوەی ئەو فەرهەنگانە بەتەواوەتی نەمردوون ، دەتوانن زۆر بەهێزتر لەرابردوو، زیندو ببنەوە. لەروانگەی ئارتۆوە، فەرهەنگی مەکزیك، (فەرهەنگ - بنەرەت) و فەرهەنگ، دەستپێکە. هەروەکو چۆن سورپێستەکان ئاراهو، بە (نەتەوە - بنەرەت) دەزانن، کەواتە پەیوەندیان بە بنەرەتە سەرەکیەکانی میتافیزیکەوە هەیە.

یـــەکێك لـــەهۆکارە ســـەرەکیەکانی حـــەزی لەرادەبـەدەری ئـارتۆ بـۆ سیسـتمە دەرونگـەرایی‌و شیکاریەکان لەریگەی ژمارە و ئاماژەکان‌و لەریگـەی - زۆرا (Tavot) و (قیبـــالا) وە، هەســـت کردنـــە بەگۆشەگیری لەکۆمەلگای فەرەنسیدا، کە ئەو هەستە لـــەجاران زیـــاتر ئـــارتۆ نـــامۆ دەکـــات. هـەر لـەو سـەردەمەداو پـاش گەرانـەوە لەمـەکزیك لـــەکتیببکی سەرســـورهینەردا بـــەناوی (Kes Nouvelles vevelations de Ietve - 1937) پیشـبینی کۆتایی پیهاتنی جیـهان دەکـات کـە لـەنیوان ئـاگریکی بـەتیندا، دەسـوتیت‌و دەتویتـەوە. ئـارتۆ لـەو کتیبـەدا بەزمانیکی پەیامبەرانەوە غەیبی قسـە دەکـات. بـاس لـەکۆتایی هـاتنی جیـهان دەکـات، خـۆی بـەنیردراوی خـودا، مەسـیح دەزانـیّ، لەلایـەن خـوداو مەسـیحەوە قسە دەکات، بـەلام مەسـیحەکەی ئـارتۆ مەسـیحەکەی کاسۆلیکیەکان‌و پاپای گەورە نیە.

هەندێك کەس لەو باوەرەدا بوون کە ئەو قسانەی ئارتۆ، سەرەتای شێتی‌و دێوانەیی‌یە. بەلام لەروانگەی هەندێکی ترەوە، شێتی ئـارتۆ، کاردانـەوەی شـێتیەکی سەرتاسەری‌و گشتی‌یە. لەگەلّ هەموو ئەمانەشدا، لەو جیهانـــەی کـــە تائەوپـــەری لەحەقیقـــەت

دوورکەوتۆتـــەوە، حـــاڵی بـــوون لـــەو حەقیقەتـــەی کەئارتۆ بانگەشەی دەکات، هەرگیز دەستەبەر نابێت‌و قسـەکانی ئـارتۆ دەبێتـە وڕێنـەی مرۆڤێکـی دێوانـە. جـارێکی تـر ئـارتۆ بـۆ دۆزینـــەوەی حەقیقـــەت‌و بـــۆ کەشف کردنی نهێنیەکانی - درۆئیدی - لەساڵی 1937 دا بـــەرەو ئێرلـــەندا، ســـەفەر دەکـــات. هـــەر لـــەم سەفەرەشدا، ئارەزوە دینیەکانی ئارتۆ سەرهەڵدەدات‌و خۆی بەخاوەنی راسـتەقینەی بانگەشـەکەری پـەیامی رزگـارکردنی جیـهان دەزانـێ، بـەناوی خـوداوە قسـە دەکات، (بونی گشتی) بەخودا دەزانێ‌و دورکەوتنەوەی جیهان لەو بوونە گشتیەو دورکەوتنـەوەی لەزاتیـەتی مرۆڤایـەتی بەفـەرامۆش کردنـی حەقیقـەتی خـودا دەزانێ، و هەر لەو میانەیەشـدا لەسـەر وێنـەی بـاوك سـالاریانەی خـودای مەسـیحیەکان قسـە دەکـات، نوقلانـەی بـەرپابوونی ئـەو شۆڕشـە جیهانیـە دەدات کـەزادەی ناکۆکیـــە بنەڕەتیـــەکانی میتافیزیکـــەو ئامـــانجی روخـــاندنی جیـــهان‌و ســـەرلەنوێ بنیاتنانەوەیەتی. بانگەشەی ئەوە دەکات کەنێردراوی حـەزرەتی مەسـیحەو قایلەبـەوەی هـەروەکو مەسـیح لەمەڕ رزگارکردنی مرۆڤایەتی، خۆی بکاتە قوربانی‌و

هەر لەم بارەیەوە دەڵێت: مرۆڤایەتی لەدژی باوك - خودا و روحی پیرۆز- شۆڕش دەكات، لەو شۆڕشەدا، مەزهەبی كاسۆلیكی لەبەر بت پەرستی روو لە فەنابوون دەكاتو پاپای مەزنیش بە تۆمەتی خیانەت، بەمەرگ مەحكوم دەكرێ. بە باوەڕی ئارتۆ، لەنێو ئاگری ئەو شۆڕشەدا ناڕاستیەكان دەسوتێن، بۆئەوەی پێگەیەك لە مەڕ پاكیزەیی بێسنوری بوون دەستەبەربیت، سەرجەم ئەم توندوتیژیو بێرەحمیەش مەرجی گرنگو پیویستی ئەو شۆرشەیە.

هەر لەمیانەی ئەو سەفەرەدا، پەریشان حاڵو سەراسیمە لەبەرئەوەی بەباوەری كۆمەلگا، دژایەتی بریارە كۆمەڵایەتیەكان دەكات، بەدەستبەسراوی دەگیریتو رەوانەی شیتخانە دەكریتو بۆماوەی 9 ساڵ لەوێ دەمینیەوە. هەر لەو ماوەیەداو پاش دەرچوونی لەشیتخانە، لەهەلومەرجیكی پر لەمەترسیدا، باوەرە ئاینیەكانی جار بەجار دەگۆریتو هەندێجار باوەردارو خوداناسو هەندێ جاریش (لەسالی 1945) دژایەتی مەزهەب دەكاتو دەبیتە ئەو كەسە كافرەی كەهیرش دەكاتە سەر حورمەتی ئایینو خودا، بەلام دواجار ئەو باوەرەی

کەلەناخیدا بەرامبەر بەخودا و ئایین  دروست دەبێ بــەزادەی لاوازیــی جەســتەیی‌و پەریشــانحالی خــۆی دەزانێ‌و دەلیت ئەم باوەرانەی  مـن زادەی نەخۆشـی‌و رۆحی لاوازی منن.

لەویەك دوو سالەی کۆتایی ژیانیدا کەلەشــیتخانە دەردەچیـــــت، لـــــەجاران زیـــــاتر لەفەرهــــــەنگی سەردەمەکەی د ادەبریت‌و چیتر سەرجەم نەریتەکانی ژیــان لــەژیر پیدەنیــت‌و خــامۆش‌و بیدەنــگ خــۆی لەقســەکردن دەپــاریزێ‌و لەبەرئـــەوەی بـــەدحالی بوونەکان پەرەنەسینێ‌و بۆئەوەی بەتەواوەتی لەژیان دابـبریت، چیـتر گۆشـەگیریی‌و تـەنیایی هـەلدەبژیرێ. یـاخود دەتوانــین بلیــن کــە - خــۆ دەکــوژێ - و لەو سەردەمانەدا، مانای  لـە دوا مانگـەکانی ژیـانیدا، بـۆی دەردەکــەویت کــەبرا و هاوتــای گیـــانی بـــەگیانی - ڤـــــان کوخــــــە - هەرئەمــــــەش بەقســــــەی ( ئاندرێ بریتۆن) دۆزینەوەی ناوەرۆکی دەقەیکە،  کـە بـــۆ خـــۆی شـــاکاریکی مەزنـــــە بـــــەناوی: (le suicide de la societe-1997،Van cogh)  بــە بــاوەرێ ئـارتۆ، ڤــان کــوخ خــۆی نەکوشــت، بــەلکو کۆمــەلگا کوشـتی، شـیت نــەبوو، بــەلکو کۆمــەڵ شــیتی کــرد.

کۆمـەلگا بـەزەیی بـەو کەسـانەدا نایەتـەوە کەبـەجیی دەهیلن‌و رەتـی دەکەنـەوەو بـەجۆریك سـزایان دەدات کەدوچاریی گۆشەگیری دەبن‌و بەراستی شـیت دەبـن‌و دواجاریش بەویستی خۆیان دەمـرن. ئـارتۆ لـەکۆتایی ژیـانیدا خـۆی وەکـو ڤـان کـوخ دەبینیـت‌و لـەو باوەرەدایە کەڤان کوخ لەمەر دۆزینـەوەی حەقیقـەت پشـتی لەکۆمـەل کـردوە. شـایانی ئاماژەپیکردنـە کـە کۆمـــەلگا نـــاتوانیت لەبەرامبـــەر ئـــەو کەســـانەدا بیدەنگ بی.

دەبی ئەو راستیە لە یادنەکـەین کەئەندیشـەکانی ئـارتۆو هـەندی جـاریش رەفتـارو هەلس‌وکـەوتی ناتـەباو دژ دەوەسـتانەوە، تەنانـەت بیروراکـانی ئـارتۆ سـەبارەت بـەهاولاتیان‌و هاوریکـانی و بەرهەمـەکان‌و شـانۆو دەرهینـان، دژ بەیـەك‌و پیچەوانەیـە. وشـەیك بەدوو مانا بەکاردەهینیت، بۆ نمونە ئەو دەمەی باس لـەویرانی دەکـات، هـەر ئەوکاتـە مەبەسـتی ئاوەدانکردنەوەیـە. هـەر لـەم بەشـەی ئـەم کتیبـەدا لەمـەر ئـەو نـاکۆکی‌و دژاتیەتیانـە دەنووسـین کەلەبیروراکانی ئارتۆ دا هەبوە.

ئـارتۆ بـە بـەردەوامی جـەخت لەسـەر یـەکرەنگی نمایش دەکاتەوەو دوبارەبونەوە رەت دەکاتەوە، بـەلام

ئەمـــە بـــۆ خـــۆی رەتکردنـــەوەی پرۆســـەکەیە، لەبەرئـــەوەی نمـــایش هـــەرچۆنیك بیـــت دوبـــارە دەبیتەوە، بەڵام ئەم دوبارەبونەوانە بـەباوەڕێ ئـارتۆ لەئاستی رەسەنیەتی دەرونی نمـایش کـەم دەکاتـەوەو دواجـاریش بـەبن بەسـت گەیشـتنی داهینانـە، بـە بـــاوەری ئـــارتۆ بنیاتنـــانی کەســـایەتی لـــەنیو کەســـایەتیەکی دەرەکیـــدا پەنابردنـــە بـــۆ دەرەوەی چوارچیوەی شانۆو ئەمەش حالـەتیکی پـر لـەنامۆیی بۆ نمایشەکە دروست دەکات.

لـیرەدا، ئیمـە رەنگـە بگەینـە ئـەو ئەنجامـەی کـە رەت کردنەوەی یەکرەنگیو دوبارەبوونەوە، پیویست بەهەلقوڵانی بەردەوامی دەرونیو پیویست بەجۆریك لەکاری ئیرتیجالی بکات. بەڵام هەر خـودی ئـارتۆ لـەو باوەرەدایـە کەشـانۆ دژی ریکـەوتو ئیرتیجالـەو دەبـێ لەمەر بنیاتنانی، بـەوردی بـیر لەهـەموو هۆکارەکـانی بکریتـەوەو زانسـتیکی هونـەری لەپشـت پرۆســەکەوە بیـتو ریتمیکـی وا هـەما هـەنگ بـەریوەی ببـات، کـە گەردیلە نەبینراوەکانی بەرهەمیکی شانۆیی لەخۆیدا ریـك بخـات، بـەوجۆرەی لەسـەمای نمایشـی بـالیدا دەیبینین. کاری ئیرتیجال بۆ خۆی مانایـاکی تایبـەتی

هەیـە کـە لـەویدا توندوتیـژی هەرکەسـە بێپـەردەو ئاشـکرا دیـارەو لەسـاتی دروسـت بوونـی کـاریکی ئیرتیجـالدا توندوتیـژیو ماناکـانی تـر بـۆ خۆیـان لەدایك دەبن.

بەڵام لەشانۆکەی ئارتۆدا، ئەرکی سەرەکی نمـایش ئاشـکرا کردنـی توندوتیژیـەکانو پـەردە هەلمالینـە لەسەر نهینیەکانی پشت دابو نەریتـەکانی کۆمـەلگا. بۆئـەوەی کۆمـەلگا، نـەتوانیت ئـەو توندوتیژیـە لـەخۆیدا حەشـار بـدات، دەبـێ شـانۆ ئاشـکرا تـرو بـە بەرنامـە کـاری بـۆ بکـات، لـیرەدا جـاریکیتر خـودی ئارتۆ ئیرتیجال رەت دەکاتەوە بـەڵام وەکـو هۆکـاریکی پیویسـتیش ئـەو چەمکـە جـەخت لەسـەر ئامـادەیی خۆی دەکاتەوە لەبنیاتنانی ئەوجۆرە نمایشەدا.

ئـەو دەمـەی کەسـەرجەم دەسـەڵاتەکانی کۆمـەلگا دادەرمیـنو ئـەو سـەردەمەی کـە شـانۆی توندوتیـژی ئەرکەکـەی خـۆی بەئـەنجام دەگـەینیت، ئـەوکات سەردەمی ئیرتیجال دیتـە پـیش. شـانۆ میکـانیزمیکی جدیـە بـۆ ئاشـکراکردنی بنەرەتـە حەقیقیـەکانی میتـافیزیك بـەڵام ئیرتیجـال هاوکـاریی حەشـاردانو شـاردنەوەی ئـەو بنەرەتانـە دەدات. کەواتـە ئیرتیجـال دژی شـانۆیە، لەبەرئـەوەی هـەم بـەرگرە لەبـەر دەم

ئــەوەی کەشــانۆ، شــانۆیکی توندوتیــژ بیــتو هـــەم لەئایندەیــەکی نادیـــاردا، لـــەپاش ســـەردەمی شـــانۆ دەردەکـــەویت کــە ئـــەوکات دەرکـــەوتنی زۆر پـــوچو بێهودە دەبیت، لەبەرئەوەی ئـەوکات ژیـان بـۆ خـۆی پراوپر بوە لەتوندوتیژی.

بەهـەرحاڵ بــۆ ریگریکـردن لەدوبارەبوونـــەوەی نمـایش، پیویســـتە هـــەر نمایشـــەو تەنـــها یـــەك جـــار پیشکەش بکریـت، ئـــەوکات نمـــایش دەبیتـــە بۆنـــەی جەژنو وەکو ئاهەنگیکی بێهاوتا سەرجەم بینەرانو ئەکتـەرو مـرۆڤو توندوتیـژی، پیکـەوە گــرێ دەدات. ئــارتۆ لــەکۆتایی کارەکــەو ریگەکــەیدا دەگاتــە ئـــەو ئەنجامەی کەبەبێ کەلك وەرگرتن لەئەکتـــەر، ئـەرکی نمـایش بۆخـۆی لەئەسـتۆبگرێو بـەبێهۆکار، خـــودی خـــۆی حەقیقـــەت و مەبەســـتی خـــۆی بەبینـــەران بگەیـەنیت. بـەڵام بـۆ بەئـەنجام گـەیاندنی ئـەم کــارە هەولەکانی بێئاکام دەمینیـتەوەو پـاش سـەفەرەکەی بــۆ مـــەکزیك جـــاریکیتر شکســـت دەخـــواتو لـــەو ســـەردەمەدا ژان لویـــی بـــارۆ جوانـــترین گوزارشـــت لـــەئارتۆ دەکـــاتو دەلیـــــت: (ئـــــارتۆ روخســـــاری راستەقینەی شانۆ و خودی ئارتۆ شانۆیە).

شـــایانی ئامـــاژە پیکردنـــە، ئـــارتۆ لەســـــەرەتای راگەیاندنـەکانیدا لەمـەر شـانۆ، بـاوەری بەریکـەوت و ئیرتیجال‌و روداوە خۆرسکەکان هەبوە، بە بەردەوامی جەختی لەسەر گرنگی خـەیاڵ‌و نەسـتی هونەرمـەند کردۆتـەوە لـەبنیاتانی شـانۆکەیدا، بـەلام دواتـر هـەر خـودی ئـارتۆ ئـەو بیروراپانـە رەت دەکاتـەوە. ئـــارتۆ دەیخـوازی شـانۆ وەکـو گـەرأنی خوین بـەدەمارەکاندا، ریتمیکی ریك‌وپیك وەربگریّ‌و بەهـەمان شـیوە سـود لەخـەیاڵ وەربگـــریّ‌و زانســـت‌و بوارەکـانی جەســـتەو کاریگەریی روناکی‌و مۆسیقا بەسەر جەستەدا لـەباتی شـانس‌و بـەخت دابنــیّ، بـۆ ئـەوەی شـــانۆ لەســـەر بنەرەتیکی وردو پتەو خۆی بنیات بنیّ.

بـەلام، بـەچ شـیوەیەك زانسـت‌و شـیعر لەشـانۆدا ئاویتـەی یـەکتر دەبـن؟ ئـــارتۆ لەشـوینیکدا ستایشـی مـــەزنیی شـــانۆ دەکـــات‌و لەشــوینیکی‌تر رەخنـــە لەحالـەتی کۆنەپەرسـتانەو بـەبن بەسـت گەیشـتووی شـانۆی رۆژئـاوا دەگـریّ: لـەژیر کاریگـەریی شـیوازی وردو بیرکاریانەی دەرهینانی شـانۆی بـالیدا، ستایشـی وردبینـی‌و ئـەکادیمی بوونـی دەرهینـەر دەکـات‌و لـەو باوەرەدایـە کـە دەبیّ، زانسـتیکی هونـــەریی پالپشـتی لەبەرهەم هاتنی نمایشیك بکات.

ئـارتۆ پێـی وایـە کەزانسـت، لـەبواری شـانۆدا، ئەفسـونیکی گەشەسـەندوو جیگـیرە، دەرهێنـان وەکـو زانستی سەرەکیو بنەرەتی لەبەرچاو دەگیریتو بـوار بۆ کاری ئیرتیجـالو هەرەمـەکی نامێنیتـەوە، لەساتی دروسـت بوونـی نمایشـیکدا، گرنـگ دروسـت بوونـی کەشە ئەفسونیەکەیە. سەرەتا ئارتۆ لەو باوەڕەدا بوو کەریکەوت ئەو سیحرە دروست دەکات، بـەلام دواتـر ئەو حەقیقەتەی بۆ ئاشکرا بوو کەتەنها زانست ئـەو هـیزەی تیدایـەو دەتوانـێ نەریتـە ئەفسـونیەکانی رابردوو، زیندو بکاتەوە.

ئـارتۆ دژی هـەموو جـۆرە ئـەدەبیکی تایبـەتیو سـەبکیکی سـەربەخۆیە، بـەلام هـەر بـۆ خـۆی لەنووسیندا خاوەن سەبکیکی تایبەتیو پر لەخەیالو لیوانلیو لەوینەی ئەفسونیە، کـە ئـەم شـیوازە نزیکـە لـەجۆری ئاخـافتنی بریگسـۆن. ئـارتۆ پـاش هـەولیکی زۆرو بـەردەوام دەتوانـێ ئـەو شـیوازە لەنووسـیندا بدۆزیتـەوە، خوینـەری ئـارتۆ، بـەهۆی دەقەکانیـەوە هینـدە لـە وینـەو جیـهانی ئەفسـونی ئـارتۆ نزیـك دەبیتـەوە، کـەوەکو ئەوەیـە سـەیری نمایشـیك بکـات. ئـارتۆ پـاش چـەند دیـدو بۆچونـی پیچەوانـە لەسـەر

گرنگی دەق لەشانۆدا، سەرئەنجام دەگاتە ئەو باوەڕەی کـەئاخافتن یەکێکـە لـەهۆکارەکانی شـانۆ بـەڵام هۆکـاریکی زۆر گرنـگو سـەرەکی نیـە، لەشـانۆکەی ئارتۆدا، دەرهینەر لەسەروو نوسەرو نمـایش لەسـەرو دەقەوەیـە، هەربۆیـە لەتیۆریـەکانیدا زۆر بەسـووکی مامەڵـەی دەق دەکـات. لەگـەڵ ئەوەشـدا لـەکاتی کـارکردندا پـەنا بـۆ دەقـە گـەورەو بەناوبانگـەکان دەبات. جیا لەمانە هـەمووی، تائیستا هیـچ نمایشیك بەبێ دەق بوونی نیەو نابیت. (تەنانەت ئەو کارانەی کەپشـت بـەدەقیکی نوسـراو نابەسـتیت دواجـار هیلکاریـەکی زانستیو هونـەریی پالپشتی لـێدەکات) لەکۆتایشدا دەبێ بزانین کە، کـەم کردنـەوەی گرنگی دەق لـە شـانۆداو پاراسـتنی (شـیعریەتی نمـایش) ئـەو شۆرشـەیە کـە لـەئارتۆ بـەیادگار ماوەتـەوە. ئـارتۆ دەیـووت: نمونـەی زۆر ئاشـکرا و رونـی ئـەم جـۆرە نمایشـەی لەشـانۆیکی بـالی لەسـالی 1931دا لـەپاریس، دۆزیوەتەوە.

لیرەدا دەتوانین ئاماژە بـەوە بکـەین کـە دەکریـت بـەهۆی ئاویتـەکردنی شـانۆی بالـێ (کـە لەسـەر بنـەرەتی جولـەو ئامـاژەو هیمـا بنیـاتنراوە) لەگـەڵ شانۆی رۆژئاوایی (کەپشتی بەدەقو ئاخافتن بەستوە)

ئـارتۆ بگاتـە ئـەوەی کـە دەیـەویت. لەراسـتیدا، ئـارتۆ بەتەواوەتی زمان رەت ناکاتەوە، بەلکو دەلیـت: دەبـێ زمـان، بەشـیوەیەکی کیمیاگەرانـە کاربکـات، هـەر لـەم میانەیەشدا شانۆی رۆژئاوا رەت دەکاتەوە، بـەلام لـەو باوەرەشـدا نیـە کـە دەبـێ پشـت بەشـانۆی ئاسـیا ببەسـتینو لاسـایی بکەینـەوە، بـەلکو ئـارتۆ لـەو باوەرەدایە کەدەبێ شانۆی رۆژئاوا بۆئەوەی سـەرجەم هۆکارەکـانی دەربریـن بناسـیت، پیویسـتە شـیوازە ئاسیایەکانی نمایش بەباشی بناسیت.

بـەلام سـەرجەم ئـەم ناکۆکیانـە لـەبیروراکانی ئارتۆدا، سەرچاوەکەی دەگەریتـەوە بـۆ زمـانی ئـارتۆ، کـەزمانیکی دوو رووە، لەبەرئـەوەی ئـارتۆ دەیـەویت ئـەو زمانـە ئاسـاییە تیـک بشـکینێو زمـانیکی نـوێ دروست بکـات، هاوکـات هـەر بـەو زمانـە ئاسـاییەش، شتی نوێ دەرببریت، بەلام لەم ریگەیەدا ئارتۆ سـەری بـەر دیواریـک دەکـەویت کـەتراژیدیای ئارتۆیـەو سەرچاوەکەشی ئـەو ناکۆکیـە رەهایانەیـە کـەناکریت یەکلایی بکرینەوە.

زۆربەی رەخنەگران لەو باوەرەدان کەتیۆریەکانی ئـارتۆ پیچەوانـەی یـەکترىو تـەمو مژاویـەو

یەکگرتویەکی لۆژیکی تیدا نیە. بۆ نموونە - ژان پۆل سارتەر - رەخنە لەئارتۆ دەگریتو دەلیت: تیۆریەکانی ئارتۆ پر لەکەموکوریو ناتەواویە. بەلام ئارتۆ بۆ خۆی دەلیت: من تیۆریستم نەوەکو بەرهەلستکاریکی سیاسی. ئۆژن یۆنسکۆ لەبارەی ئارتۆوە دەلیت: زانیاریەکانی ئارتۆ ناتەواوەو کەموکوریەکی بەرفراوانی هەیە.

هەندیکیتر لەو باوەرەدان کەئارتۆ لەتیۆریەکانیدا گرنگی بەخەلکی نەداوە، یان بەواتایکیتر لەو باوەرەدان کە ئارتۆ لەواقیعی ژیانی خەلکی بیئاگایەو بەبی گرنگی دان بەو واقیعە، ویستویەتی شانۆ وەکو ئاهەنگیکی هەمەگیر سەرجەم بینەرانو ئەکتەرەکان ئاویتەی سروتیکی ئەفسونی بکات. بەلام دەبی بزانین کەبۆ گۆرینی شانۆ لەقۆناغیکەوە بۆ قۆناغیکیتر، پیویستە بینەران بگۆرین. یاخود دەبی لەکاتی گۆرانیکی تازە لەشانۆدا گرنگی بەهەردولا بدریت. بەلام لەو دەمەدا، بینەران زۆر درەنگ لەمانای داخوازیەکانی ئارتۆ دەگەیشتنو زۆر بەخاوی بۆ ئەو مەبەستە ریگەیان دەبری، بۆیە ئارتۆ دەیویست بەهۆی شانۆی توندوتیژیەوە ئەو بینەرە سادەیە ببزوینیو

سەرجەم داب و نەریتەکانو خوەکانی تیك بکشێنێ، تەنانەت بەلایەوە گرنگ نەبوو کەبۆ ئەو مەبەستە بینەران بداتە بەرجنێو. لەبەرئەوەی لەو باوەڕەدا بوو کەپاش تێپەڕینی کاتو سەردەم، بینەران ئەو نمایشە پەسەند دەکەن. کەواتە بینەرانی لەیاد نەکردبوو. بەڵام دەیوویست شانۆ بەشێوەیەکی ئەفسونیو جادوگەرانە کاربکات، نەوەکو پاشکۆی واقیعو ژیانی ئاسایی خەلك بێت. هەر ئەو شانۆیەش، دەتوانێت بینەرانی بخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە، هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا، دژی ئاویتەبوونی دیدگا سیاسیەکان بوو لەگەڵ شانۆداو، لەبەرئەوەی سیریالیەکان پەیوەست بوون بە پارتی کۆمۆنیستەوە، بەجیهێشتن. بەڵام شانۆ لەم سەردەمەی ئێمەدا جۆرێك شانۆی بۆرژوازیی گۆشەگیرە، و بریختی تیۆریستی شۆرشگێرو ئارتۆ هەردوو لەو گۆشەگیریەدا، کاریگەریی خۆیان هەیە.

لیرەدا، پێویستە سەرچاوەکانی تیۆریەکانی ئارتۆ دیاری بکەین، بەتایبەتی لەزەمینەی شانۆی توندوتیژیدا، لەبەرئەوەی یەکێك لەو رەخنانەی

لــەئارتۆ گــیراوە ئەوەیــە کەهــەندیك لەتیۆریــەکانی لەلایەن خەلکی ترەوە پیشتر پیشکەش کراوە.

ئارتۆ پیاویکی تەنهاو نـامۆو گۆشـەگیر بـوو، هـەر لەبەرئەمـەش خـۆی بـــەهاوتای (ڤیـۆن)و (بۆدلـیر)و (ئالان پۆ)و(ژیراردۆ نیروال)و(لۆتەرئامون)و (نیتچە)و (کیرکــە گــارد)و (هیلدریــن)و (ڤـــانکوخ)، دەزانـــی. فەلسـەفەی تـاتۆئیزمی دەناسـیو ریـزی لـەبیروراکانی بابایوحــەنای ســەلیبیو مــارکی دۆســادی ئاژاوەگــیر دەگرتو هەندیك لەرۆمانتیکە بەریتانیـەکانی وەکو Mathew Gregory و (1824-1782) chavles Robert Maturin Lewis (1818-1775) دەناسیو ریزی لیدەگرتنو هەندی: رۆمــانتیکی ئـــەلمانی وەکــو بوخنـــەر (1837-1813) و هۆڤمـــــەن (1822-1776) و کلاســــیت (1811-1777)ی دەناســیو هــەروەها ریــزی زۆری لەداستایۆفســکی دەگـرت. هـەندیك لـەهۆکارە بنیاتنــەرەکانی شـانۆی ئارتۆ لەبیروراکانی – سینیکا- (نووسەری تراژیدی مێ دێ ئا) و لەشانۆی سەردەمی ئەلیزابیسیەوە (شکسپیر) وەرگــیراوەو هـــەندیکیتر لەتیۆریـــەکانی لەگـــەڵ ئەندیشـــەی تیۆریســـتەکانی شـــانۆی نویــــدا، لەوانـە لەگـەڵ بیروبۆچونـەکانی – (Adolphe Appia) و (Edward Gordon Graig ) دا یەك دەگریتەوە.

شانۆكەی ئـارتۆ، نـاكۆكی نیـوان هـیزە سروشـتیو میتـا سروشــتیەكانی لـــەچوارچیوەی توندوتیــژیو تاوانبـاریی و خویــنو دیوانــەییو، یـاخود شـانۆیكی شیوە تاعونی، لەشانۆی سەردەمی ئەلیزابیسیەوە بـۆ ماوەتــەوە، هــەر لەبەرهەمـــە رۆمانســـیەكاندا ئـــەو شـتانەی پەسـەندی كـردون بریتـی بـوە لەحەسـرەتی لەكیس چوونی ئەو بەهەشـتەی كـەپاش نوقـم بـوون لەچیژەكانی ژیاندا، سەرچاوەكانی ژیـانی راسـتەقینە وەكـو كانیـەك كەدەسـتیكی ئـاژاوەگیر لیلــی كردبــیّ، قوراویی دەكات. هەروەها لەبەرئەوەی لەچوارچیوەی بزوتنــەوە هونەریـــەكانی - مــایرهۆلد (Meqevhold) و گریــك (Graig) و ئیستانسلافسـكیدا گرنگــی بـــەرۆلی دەرهینــەرو تــەوەریی بوونــی ئەكتــەر دراوە، ئـــارتۆ بـەچاوی ریـزەوە لـەو بزوتنەوانـەی روانیـوەو سـودی لیوەرگرتـوون. لەگـەل هـەموو ئەمانەشـدا، دەتوانــین ئامــاژە بـــەوە بكــەین كـــەئارتۆ لـــەژیر كاریگـــەریی تەوژمـەكانی (Futurisme ) و(dadaism) و سـیریالیزمدا دەستی بەكاركردوەو ئەمەش دەگەریتەوە بـۆ ئـەوەی كـە ئـەو تەوژمانـە سـەرجەم پیوانـــەكانی پیشـوویان رەتكـردەوەو تــەرحیكی تازەیـــان لەمـــەر دەربریـــن

هینایـه کایـەوە، شـانۆی دادائــیزمی کــەئالفریدژاریو گیـوم ئاپۆلینـەر رابەرایـەتی دەکـەن، پیگـەی مــەزنی دەق لەپرۆســـــەی نمایشــــدا رەت دەکاتــــەوە و لەوباوەڕەدایـە کـەلۆژیکی ساردو ســرو بیگیــانی دەق حەقیقەتـــەکانی ژیــــان لــــەقالبیکی وشــــکدا دەبەسـتیتەوە. ئـەو شـانۆیە گرنگـی بــەرۆلی خــەیاڵ دەداتو خـــەیاڵ بەبنیاتنـــەری دنیـــای دەرونـــیو بەشۆرشیکی دەزانیّ بەرامبـەر بـەبریارو یاسـاو دابو نەریتە سواوەکان. سەرجەم ئەمانە نزیکایەتی لەگەڵ تیۆرەکـانی ئـارتۆدا هەیــەو بگــرە هــەر خــودی ئــەو تیزانە لەشانۆکەی ئارتۆدا بەرچاو دەکەونەوە.

ئـارتۆ (بەپیچەوانـەی روســەکانی پــاش شـۆرشو بریختەوە) داوای شانۆیکی سیاسی ناکات، ئارتۆ داوای شــــانۆیەکی دابــــراو لەئامانجــــە کۆمەڵایــــەتیو شۆرشـگیرانەکان ناکـات، بــەلکو خوازیــاری شــانۆیکی ســیحر ئــامیزو میتافیزیکیـــە. بــە بــاوەری ئــارتۆ (هـەروەها گریـك) شـانۆ پیکهاتیکـە لەجولـەو سـەماو لەسـەردەمی رینسانسـدا روی لــەدارمان کــردوە، یــان بەمانایکیتر لەو سەردەمەدا شانۆ بۆتە مەیدانیك بۆ کـاری دەروننـاسـیو بۆتــە چــەمکیكو میکـانیزمیکی ئــەدەبی. ئــەو شــانۆیە دیــــلو ئەســـیری رەوتـــە

دەرونیـــەکانو هەلچونـــە دەرونیـــەکانو سیســـتمە ئاکاریەکانی کۆمەلگای رۆژئاواییە.

لەگـــەڵ ئەمەشـــدا، شـــانۆی رۆژهـــەلات، زیـــاتر پـــەیوەندی بەئەفســانە کۆنــەکانو بەمیتافیزیکــەوە هەیەو ئاویتەی عیرفانو سەرچاوە ئاینیــەکان دەبـێو رۆلـی ئـەم شـانۆیە پاکژکردنــەوەو دەرمــانو شــیفای رۆحەو سیحر ئامیزو کیمیاکارە. کاریگەریی هونــەری رەش پیســـتەکانی ئـــەفریقیا بەســـەر (مۆدیلیـــانیو بـراكو پیکاسـۆ)ەوە، هونـەری وینەکیشـانی لـەقالبی کـــاریکی هونـــەری بـــەدەرکردو لەشـــیوەی کـــاریکی سـیحریدا بەرجەسـتەی کـرد. ئـــارتۆش هـــەمان ئـــەو کاریگەریـــــەی دەخـــــوازیو دەیوویســـــت ســـــەمای رۆژهەلاتی کاریگەریی لەسـەر شـانۆ بـەجێ بـهیلیتو ئەوجۆرە شۆرشە بەرپا بکات. کەواتە شانۆ بـۆ ئـارتۆ مەبەســتو ئامــانج نیــە، بـــەلکو وەســـیلەیەکە بـــۆ لەقالبدانەوەی دوبارەی ژیانو بنیاتنانوەی زیندەگی، بەلام لەکۆتایشدا شانۆو ژیان بەهاوتای یەك دەزانێ.

تـا ئـیرە بـاس لەوکاریگەریانـە کـرا کـەبیروراکانی ئارتۆی ئاراستەکردوەو لیرەشـەوە بـاس لەکاریگـەریی ئارتۆ دەکەین بۆ سەر شانۆی پاش خۆی..

پیش ئـەوەی بـاس لەهـەر شـتیکی تـر بکـەین، پیویسـتە ئـەوە بزانـین کەسـەرباری ئـەوەی ئـارتۆ دەرهینـەرو ئەکتـەریکی سـەرکەوتوو نـەبوە لـەماوەی ژیانیدا، بەلأم پاش خۆی کاریگەریـەکی دریژخایـەنو قولـی لەسـەر شـانۆ بەجیهیشـتوە. سـەرباری ئەمانـە، ئـارتۆ تیۆریست نیـە، یـاخود داهینـەری سیسـتمیکی فەلسـەفی نیـە لەمـەر شـانۆ، بـەلکو شـاعیرەو خـاوەن دیدگای تایبەتیەو نووسـینەکانی لەسـەر شـانۆ زیـاتر وەکو هیلکاریەکی دیـاریکراو یـاخود وەکـو بەرنامـەو (مانیڤیست)یکی تایبەتیە لەمەر شانۆ و هاوکات پـرە لـەناکۆکیو رای پیچەوانـە، بـەلأم لەبەرئـەوەی بیروراکـانی ئـارتۆ لـەقالبی هیـچ سیسـتمیکی پیشووتردا، ناگونجین، کەواتە تیۆریەکانی بـۆ خۆیـان دەولەمەند و پرمانان، و هـەر لەبەرئەمـەش نـاکریت رۆلی ئارتۆ فەرامۆش بکەین. گرنگی دیدگاکانی ئارتۆ لـەوەدا خۆیـان دەبیننـەوە کەهـەر جـارەو لەسەردەمیکی جیاوازداو لەسـەر دەسـتی شـانۆکاریکی جـدی زینـدو دەکرینـەوەو پراکتیـك دەکریـن. گرۆتۆفسکی کەزۆر قەرزارباری ئارتۆیە دەلیت (ئارتۆ، شـاعیر)ی مـەزنی شـانۆیە، ئـارتۆ شـاعیری ئـەدەبی درامانیـە: (هیـچ شـیوازیکی بـەجێ نەهیشـتو هیـچ

هونـەریکی تـازەو راسـتو دروسـتی لیبـەجێ نـەما، ئـەوەی لـەئارتۆ بـەجیماوە هـەندیك دیدگـای قـوڵو هیما ئامیزو پر لەنهینیە).

لەگەڵ هـەموو ئەمانەشـدا، بـە بـەردەوامی بـاس لەکاریگـەریی - شـانۆ و هاوتاکـەی - کـراوە لەسـەر شـانۆی هاوچـەرخ و زۆرجـاریش بـەزمانی ئـارتۆوە ویسـتویانە بـۆ کـارە شـانۆییەکانی خۆیـان موبـەریر بهینەوە. ئەمەش لەبەر نزیکیو کاریگـەریی ئارتۆیـە لەسـەر گشـت رەوتـە هونەریـەکانی پـاش خـۆی. بـۆ نمونـە: شـانۆکەی سـامۆئیل بیکیـت، شـانۆی دارمـانو لیـك ترازانـە، بـەڵام شـانۆکەی ئـارتۆ دوبـارە لـەدایك بـوونو زیندوبونەوەیـە، هاوکـات ئـەو دوو شـانۆیە لـەخالیکدا یـەك دەگرنـەوەو دەتوانـین بلیـن زۆر لەیەکتریش نزیکن. لەلایەکی ترەوە هەندیك شانۆکار لـەچوارچیوەی کارەکانیـاندا بانگەشـەی ئـەوەیان کـردوە کەشـانۆی دەروونناسـی دەتوانـێ لەگـەڵ شـانۆ توندوتیژەکـەی ئـارتۆدا پـەیوەندی دروسـت بکـات، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەما نەدا، دواجار لەم سەردەمەی ئیمەدا، شانۆ دەتوانیت وینەی ئەو ئاگاییو هۆشیاریە بکـات کـەهاووڵاتیان لـەپاڵ مەترسـی کارەسـاتی

تەقینەوەی ئـەتۆمیدا، هەسـتی پیدەکـەنو دەتوانیـت لـەو سـەردەمە پـــر لەمەترسـیەدا، بینــەر روبــەروی هیزو چیژەکانی ژیان بکاتەوە.

لەراســتیدا زۆر قورســە گــەر کەســیك بیــەویت بـــەپیی تیۆریـــەکانی ئـــارتۆ کاربکــات. هـــەر لـــەم میانەیەشدا هەریـەك لـە (رۆژێ بلیـن – R.Blim و ژان لویـــی بـــارۆ – J.L. Bavvault و ئـــارتور ئـــادمۆڤ A.Adoamov) هەرســـیکیان زۆر بەباشـــی ئارتۆیــــان دەناسیو خۆشیان دەویستو هەرکەسیان بـەجۆریك سودی لەتیۆریەکانی ئارتۆ وەرگرتـوە، بـەلام هـەرگیز باسیان لەوە نەکردوە کـە سـودیان لـەئارتۆ وەرگرتـوە لـــەکارە شـــانۆیەکانیاندا، رەنگـــە هـــۆی ئەمـــەش بگەریتەوە بۆ ئەو حەقیقەتەی کەبـەهیچ شـیوەیەك نـاکریت سـەرجەم تیزەکـانی شـانۆی توندوتیـژی لەبەرهـــەمیکی شـــانۆیدا بەکاربـــهینریت، هـــەر لەبەرئەمـەش دەبیـت لەنمایشـیکدا سـود لەهـەندیك لـەو تیزانـە وەربگـیریت. لەگـەڵ هـەموو ئەمانەشـداو هەرچــەندە بەتــەواوەتی کــەلك وەرگرتــن لەگشــت تیزەکـانی ئـارتۆ لـەکاریکدا دەسـتەبەر نـابیت، بـــەلام شـانۆکەی ئـارتۆ بەشـیوەیەکی بـەربلاو کاریگـەریی لەســـەر شـــانۆی هاوچـــەرخ بەجیهیشـــتوە: شـــانۆی

توندوتیـژی کاریگـەریی لەسـەر شـانۆی (هـاپنینگ – happening، و شـــانۆی دەروونناســـیو شـــانۆی گرۆتۆفسکیو کاریگـەریی لسـەر پیـتر بـروكو لەسـەر Living Theatve و کاریگـەریی لەسـەر گشـت نووسـەرە نویگەرەکانی سـالی 1945 بـەدواوە بەجیهیشـتوەو ئـەم کاریگەریـەش زۆر روونو ئاشـکرا دیـارە. هـەر لەبەرئەوەشـە کەشـانۆی هاوچـەرخ جـەخت لەسـەر جەسـتەی ئەکتـەر دەکاتـەوەو لـەبواری دەرهینـاندا چیتر کۆتو بەندە دیاریکراوە بریار لەسەر دراوەکان تیـك دەشـکینرینو نمـایش تـا دیـت لەئـەدەب جیادەبیتەوە، بەلام ئەم کاریگەریانـە زۆر سـنوردارەو زۆربـەی شـانۆکارەکان ناگریتـەوەو زۆر کـەس تائیستاش بەپیی ریسا کۆنەکان کاری نمایش دەکەن. لیرەدا دەپەرژیینە سەر ئـەو خالـە هاوبەشـانەی کـە لەنیوان شانۆکەی ئارتۆو شانۆی ئەوروپای رۆژهـەلات دا هەیە.

شانۆ لای ئارتۆ بەتەنها پرۆسەیکی هونەریی نیە، بەلکو میکانیزمیکی راستەوخۆی کاریگەریە بۆ سـەر بینـەرانو بەخەبەرکردنـەوەی هـیزە بیئاگاکانیانـە.

-Happenin – بـەمانای شـانۆیکی سـەراپاگیر (Total)

هـەمان ئامـانجی هەیـەو دەخـوازێ کەســنوری نیـوان بینــەران‌و ژیــان هـــەلبگیریت تــا بینـــەر بتوانیــت لەنمایشەکەدا بەشداریی بکات‌و ئەوکاتەش دەکەویتـە ژیـر کاریگـەریی ئـەو هونـەرەوە. بــەڵام ئــەوەی لــەم جۆرە هۆنەرەدا بایەخی پیدەدریت کاری بەریکەوت‌و ئیرتیجاله کەئەمە دژی بیروراکـانی ئارتۆیـە. هاوکـات هـــاپینینگ، بزوتنـــەوەی شۆرشـــیکی سیاســـی‌و کۆمەڵایەتی‌یە دژی کۆمــەڵگای پیشەسـازی‌و سیسـتمی دەسـەڵاتی رۆژئـاواو دژی هەمـــەجۆرە سانسـۆرو دژی پشـکنینی بیروباروەکـــان‌و دژی دەســـەڵاتی پۆلیـــس مەداری‌و جەنگ‌و خوینرشتە، بەڵام ئارتۆ هــەر هیــچ نــەبیت، لەسـەرەتادا کەسـیکی سیاسـی نی‌یــە، بــەلکو خــۆی لەســـەرو سیاســـەتەوە دەبینیتـــەوەو لـــەو باوەرەدایـە کـــەپیش گۆرینـی جیـهان‌و ژیــان، دەبــێ مرۆڤایەتی بگۆردریت، یانی بەواتایکی‌تر ئـارتۆ داوای جۆشدانی شۆرشیك دەکات لەنیو دەرون‌و لەنیو تاکـە کەســداو هاوکــات خوازیــاری تیکشــکاندن‌و گۆرینـــی جەسـتەیەو لـەو باوەرەدایــە کــە جەسـتەی رزیــوی مرۆڤ پیویستی بەوەیـە جـاریکی‌تر لـەدایك بیتـەوە. لەراستیدا ئارتۆ خوازیاری ژیـانیکی راسـتەقینە بـوو، کـە لـەو بــاوەرەدا بــوو جەســتەی نــەخۆش‌و حــەزە

سیکســیەکانی ئــەو جەســتەیە ریگــری ســەرەکی دەستەبەربوونی ئەو ژیانەن. هەروەها پیی وابوو کە کۆمــەلگای پۆلیسـیو ئیمــانی ریژەیــیو فیرکاریــە رەسمیــەکانو دەروونناســی، مــروڤ لەگەیشــتن بەئامانجە مەزنــەکانی بــەدور دەگریـت. هــەر ئــەو ریگرانـەش بـوە هـۆی کوژرانــی ئــەو کەسـانەی کـە دەیانوویست لەمـەر گەیشتن بەئامانجە مەزنــەکانی ژیــان، ســەرجەم ریگرەکــان تیــك بشــکینو دوا پالەوانەکانی ئەو جۆرە کەسانەش بریتین لەڤانکۆخو لۆتەرئامون. بەلام ئارتۆ بۆ رزگاربوونی مـرۆڤ لـەو کـۆتو بەندانــەو لەمــەر گۆرانکــاریی جەســتەییو دەروونی، شانۆی توندوتیژیو سەما بەتاکە چارەسەر دەزانیو خودی ئـارتۆش بـۆ سـەرکەوتن بەسـەر ئـەو دوژمنانانـەی لەجەســتەیدا خۆیـان حەشـار دا بـوو، چـەند جـۆرە ویردیکی سـیحر ئـامیزی داهینـا بـوو کەهەر جارەو بەجۆریكو بەیارمەتی چەند ئاماژەو هیمـایکی ســەیرو ســەمەرە، دەیخوینــد هــاپینینگ جۆریکــی تریشــی هەیــە کــە ئیلــهامی لەشــانۆی دەروونناسی وەرگرتوەو رۆلی ریکەوتو ئیرتیجالو ئاویتــەبوونی بینــەرانو گەمــەی ئەکتــەرەکان لــەم

شـانۆیەدا شـتیکی سەرسـورهینەر نیـە. بـەلام شـانۆی دەروونناسی کەگرنگی  بەتوانسـتی شـانۆ دەدات لەمـەر وروژاندنی بەرامبەرەکەی، هەر لەبەرئەوە  چـاودیری تاك دەكات بۆ  تەبا بوون لەگەڵ دەوروبەرو جیهانداو لـەو باوەرەدایـــە کـــە دەرمـــانو چارەســـەری دەردو مەینـەتی مـرۆڤ ئـەو تـــەبایی‌و سازشـــەیە، ئەمـــەش لەکاتیکدایە کەئارتۆ داوای ئـاژاوە نانـەوەو خوازیـاری یاغی بوون‌و  شۆرشـیکی بنەرەتیـە. هـەندێ کەسـی‌تر ویســـتویانە لـــەنیوان شـــانۆکەی ئـــالفرید ژاری‌و دیدگاکانی ژاکوب لویی مۆرنۆدا. Jacob Levy Moveno- (1893-1974  دامەزرینەری شانۆی دەروونناسی)  کـە لـەو باوەرەدایــە شانۆچارەســـەر کـــەرو فەلســـەفی بیـــت، لیکچوون‌و نزیکیەك بدۆزنەوە، مۆرنۆ بۆ ماوەی  سـێ ســـاڵ بەریوەبـــەری شـــانۆی ڤیـــەننا بـــوەو دەلیـــت، بەدووجۆر خۆمم دەرمان‌و چارەسەر کردو،  ئـەو دوو جـۆرەش نوانـــدن‌و دەرمـــان‌و چارەســـەری بینەرانـــە. بیگومان لیکچونیك هەیە لەنیوان هاپینینگ‌و شانۆی دەروونناسـیدا؛ لـەو لیکچونانـەش دەتوانـین ئامـاژە بەهەلینجان‌و وروژادنی هیزی ئیرتیجالیەتی شاراوەی نیو نەستی تاك‌و کۆمەڵ بکەین. بەلام جیاوازیی ئەو دوانــە لەوەدایـە کـەمۆرنۆ، مەبەسـتی چارەســەرکردن

لـەباتی ئامـانجی هونـەریی دادەنـێ. ئـارتۆش بـــاوەری بەئەرکی چارەسەر سـازی هونـەر هـەبوو، بـەڵام ئـەو دەرمـــانو چارەســـەرەی ئـــارتۆ بنـــەرەتیترو قولـــترە لەدەرمانی شانۆی دەروونناسی.

شانۆی - Actors studio -ی ئیدوارد ئالبی(Edward Aldee )لەشـانۆی دەروونناسـی نزیکـە. و شـانۆیکە پـر لەتوندوتیژیو یـاخی بـوونو ئـالۆزیو قـەیران و پـر لەکیشمەکیشو ئاژاوەیەو نمایشیکە لەحالەتی ورینەو دل رەقـــی. بـــەڵام توندوتیژیـــی شـــانۆکەی ئـــالبی، ریژەییەو بەتەنها پالنـەری جەسـتەو گیانـە، هاوکات ئـەو توندوتیژییـەی کـەئارتۆ باسـی دەکـات، کـاریکی میتـــافیزیکیو وروژینـــەری رۆحـــەو نمونـــەی بەرجەسـتەی ئـەو توندوتیژیـەش لەشـانۆیی (مـــارا – ســـاد sade – Marat )ی نووســـینی: پیتـــەرڤایز (Peter weiss ) لەدەرهینانی پیتەربروك، کەمیراتگریکی تری ئارتۆیە، بەرونی دەبینریت. ئەکتەری پیتربروك دەیەویت لەریگەی جەستەوە (بەشیوەیەکی فـیزیکی) لەســەر بنــەرەتی شــیوازە رۆژهەڵاتیــەکان، توانـــای میتافیزیکی نمایش ئاشکرا بکات.

-Judith Malina – و - Juliam Beek – دامەزرینەرانی (Theliving Theatre) شانۆی زیندوو، شانۆی ژیان، پشت بەئارتۆو مایرهۆلدو پیسکاتۆر دەبەستن. ئەو شانۆیە لەسالی 1946 دامەزرا، بەلاّم دوانزە ساڵ پاش ئەمەو لەسالی 1978 دا کەبەدریژایی ئەو ماوەیە، شانۆی ژیان لەمەر شێوازە تایبەتیەکانی خۆیو پەیوەندی هیزەکانی ژیان، لیکۆلینەوەو کاری جدی ئەنجام دابوو تاپەیامی راستەقینەی شانۆ بگەرینیتەوە بۆیو شانۆ بکاتە هۆکاریك لەمەر گۆرینی مرۆڤ، ماری ریچارد(Mary Richards) وەرگیرانەکەی خۆی لەسەر -شانۆو هاوتاکەی – بۆ بنیاتنەرانی ئەو شانۆیە خویندەوەو کاریگەریەکی قولی لەسەر شانۆی ژیان بەجێ هیشتو ئەو شانۆیەی بەرەو راستگۆییو ئاراستەیکی مەبەستدارو دەولەمەندو روناکتر بەرێکرد. لەو کاریگەریانەی ئارتۆش لەسەر ئەو شانۆیە دەتوانین ئاماژە بەو گۆرانکاریانە بکەین کەلەچوارچیوەی شانۆی ژیاندا رویدا لەوانەش:

گرنگی دان بەئەکتەر و جەستەی ئەکتەرو بایەخدان بەهیزە رەمەکیەکانی مرۆڤو لەبەرچاونەگرتنی ئەقلّو وینەکردنی نمایش وەکو ئاهەنگیکی بەکۆمەلّو نەهیشتنی مەودای نیوان هۆلّو تەختەی

شانۆو پیشکەش کردنی نمایش لەهەر شوینیکدا بەبێ بەســتنەوەی بەشــوینیکی تایبەتیــەوە. هــەروەها لەشانۆی ژیان یاخود (لیڤینگ)دا بەئاشـکرا دەتوانـین چـەمکی (خـیرو شـەر) بناسـینەوە، کـە ئـەم دووانـە چەمکیکی گرنگی تیۆریـەکانی ئـارتۆ پیـك دەهینـین. ئـەو چەمکـە بـۆ خـۆی لـەژیر کاریگـەریی تەریقـەتی عیرفانی هەسیدیزم (Hassi disme)ی یەهود دایە. بەلام شـانۆی ژیـان، لـەرووی کۆمەلایەتیـەوە پیگەیـــەکی دیـاریکراوی هەیـەو لایـەنگری جۆریکـە لەسیاسـەت کەلەئـەنجامدا ئـەو شـانۆیە دەبیتـە نـاوبژیوانیکی فریشـتە ئاسـاو دەسـت دەکـات بەستایشـی ئاشـتیو هاوریـەتیو رەتکردنــەوەی توندوتیــژیو بانگەشـەی ئــازادی مــرۆڤو بــەرپاکردنی حکومــەتی خــیرو دادپــەروەریی دەکـات لەســەر روی زەمــین، دواجــار سەرجەم ئەمانە لەگەڵ بیروراکانی ئارتۆدا ناگونجیو هـەر لەویشـەوە جیـاوازیی ئارتۆمـان زیـاتر بــۆ روون دەبیتەوە.

ژیـری گرۆتۆفسـکی Jerzy Grotowsky(- 1993، 1999) کە لەسالی 1959 دا دەستی بەکاری شـانۆ کـرد، لەسـالی 1960 دا بەهۆی خویندنەوەی وتارەکانی ئارتۆوە بەئاگا

دیت، بەلام تا پیش سالی 1964 کتیبەکەی ئارتۆ (شانۆو هاوتاکەی)ی نەخویندبوەوە، بەلام گرۆتۆفسکی دەلیت: کارو تیۆریەکانی من نزیکە لەهەندیك لەبیروراکانی ئارتۆ. بە باوەری گرۆتۆفسکی (هەموو دەقیکی حەقیقی شانۆیی، ئارامی دەشیوینیو نەست لەژیر گوشار رزگار دەکاتو لەئەنجامدا جۆریك یاغی بوونی مەعنەویو دەرونی بەرپا دەکاتو ئەویاغی بوونەش کاتیك دەگاتە ئامانجی خۆی، کەرەفتاریکی پالەوانانە ببەخشیتە بینەران) هەر لیرەدا زۆر بەروونی دەتوانین ئاماژە بەکاریگەریی ئارتۆ بکەین بۆ سەر گرۆتۆفسکیو تیۆریەکانیو گومان لەوەدا نیە کە لیکچونیکی زۆر ئاشکرایان لەنیواندایە، لەوانەش: گرۆتۆفسکی لەوباوەرەدایە کەشانۆ کاریکی پیرۆزەو پاکژکەرەوەی مرۆڤایەتیە، گرۆتۆڤسکی گرنگی زۆر بەخۆراهینانی جەستەیی ئەکتەر دەداتو لەو باوەرەدایە کەبۆ دەستەبەرکردنی کاریکی رۆحی یاخود لەمەر گەیاندنی پەیامیك لەریگەی جەستەوە، راهینانی جەستە زۆر گرنگەو لەنواندنی گرۆتۆڤسکیدا ئەکتەر دەبێ بگاتە حالەتی بیهۆشیو نەشوە (گرۆتۆڤسکی سەفەری کردوە بۆ ئاسیای

ناوەراسـتو چـینو لـەجۆری نواندنـــی رۆژهــەڵاتی بەئاگایە) هەروەها بایەخ بەپاراستنی وردی زانستیو بیرکاریانـــــە دەدات لەبەرهەمـــــهێنانی نمایشــــداو لەوباوەڕەدایـە کـە هـەر کـاریکی نوانــدنو دەرهێنــان دەبــێ زانیاریــەکی وردی هونــەری لەپشــتەوە بیــت، بــەکارهێنانی دەق تەنــها وەکــو خــالی دەرچــوونو گۆرینـــی پـــەیوەندی هـــۆڵو تەختـــەی شـــانۆ و لەبــەرچاوگرتنی نمــایش وەکــو نـــەریتیکی پــیرۆزو روکردنـە ئەفسانە کۆنـەکانو زیندوکردنــەوەی ئــەو ئەفسانانەی کەرۆحیەتیەکی درامیان تیدایە. هاوکـات لەگــەڵ ئەمــەدا گرۆتۆڤسـکی نایــەویت ئەفسـانەکان لەبەر مەزنیان زیندو بکاتەوە، بـەلکو لـەو میانەیـەدا دەیـەویت بەتـەواوەتی بیـانروخینیتو گالتـەیان پــێ بکــات بۆئــەوەی لــەو ریگەیــەوە پــەردە لەســـەر تایبەتمەندیـەکانی بـوون ناسـیانو لەسـەر نــاوەرۆکی مرۆڤایەتیان هەلبمالیت. هەر لەبەر ئەمانە شانۆکەی گرۆتۆڤسـکی، پاکژکـەرەوەو فریادرەســەو شــانۆیکە تایبەتە بەنوخبەکانو شانۆیکی هەژارو روتو قوتـە، لەبەرئـەوەی بایــەخ بەرازاندنــەوەی تەختــەی شـانۆ نــادات و مۆســیقا (لــەدەرەوەی گەمــەی ئەکتـــەر)

بەهۆكاریکی زیادە دەزانێو تەنها ئەکتەر بنەرەتو تەووەرەی ئەم نمایشەیە، شانۆکەی گرۆتۆفسکی لەنیو زەینو زاتی بینەراندا کاردەکاتو دەبیتە هۆی بەشداریی کردنی بینەر لەپاك کردنەوەی دەرونی خۆی. لیرەدا دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کەبنەرەتە سەرەکیەکانی شانۆکەی گرۆتۆڤسکی لەگەڵ شانۆی توندوتیژیدا جیاوازیی هەیە، بۆ نمونە خۆراهینانی ریكوپیكو حساب بۆکراوی جەستەی ئەکتەر لەلای گرۆتۆڤسکی لەمەر ئامادەیی تەواو و پاكژی رەهای ئەکتەرەو بەباوەری گرۆتۆڤسکی شانۆ ئایینو نەریتو مەزهەبیکە ، بەڵام ئەم دەرونگەرایە لەتەك میتافیزیکەکەی ئارتۆدا تەبا نیە بەپیچەوانەی گرۆتۆڤسکی خۆی دەلیت: لەدەروانگەرایی شانۆکەیدا، رەنگدانەوەیەکی رونو ئاشکرا لەمەسیحیەتو خوداناسی بەرچاو دەکەویت.

هەروەها گرۆتۆفسکی لەو باوەرەدایە کەشانۆ هونەریکی جیاوازەو تایبەتە بەنوخبەو پیویست ناکات ژمارەیەکی زۆر ئامادەی بینینی بن، لەبەرئەوەی شانۆ بەتەنها لەتەك ژمارەیەکی دیاریکراوو کەمدا پەیوەندی راستەقینە دروست دەکاتو هەر لەم بارەیەوە دەلیت: سینەماو

تەلـەفیزیۆن تایبەتـە بەهـەموان، بـەڵام شـانۆ مولکـی ژمارەیـەکی کەمـە. جگـە لەمانـەش گرۆتۆفسـکی زۆر حـەزی لەدەقـە کلاسـیکیەکان کـردوە، تەنانـەت گـەر گۆرانکاریـــەکی لـــەو دەقانـــەدا کردبـــێ، بەرامبـــەر بەرۆحیـەتی دەقەکـە وەفـادار بـوە، خـۆی لەبابەتـە باوەکـانی ژیـانی ئاسـایی بـــەدورگرتوەو پشـــتی بەئەفسـانە کۆنـەکان بەسـتوە، هـەر ئەمانـەش بـۆ خۆیـان شـــانۆیکی ئەشـــرافیو دروســـت دەکـــەن، کەئەمەش خالی سەرەکی جیاوازیی شانۆکەی ئارتۆیە لەگـــەڵ ئـــەو شـــانۆیەدا. هـــەروەها لەشـــانۆکەی گرۆتۆڤسـکیدا، ئەکتـەر هۆکـاری سـەرەکیەو دەبـێ بـەپێی شـێوازی تایبـەتی پـەروەردە بکریـت. ئەکتـەر تـەوەرەو نـاوەرۆكو بنـەرەتی نمایشـە، کەواتـە دەبـێ سـەرجەم پێداویسـتییەکانی تـری تەختـەی شـانۆ دوربخەینـەوەو مۆسـیقاو رونـاکیش گرنگیـان نیـە، ئەمـەش پێچەوانـەی بیروراکـانی ئارتۆیـە کـە لـەو باوەرەدایە شانۆ دەبێ لەژێر ڕیبەرایەتی دەرهێنـەردا بنیـات بـنرێ. لەراسـتیدا تاکـە روخسـاری هاوبەشـی تیۆریـەکانی ئـەو دووانـە: گرنگـی ناسـینی خـودو زاڵ بوونی ئەکتەرە بەسەر جەستەو ئەندامەکانیدا. ئـەم

زاڵ بـوونو شـارەزاییەی ئەكتـەر بەسـەر جەسـتەیەدا لـەئاكامی شـێوازێكی تایبـەتی لـــەلای گرۆتۆڤسـكی دەســـتەبەر دەبێـــت كەئـــــەویش بـــــەكارهێنانی (Hatha yoga) و یۆگـای چینـــیو شـێكاریی دەرونیـە. هەرچـەندە ئـارتۆ ئـــەو شـێوازی راهێنانـــە پەسـەند ناكـات بـەڵام ئـەویش خوازیـاریی جەسـتەیەكی نوێـیو تەندروستە.

هەندێ لەرەخنەگرەكان لـەو بـاوەڕەدان كـەئۆژین یۆنسـكۆو سـامۆئیل بیكێـت بەنوێنـــەرانی شـانۆی توندوتیـژی دەژمـێردرێنو دەڵێـن: زمـانی یۆنسـكۆو بیكێت لەژێر كاریگەریی تیۆریـەكانی ئـارتۆدا لەمـەڕ زمـانی شـانۆ (كـە بـەباوەڕی ئـارتۆ دەبـێ ئـەو زمانـە، میكانیزمیكی فیزیكیو ئاشكراو روون بێتو بەتەنـها لەچـــەند وشــەیەكی ســاردو ســـڕپێك نـــەهاتبێو خوازیـاری دۆزینـەوەی ڕێگـەیەك بـوو لەمـەڕ بـــەمادی كردنـی زمـانو هەسـتەكان لەسـەر تەختـەی شـانۆ) پێك هاتووە.

رەنگـە بتوانـین سـەرتاپای شـانۆی هاوچـەرخی رۆژئـاوا لـەم رسـتەیەدا كـورت بكەینـەوە: شـــانۆی هاوچـەرخی رۆژئـاوا روبەروبونـــەوەو بەرهەڵسـتی بریختە لەگەڵ ئارتۆ كە زیاتر لەشەر دەچێـت. بـەڵام

لەو جەنگەدا ئارتۆ نەیتوانی تیۆریـەکانی بسەلمێنێو لەکۆتایی تیۆریەکانی ئارتۆدا بانگەشەی کۆتایی شانۆ دەکریـتو بـە چـەمکیکی میژوویـیو رۆشـنبیریو دوبارە ناوزەند دەکریت. لیرەدا ئاماژە بـەو شـانۆیانە دەکـەین کـە لەگـەڵ شـانۆکەی ئـارتۆدا جیـاوازنو بازاریا ن لەدەستەبەرکردنی بینەراندا گەرمە:

-شانۆی ناپاكو جیـهانی. بـەڵام ئـارتۆ رۆژهـەڵاتی بەتاکە سەرچاوەی نویبونەوەی هونەریو ئـەخلاقیو عیرفانی دەزانی.

ــ ئەو شانۆیەی کـە گرنگی بـەدیالۆگو ئاخـافتن دەدات، تەنانـەت گـەر دیـالۆگیك بـێ کـەخۆی تیـك بشکینێو خۆی رەت بکاتەوە، وەکو دیـالۆگ لەشـانۆی پۆچگەراو بەتایبەتی لەلای بیکت.

ـ شانۆی ئینتزاعی، ئـەو شـانۆیەی کەسـەراپاگیرو کـامڵ نیـەو ســود لەســەرجەم هۆکـارە هونەریـەکان (سەما، روناکی، ئامژاە، دیکۆرو..( وەرناگریت.

ـ شانۆی مەوداگیر (بریخت) کە ئەکتەرو بینـەران لەیەکتر جیادەکاتەوەو تەنـها مەبەسـتی ئـەم شـانۆیە نیشانەگرتنەوە نیە لەبینەر، بەتەنهاو سەرتاپای ئەم جـۆرە شـانۆیە گومانـە، گومـان لەئەکتـەر گومـان

لەپرســیارەکان گومــان لەحەقیقەتــەکانو دواجــار بنیاتنانـــەوەی حەقیقــەتیکی رەهایــە بـــەهاوکاری نمایش و بینەر.

ــ شـانۆی نـا سیاسی. ئـارتۆ دژی سیاسـەت نیــە، بەلکو دور بینترە لەسیاسەتمەداران. یان بەواتایەکیتر پـەیوەندی بەسیاسـەتبازیەوە نیـە، بـەلام گوزارشـتی ئــارتۆ لەسیاســەت وەکـو حالــەتی هــاودەردیکردنو هاودلی کردنی بەشدارانی ئاهەنگیکە.

- شـــــانۆی باوەردارانــــــەو فەرهـــــــەنگیو پروپاگـەندەییو شـیکاریی کـەخوازیاری راگـەیاندنی چەمكو پەیامیکی تایبەتیە: ئەم پەیامـەش زۆرجـار سیاسیو ئاینیو دەرونیەو هـەولٚ دەدات بینـەر قـایل بکات بەو پەیامەی کەخۆی بانگەشەی بۆ دەکات.

بــەم پییــەو بــەئاماژەکردن بــەوجۆرە شــانۆیانە دەتوانــین بلیـــین وەفــاداربوون لەبەرامبــەر ئــارتۆ کاریکی گرانو مەحالە. لەبەرئەوەی شانۆی هاوچەرخ جیاوازە لـەو شـانۆییەی ئـارتۆ دەیخـوازی، لەراسـتیدا، بۆمـــان دەردەکـــەویت کەئـــەوجۆرە شـــانۆ پـــاکژەی کـەئارتۆ دەیخــوازی نەلەســەردەمی خـۆیو نــە لــەم سەردەمەشدا دەست ناکەویت. ئارتۆ دەیخوازی لەیەك کـاتدا جیـهان بروخینیـتو بنیـاتی بنیتـەوە ئـــەو

دەیخـوازی ویرانکـردن بنیاتنــان بێئەمــەش بۆخـۆی کــاریکی گرانـــە. کەواتـــە بـــەکارهینانی ســـــەرجەم تیۆریـەکانی ئــارتۆ لەنمایشـکیدا پیکـەوە، مەحالـەو تەنها دەتوانین لەکاریکی هونـــەریدا، سـود لەهـەندیك لەتیۆریەکانی وەربگرین.

## سەرچاوەکان:

**1-An tonin Artaud, oeuvres completes IV et VII, 1964, 1967.**

**2-Antonin Artaud, les Tarahumaras, 1971.**

**3-Antonin Artaud, Nouveaux Ecrits Rodez, 1977.**

**4-odette Virmaux, le theatre et son double, Antonin Artaud. 1975 )1957)**

**5-Georges charbonnier, Antonin Artaud. 1970 )1959).**

**6-Alain Virmaux, Antonin Artaud. et le Theatre )1970).**

**7-Jean – louis Barrault, Antonin Artaud, 1971.**

**8-Flanete Antonin Artaud, No . 20 fevrier 1971.**

**9-Gerard darozoi, Artoud alienation et la folie 1972**

**10-obliques, Artaud, Numero 10.11.1976.**

## چەند خالیکی نویّ لەمەر ئانتۆنین ئارتۆ

ئانتۆنین ئارتۆ (Antonin Artaud) پیاوی بواری شانۆ، ئەکتەرو وینەکیش‌و شاعیر لەریکەوتی 4ی سیپتامبەری سالی 1896 لەدایك بوو، لە4ی مارسی سالی 1948 لەتەمەنی 52 سالیدا کۆچی دوایی کردو گەر نەمردبا لەریکەوتی 4ی سیپتامبەری سالی 1996دا تەمەنی دەگەیشتە سەد سالّ. هەر بەم بۆنەیەوە لەفەرەنسا لەو رۆژەدا ئاهەنگیکی تایبەتی بەریوەچوو، بەیادی ئارتۆوە گەلیك کۆبونەوە بە بەشداریی گەورە ئەدیب‌و هونەرمەندان ئەنجام دراو ژمارەیەك کتیب‌و نامیلکەش بلاّوکرایەوە.

ئارتۆ شاعیریکی خاوەن ئازارەو ئازارو مەینەتیەکانی وەکو مەینەتیی شاتو بریان‌و ئالفریدۆ ڤینیی نەبۆتە بیانویەك بۆ زمان بازی‌و خۆدەرخستن. دەردی دلی ئارتۆ هاواریکە لەقولاّیی قەیرانیك‌و لەلیواری دۆزەخی دەرونیکی پر ئازارەوە هەلدەقولیّ‌و ئازاریکە هاوتای (Horla)ی بەرهەمی‌چی دۆمۆپاسان‌و (Aurelie)ی ژیراردۆ نیروالّ‌و دەردیکە

وەكــو نووســينەوە ئيلــهام ئاميزەكــانى نيتچــە لــە (Sills Mavia) داو جەنگيكە لەدژى ديوزمەى ناخۆشىو ئازارەكــان بــەئوميدى ســەركەوتن بەســەريدا. ئــەم بەرهەلستيەى ئـارتۆ لەمــەر پاراســتنى تەندروســتى رۆحو گيــانى، بــوە ســەرچاوەيەى لاســـايىكردنەوەى هونەرمەندانى سەردەمەكەى. بەتايبەتى لەو دەمـەدا كەدەروونناســـى بانگەشـــەى ئـــەوەى دەكـــرد كەگەشەسەندنى هونەرمەند پــەيوەندى بـەو دەرونـە پــر ئازارەيــەوە هەيــەو پيويســتە هونەرمــەند بــە بەردەوامى لەمەر دروستكردنى دەرونيكى بىخـەوش و دور لەغــــەمو نيگــــەرانى دژى مەينەتيــــەكان بوەســـتيتەوە، ئــەم جەنگــەش دەبيتــە نـــاوەرۆكى داهينانەكانى هونەرمــەندو بەرهەمــەكانى. هـەر بـەم جـۆرە ئـــارتۆ كــە بــۆ ماوەيــەك پەيوەســت بــوو بەبزوتنــەوەى ســيرياليەكانەوەو هــاوريى - رينـــە ئالەندى (Rene Allendy)ى دەروونناسى بـەناوبانگ بـوو، ئەفسانەى پرۆمتەيكى بنياتنــا كەبەشـەلاقى بـەرقيك ئەشـــكەنجەى دەدەنو خـــودى خـــۆى بـــوە ئـــەو پرۆمتەيـــەى كەلـــەدوى ئـــاگر دەگـــەرىو وەكـــو مەشـــخەليكى ئـــاگرين تــا دوا تنــۆك ســوتاو بـــوە خۆلـەميشو جيـهانى رەق هــەلاتوى دەوروبــەرى تــا

چــەندیك گــەرم كــردەوەو رونــاك. ئــارتۆ وەكــو گونوســـیەكان لەســـەرجەم بوارەكــانی فەرهـــەنگو بــاوەرو ئاینــەكاندا خوازیــاری گەرانـــەوە بـــوو بــۆ بنــەرەتو ریشــەو هــەر لەبەرئەمــەش، بــەمرۆڤیكی عاسیو یــاخیو شۆرشــگیر نــاودەبرا. شــایانی ئامــاژە پیكردنەكە ئارتۆ بۆ دۆزینەوەی بنەرەتە بێخەوشو ریشە پاكژەكانی سەرجەم ئەو چەمكانە پشت بەشانۆ دەبەستێو لەو باوەرەدایە كەشانۆ سنوری نیوان ئـەو شـتەیە كەهەیـە لەگـەڵ ئـەو شـتەی كـەدەبێ هـەبێ. سـنوریكە لـەنیوان جیـهانی راســتەقینەو جیــهانی نــهینیو غــەیبیدا. كەواتــە بینـــەری ئـــەم دیمەنـــە پیرۆزانــە دەبــێ بــەهۆی بینینــی ئــەو نمایشــەوە نــوێ ببنــەوەو بــەئاگا بینــەوە، كەواتــە (بینــەر) بــەمانای (تەنــها كەســیكی بینــەر) نیــە، بــەلكو لەگەمەكــەدا بەشدارە. خودی ئارتۆ لەم شانۆیەدا وەكو كاهینیكی خـاوەن نـهینیو بنیاتنـەری نەریتـە پیرۆزەكــانو بــۆ دۆزینــەوەی رەگو ریشــەو بنەرەتــەكانی ئــەو نەریتــە پـــیرۆزە كـــە دەنگـــی زولاڵـــترە لـــەدەنگی مـــرۆڤو بەمەبەستی دۆزینەوەی خوداونبوەكــانو دۆزینــەوەی نیشانە لــەیاد كراوەكـان، بــەرەو مــەكزیك و ئیرلــەندا

سەفەر دەكاتو لەميانەی ئەو گەشتو گەرانەيدا، شەويك لەدۆبلينو لەسالی 1937دا سنوری ئاوينەكان تيدەپەرينیو چيتر ناگەريتەوە، بۆماوەی 9 سالی تەواو لەشيتخانەكاندا دەمينيتەوەو دەبيتە ديلو ئەسيری دەرونی ماندوی خۆیو دەبيتە زيندانيی زانستی دەرونناسە تەسك بيرەكان، بەلآم لەسالی 1946 داو بەهيمەتی ئارتور ئادامۆ، رزگاری دەبیٰ، بەلآم دوای ئەوە ئيدی پياويكی تيك شكاوو لاوازو غەمگينەو پاش ماوەيەك لە سالی 1947دا كەبريارە لەشانۆی(Colombiev Levieux) و بەئامادەبوونی ژمارەيەكی زۆر لەئەديبو هونەرمەندە بەناوبانگەكانی فەرەنسا دەقی وتاريك پيشكەش بكات، پاش خويندنەوەی چەند ديريك لەوتارەكەی كە پاش مەرگی بلآوكرايەوە، لەناكاو بيدەنگ دەبیٰو هەلدەستیٰو دەرواتو ئەو كۆبونەوەيە بەجیٰدەهيلیو كەميكی ترو كەميك لەولاتر كۆچی دوايی دەكات. ئارتۆ دەيزانی كەهيچی پیٰ نيە بۆ ووتن بەو رۆشنبيرانەی وەكو بونەوەريكی ئەفسانەيیو سەرسورهينەر تەماشای دەكەنو زۆر بەباشی دركی بەوە دەكرد كە هيچ پەيوەنديەك لەنيوان جيهانی ئەوو جيهانی رۆشنبيريی پاريسدا

نــەماوەو مەحالــە جــاریکیتریش ئــــەو پەیوەندیـــە دروست بیتەوە.

دەکریٚ ئارتۆ بەبرای (لوتیرئامون Laute amont )و (رمبـۆ)و (سـلین) بزانـین، لەبەرئــەوەی وەکــو ئــەوان گەلیك شتی نویٚ باس دەکاتو زمانیکی تـازەی هەیـە بـۆ پیشـکەش کردنـی ئامانجـەکانو پالـەوانیکی نوقـم بوە لــەدەریای قـولٚو ئـاگرینی جیـهاندا. دەریادلیکەو دەیـــەویٚ پیســـــتەی وشـــکی شارســــتانیەتی ئاکـــاریو هونەریی رۆژئاوا وەکو تویکلی هیلکە بشکینیٚو هیزە شـاراوەکانی لـەدیلی قوتـار بکـات، هـەر لەبەرئەمــەش ئالاهەلگری شۆرشیکی رەهاو یاخییکـە بەتـەواو مانـا، کەبەشمشـــیری بیروراکـــانی، بـــەها مەعنەویـــەکانی رۆژئاوای مەسیحی دەدرینیٚ، بـەلام ئـەم تەقینەوەیـە هینـدە بـەتواناو بـەهیزە کــەوەکو لافــاویك ئــارتۆش لەگـەلٚ خـۆی رادەمالـیٚ. بــەلام ئــەو شــتەی لــەئارتۆ بـەمیرات دەمینیتـەوە، شـــانۆی ژان لویـــی بارۆیــە تــا دەگاتە شانۆکەی گرۆتۆفسکی.

لـیرەدا قسـە لەسـەر ئـەو سـەرنجانە دەکـەم کــەتا ئیستا لەسەر ئارتۆ نەوتراوەو چەند خالیکی تازەیە:

لەپاریس دوو فیلمم لەسەر ئارتۆ بینی: یەکێك لەو فیلمانە، فیلمێکی داستانیە بەناونیشانی:

En comaqnie d'Antonin Artaud وئەوی تریشیان فیلمێکە بەناونیشانی: d/Artaud le Mono la vevitable Histoive هەردوو فیلمەکەش بەرهەمی (Gerard Mardillat)ە.

لەفیلمی یەکەمدا ئەکتەری بەناوبانگی فەرەنسی: سامی فرێ (Sami Frey) کەزۆر لەئارتۆ دەچێت، رۆلی ئارتۆ بەرجەستە دەکاتو نواندنی بۆ دروستکردنی کەسایەتی ئالۆزی ئارتۆ، جێگەی دەستخۆشییە. یەکێك لەکاریگەرترینو جوانترین دیمەنەکانی ئەو فیلمە، دیمەنیکە کەتیدا ئارتۆ زیاتر لەدەجارو هەر جارەو بەگورو تینێکی بەهێزترو بەتورەییو جنێودانەوە هەر جارەو بەکوتانی چەکوشێك بۆ سەر تاقی ئاگردانێکی دیواریی، ژنێکی ئەکتەر ناچار بەدوبارەکردنەوەی رستەیێك دەکات.

ئەو فیلمە چەند بیروڕایکی جیاوازو تارادەیەك دژ بەیەك لەمەر ئارتۆ پێشکەش دەکات کە (19) کەس لەکاتی گەڕانەوەی لەنەخۆشخانەدا بینیویانەو زۆربەشیان کەسانی بەناوبانگن لەوانەش؛ ئاندرێ بریتۆنو ئاندرێ ژیدو لویی ژوێو ژان لویی بارۆو

مـادلن رينـۆو شــارل دولــن‌و ژان كيــلارو.. هــەروەها لەفيلمەكـەدا چـەند هيلكاريــەك و چـەند وينەيــەك دەبيـــنريت كــــەئارتۆ دروســـتی كـــردون‌و چـــەند وينەيەكی خودی ئارتۆشی تيدايە.

فيلمنامـەی فيلمـی يەكــەم، لــەكتيبيك بەهــەمان ناوی:( En compagnie d'Amtonin Artaud ). وەرگـيراوە كە لەنوسينی شاعيريكە بەناوی Jacques prevel(- 1915-1951( ئەم شاعيرە يەكيك بوە لە لايەنگرەكانی ئارتۆو بۆ يەكەمجار كەتەمەنی 31 ساڵ دەبـێ، ئـارتۆ لـەپاش (9) ســال زيندانـــی بـــوون و لەســـاتی گەرانـــەوەی لەشـــيتخانەی (Rodez( دەبينــێو تــا دوا ســـالەكانی تەمــەنی ئـارتۆ (4 ی‌مارسـی 1948) يــارو غـــەمخۆرو تيماركەری ئارتۆ دەبێو هەميشە ئـارتۆ پيـی دەليـت: (جـەنابی پريڤيلـی، جـەنابتان زۆر شۆرشـگيرو يـاخی نين)! پريڤيلی كە لەسالی 1951دا و بـەهۆی نەخۆشـی سيلەوە كۆچی دوايی كرد، دوجار ديوانی شـيعرەكەی خـۆی بـۆ ئـارتۆ نـارد بـەلأم پزيشـكەكانی شـيتخانەی رۆدز، كتيبەكـەيان نەداوەتــە ئــارتۆ، ئــارتۆ بۆخـۆی دەليـت: پزيشـكەكان دەترسـان حـالم لـەوەی كەهەيــە خراپـــتر بيـــتو لەبەرئـــەوە ئـــەو كتيبـــــەيان

لیشـاردومەتەوە. ژاك پریڤیلـــی شــاعیر، ئــارەزووی ئـــەوەبوو كــــەكتیبێك لەســــەر ئــــارتۆ بنوســـیتو ئــارەزوەكی هاتــەدیو كتیبیكــی زۆر نایــابی لەســـەر ئارتۆنووسی بـەناوی (هاورییـەتی ئـانتۆنین ئـارتۆ(و لــەو كتیبــەدا دەیــان خــالی گرنــگ لەســـەر ئـــارتۆ تۆمـاركراوە كتیبیكـی زۆربـاشو رۆشـنگەرە لەسـەر ئارتۆ.

ئەم كتیبە سەرەتا لەســالی 1974و دواجـار لەسـالی 1994دا لەچاپ دراوەتەوە، لـەم كتیبـەدا وینـەی ئـارتۆ وینـەی پیــاویكی دیكتــاتۆرو دەســەلاتخوازەو لەگــەڵ هەموو ئەمانەشدا وەكو مەشخەلیكی گیـاندار، هیـدی هیدی تا دوا هەناسە دەسوتیتو دەبیتــە خۆلـەمیش. پریڤیلـی تاكـە شــایەتی دوایــەمین ســالەكانی ژیــانی ئارتۆیـە، هــەر لەبەرئەمــەش كتیبەكــەی شــایەتیكی راستگۆیە لەسەر ئارتۆ.

لەلایــەكی تــرەوە بلاوكردنــەوەو چاپكردنـــەوەی بەرهەمــەكانی ئـارتۆ وەكــو ژیــانی ئـارتۆ ئاســتەم و گرانە. پۆل تیڤنن (Paule Thevenin) ی هـاوریی ئـارتۆ، كتیبیكـــی لەســـەر ئـــارتۆ نووســـیوە لـــەژیر ئـــەم ناونیشانەدا: (Antonin Artaud'le desespeve seuil - 1993)و ژنیكیـش بـەناوی –( quivous pavle) لەســالی 1948ە وە

سەرجەم ژیانی لەپیناو چاك کردنی بەرهەمەکانی ئارتۆدا سەرف دەکاتو توانی (25) بەرگ لەبەرهەمەکانی ئارتۆ بلاوبکاتەوە بەلام دوا بەرگی بەرهەمەکانی پاش مەرگی لەسالی (1993)داو بەیارمەتی بلاوکراوەکانی گالیمارو لەسالی 1994دا بلاوکرایەوە. شایانی باسە بەرگی (26) ی بەرهەمەکانی ئارتۆ لەلایەن پۆل تیڤیننە وە بۆ چاپ ئامادە کراوە، بەلام هۆی دواکەوتنی ئەم کتیبە دەگەریتەوە بۆ ئەوەی کەمیراتگری ئارتۆ قایل نەدەبوو وتارەکەی ئارتۆ (وتارەکەی شانۆی lerieux) cdombir بلاوبکریتەوە. شایانی باسە کە دەستنوسەکانی ئارتۆ لەپاش مەرگی، چەند جاریك لەچاپ درانەوەو وەکو دەقە بەجیٚ ماوەکانی نوسەرە گەورەکان، ئاگری حەزی خوینەرانی گەرم تر کردو هەر لەبەر ئەمەش دەستنوسەکانی ئارتۆ بەنرخیکی گران دەفرۆشران، هەر لەو میانەیشدا، چەند دزیك کەیەکیك لەدەفتەرە دەستنوسەکانی ئارتۆیان دزی بوو، دەیانووسیت بەنرخی چل هەزار فرانك بیفرۆشن. هەر بەم بۆنەیەوە فیلیپ سۆلەر (Philippe Sollers) کەزۆر حەزی لەبەرهەمەکانی ئارتۆ دەکرد

لەسالی 1991 دا رۆمانیکی بەناونیشانی (Fete a Venise) بلاوکـردەوەو لـەناوەرۆکی رۆمانەکـەدا بـاس لــەوە دەکـات کەهونەرمـەند لەسـەردەمی ژیـانیدا، لەلایــەن بازرگانە چاوچنۆکەکانەوە هیرشیان دەکریتـە سـەرو مامەلەیان پیوە دەکریتو بۆ ئەمش ئارتۆی بەنمونــە هیناوەتەوە.

وەکو پیشتر باسمـان کـرد، ئـارتۆ لەسـالی 1939 داو پاش گەرانــەوەی لەئیرلـەندا، دەبریـت بـۆ شـیتخانەو رۆژگاریکی قورسو گران لـەوێ بەسـەردەباتو ئـارتۆ لەوبارەیـەوە دەلیـت: (گـەر لەشـتیخانە - زینـدان - دا نــەمردم لەبەرئەوەیــە کــەرۆحم ســەختەو حـــەوت رۆحـم هەیـە) هـەروەها دەلیــت (مــرۆڤ لەبەرئــەوە نامریت کە دەزانێ دەمرێ بەلکو لەبەرئەوە دەمریـت کەئـەندامانی لەشــی پییــان ســەلماندوە کــەدەمریتو نەمرنیە) لەم چـەند سالەی دواییـدا ژمارەیـەکی زۆر لەپزیشـــكو دەروونناســـەکان پیکـــەوە دەســـتیان بەلیکۆلینــەوە کــرد لەســەر بارودۆخیژیــانی ئــارتۆ لەشیـخانەدا، ئەوکاتەی پزیشکەکان بریاریان دا ئـارتۆ لەشــیتخانە بکــەویت لــەوباوەرەدا بــوون کەتووشـــی نەخۆشی - پارانۆیا - بوەو بارودۆخی ئالۆزەو وریـنـە دەکــات. ئەنجومـــەنی لیکۆلینــەوەی دەروونناســی، زۆر

بەقورسـی فـایلی تایبـەت بـەئارتۆیان لەشـیتخانەی رۆدز دۆزیـەوەو بـەوردی خویندیانـەوە پـاش ئـەوە گەیشـتنە ئـەو ئەنجامـەی کـەئارتۆ لـەو ماوەیـەی لەشیـخانەکەدا بـوە زۆر برسـیەتی بینیـوەو بـەهۆی سـەرماو پیسـی ژورەکانـەوە بـەدریژایی ئـەو ماوەیـە لاوازترو نەخۆشتر دەبیٚو لەپیٚدەکەویٚ، بەلاّم لەگـەلّ هـەموو ئەوانەشـدا بـەدریژایی سـەردەمی شـیتخانە دەنووسـیت بـەلاّم بەداخـەوە ئـەو دەستنووسـانەی نـەماونو فـەوتاون، لەبەرئـەوەی هـەموو رۆژیـك پەرسـتارەکان نووسـینەکانیان فـریٚ دەدا، لەهـەموو ئەمانـە سـەیرو سـەمەرەتر ئەوەیـە کەیـەکیك لەپزیشکەکانی ئـارتۆ لـەراپۆرتیکی پزیشـکیدا لەسـەر ئارتۆ دەنووسیت: بانگەشەی ئەوە دەکات کەشاعیرە!.

**زنجیرە کتێبی گیرفانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**

| ناوی کتێب | نوسینی | وەرگیرانی |
| --- | --- | --- |
| 1-ژن لە شیعرو ژیانی مندا | نزار قەبانی | جەمال غەمبار |
| 2-نیچە | پۆل ستراتیرن | ئازاد بەرزنجی |
| 3-سوری مانگانەی ژن | مارتن لۆدڤیك | ئەكرەم قەرەداغی |
| 4-دیكارت | پۆل ستراتیرن | رەئوف بیگەرد |
| 5-بیری ئاینی كۆن لە میزۆپۆتامیادا | د. تەقی دەباغ | یاسین عومەر |
| 6-ریبازەكانی رەخنەی ئەدەبی | دیاینی. دەچز. ئبرامز | عەتا قەرەداخی |
| 7-ئایین و كەسایەتی | ل. پالس | ئاوات ئەحمەد |
| 8-هەشت نامە | گۆنتەرگراس-كینزابۆرۆئۆ | شورش جوانرۆیی |
| 9-ئانارشیزم | د. مستەفا رەحیمی | ریباز مستەفا |
| 10-كۆمارە كوردییەكەی مەهاباد | ئارچی رۆزفلت | ئەكرەم قەرەداخی |
| 11-دەربارەی دیالیكتیكی رۆشنگەری | موراد فەرهاد پوور | بەختیار سەجادی |
| 12-پۆزش | ئەفلاتون | ئاوات ئەحمەد |
| 13-ئاوابوونی هزرە تۆباوییەكان لە رۆژئاوادا. | ئایزایا بەرلین | كامیل محەمەد |
| 14-هونەری نیگاركیشان.... | شمیدت دیجینەر | وەهبی رەسوڵ |
| 15-چامەی پەخشان | سۆزان بیرنار | سەلاح محەمەد |
| 16- ئایین، عەلمانییەت ، فیندەمینتالیزم | محەمەد ئەركۆن | شوان ئەحمەد |
| 17- سارتەر | پۆڵ ستراتیرن | ئازاد بەرزنجی |
| 18-چۆن دەبیت بەباشترین هاوریی خۆت | میلدرید نیومان بیرنارد بیركۆتس | شیرزاد حەسەن |
| 19-كوردو زمانی كوردی | تۆفیق وەهبی | عەزیز گەردی |